



لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا
گۆڕیننامە
وەربگرە

# ڕۆژنامە

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات


ژمارە 559 سێشەممە 8/ 12/ 2009 | نرخ 750 دینار | No.559 Tue 8/ 12/ 2009


# سەرانی کورد چارەنووسیان داینەوە دەست بەڵێنە زارەکییەکان

# ڕێژەی کورد لە ٢١٪-ەوە دەبێتە ١٧٪

# ٥٠ کورسی زیاد کراوە تەنیا ٦ی بۆ کوردە

# وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان: نوێنەرانی کورد لە بەغدا هەڵەیەکی مێژووییان تۆمارکرد


٢-٣



١٢


## بەغدا دەست بەسەر ٢٦٥ ملیار دیناری هەرێمدا دەگرێت


٣




## کەرکوکو هەرێم لە یاسای نوێ زەرەرمەندبوون


٨-٩




## ئەبو شەهاب: ئەگەر حیزب وازبهێنێت کەرکوکییەکان هیچ کێشەیەکیان نییە




# ـورسی هیچ پارێزگایەکی دیکە کەمنەکراوەتەوە

# ـێکی دیکەی لەسەر مافەکانی کورد کرد

کورسییەکانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان ڕازی نەبین، بەڵام لە دوا دەقیقەدا لیستی هاوپەیمانی بە (١٣٪) کەمتریش ڕازیبوون، بە بیانووی ئەوەی فشاری ئەمریکایان لەسەرەو پەیوەندییان باشە، بەڵام ئێمە ڕازی نەبووین، کە مافی ئەو میللەتەی لەسەرشانمانە تەنازولی لێبکەین، ئەگەر بمانزانیایە نیسابی یاسایی ئامادەبووانی پەرلەمانمان پێدەشکێت نەدەچووینە هۆڵی پەرلەمانەوە».

ئـەگـەر بـــەراوردی کورسییەکانی سێ پارێزگاکەی هەرێم بکەین لەگەڵ هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)، لە کۆی (٢٣٠) کورسی کە بۆ هەموو پارێزگاکان دانرابوو، (٣٥) کورسی بۆ سێ پارێزگاکەی هەرێم بوو، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی (٢٠١٠) لە کۆی (٣١٠) کورسی بۆ پارێزگاکانی عێراق، (٤١) کورسی بۆ سێ پارێزگاکەیە، جگە لە کورسییەکانی قەرەبوو و کورسی کەمینەکان.

## نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان

ڕۆژی شەممە وەفدێکی پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی د.کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمانو نوێنەرانی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان سەردانی بەغدایان کرد بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆکانی تایبەت بە یاسای هەڵبژاردنو پاڵپشتی لیستی هاوپەیمانییو چەند جارێک لەگەڵ نوێنەری ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان کۆبوونەوە.

د.کـەمـال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی یەکشەممە، پێش پەسەندکردنی یاساکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە بەغدا ڕایگەیاند: ئێمە یەک دەنگینو ناهێڵین زوڵم لە هەرێمی کوردستان بکرێت، ئەو قەبارەیەی هەمانە لە هەرێمی کوردستان پارێزگاری لێبکرێت، چونکە داتاکانی وەزارەتـی بازرگانی خراپەو هەڵەی زۆری تێدایەو هەوڵدراوە بە تەکنیکی هەڵبژاردن قەبارەی هەرێمی کوردستان کەمبکرێتەوەو ئێمە داوامانکردووە هەڵەکان چاکبکرێتەوە، نامانەوێت حەقی کوردستان کەمبکرێتەوە، بۆ هەر لایەکی دیکە بە تەوافوقی سیاسیی ڕازین، بە مەرجێک زوڵـم لە هەرێمی کوردستان نەکرێت، ئەگەر ئەمانە چاکنەکرێتەوە، هەرێمی کوردستانیش هیچ زوڵمێک قبووڵناکات فەرزبکرێتە سەری»، بەڵام بە پەسەندکردنی ئەو پرۆژەیاسایە هەرێمی کوردستان زوڵمێکی دیکەی لێکرایەوەو لە بەرامبەر زیادبوونی ناسروشتی پارێزگاکانی دیکە، ڕێژەی کورسییەکانی هەرێم کەمکرایەوە.

## زەمانەت بۆ کورد نییە

مەحمود حەمەئەمین، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق، نـارەزایـی خـۆی نیشاندا بەرامبەر پەسەندکردنی پرۆژەبڕیارەکەو لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «(٥٠) کورسی بۆ پەرلەمانی داهاتووی عێراق زیادیکردووە، لەو ڕێژەیەش هەرێم تەنیا (٦) کورسی بەرکەوتووە، بەڵام لیستی هاوپەیمانیی ڕازیبوو دەنگی لەسەر بدات، چونکە فشار هەبوو لەلایەن سەرۆکی ئەمریکاو جۆبایدنو سەفیری ئەمریکا لە عێراقو نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان، تا بەو (٤١) کورسییە ڕازی بێت، گوایە ئەمریکا لە حکومەتی داهاتوو کار بەو ئاراستەیە دەکات، مادەی (١٤٠) جێبەجێبکاتو کێشەکانی بەغداو هەولێر جێبەجێبکات، ئەمانە وەعدە، بەڵام شتێکی پرۆتۆکۆڵی نییە».

ئـەو پەرلەمانتارە، کە نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامییە لە فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانی ئاماژەی بەوەشکرد: «ئەمریکا پێش ڕێکەوتننامەی ئەمنی خۆی سیادەی تـەواوی بەسەر عێراقدا هەبوو، دەیتوانی ئەو خاڵانە جێبەجێبکات، بەڵام لە بەرژەوەندی خۆی عەرەبەکانو بەتایبەتی عەرەبی سوننەو تورکمانەکان، کە تورکیا لە پشتیانە ئەو فشارەی لە شیعەکانو عەرەبەکانی ناو عێراق نەکردووە، ئەگەرنا خۆی دەیتوانی پێشتر ئەو وەعدانە جێبەجێ بکات، ئەو زەختەی پێشتر لە کوردی کردووە، لەلایەنەکانی دیکەی بکردایە جێبەجێ دەبوو، ئێستا ڕێکەوتننامە هەیە، ئەمریکا ساڵی ئایندە بەنیازە هێزەکانی خۆی بکشێنێتەوە ئەو کاتە بەچی شێوەیەک، کە خۆی فشاری سیاسییو یاسایی نامێنێت، ئەو وەعدانە چۆن جێبەجێدەبێت؟، یان چونکە ئەو بەڵێنانە بەنووسراو و پرۆتۆکۆڵی نین.

## بۆ هاوپەیمانی ڕازی بوو؟

پەرلەمانتار سیروان زەهـاوی بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بۆیە ڕازیبووین، چونکە (٤٣) کورسی بەر سێ پارێزگاکەی هەرێم کەوتووەو چەند گرەنتییەکمان لە ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکانیش وەرگـرتـووە، ئەویش ئـەوەیـە، کە ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان لەم ڕۆژانەدا هەڵوێستی خۆیان ڕابگەیەنن لە ئاستی مـادەی (١٤٠)و پێدەچێت لە بەرژەوەندیی کورد بێتو کێشە هەڵپەسێردراوەکان چارەسەر بکرێت، ئەمریکا هـەوڵـدەدات لە مـاوەی چەند مانگی داهاتوو سەرژمێریی بکرێتو کارە سیادیو سیاسییەکان لەسەر بنەمای سەرژمێریی بۆ کوردستان دیاریی بکرێت، بۆیە لیستی هاوپەیمانیی ڕازی بوو لەسەر ئەوەی دەنگ بەو پرۆژەبڕیارە بدات تا یاسای هەڵبژاردن ڕەتنەکرێتەوە.

سیروان زەهـاوی وتیشی: «وەک لیستی هاوپەیمانی بە گرەنتییەکان ڕازیبووین، بەڵام وەک ڕای تایبەتی خۆم زۆرباوەڕو متمانەم بە بەڵێنی نەتەوەیەکگرتووەکان نییە، هەرچەندە ئەوانە نووسراونەتەوەو لەسەر ئاستی بەرزی وەک ئۆباماو بایدن ئەو گرەنتیانە بە سەرۆکی هەرێم دراوە، تا سەعات (١١,٣٠) شەوی یەکشەممەش UNو سەفارەتی ئەمریکی لە بارەگای هاوپەیمانی بوون، شتەکان نووسراوەو بڕیاریشە کۆشکی سپی بەیاننامەیەک دەربکات بۆ پشتگیری ئەو سێ گرەنتییە».

بە وتەی سیروان زەهـاوی: «تێبینی لیستی یەکگرتوو ئـەوانـەی دەنگیان پێنەدا لەسەر ئەوەبووە، کە کورسی پارێزگاکانی دیکەی عێراق وەک خۆی ماوەتەوە، کێشەکە لەوەدایە، ئەگەر یاساکە نەقز بکرایەتەوە ئێمە لەوانەیە لە سێ کورسییەکە کەمترمان دەست بکەوتایە، بەڵام بەرامبەرەکانمان زەرەری زیاتریان دەکرد».

## فشارەکانی ئۆباماو بایدن

شـەوی ڕابـــردوو لـە کـاتـی مشتومڕو دانووستانەکانی نێوان کوتلەکاندا، باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمریکاو جۆ بایدنی جێگری بە تەلەفۆن پەیوەندییان بە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە کردو داوایان لێکرد، کە ڕازی بن لەسەر ئەوەی دەنگ بە پرۆژەیاساکە بدرێتو عێراق لەو قەیرانە ڕزگار بکرێت، کە بەهۆی دواکەوتنی یاسای هەڵبژاردنەکانەوە تێیکەوتووەو هەر بەوهۆیەشەوە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران دواکـەوتـووەو لە بەرامبەردا بارزانی بەڵێنی پێدان هەموو هەوڵێکی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی بگەنە ڕێکەوتنو لە کۆتاییشدا لیستی هاوپەیمانیی ڕازی بـوو بـەوەی دەنـگ لەسەر بڕیارەکە بـداتو دواتریش فریاد ڕەوانـدوزی وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیشدا لە بەغدا ڕایگەیاند: لەسەر ئەو گرەنتیانەو بۆ زامنکردنی مافی کورد لە عێراقدا حکومەتی ئەمریکا بەیاننامەیەک دەردەکات.

## حکومەتی هەرێم
## بە دەستکەوتی دەزانێت

حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنی بە دەستکەوتێکی گرنگ وەسـفـکـردو ئـەو (٤٣) کورسییەی، کـە بۆ پارێزگاکانی هەرێم تەرخانکراوە بە ئەنجامی «یەکڕیزیی» گەلی کوردو لایەنە سیاسییەکان لێکدایەوە

د.کاوە مەحمود وتەبێژی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوای کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیـران، دوێنێ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە هەولێر سازیکردبوو ڕایگەیاند: حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان بە دەستکەوتێکی گرنگ دەزانێت بۆ کوردو ئەگەر کورد بتوانێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بە یەکڕیزیی بەشداریی بکات، ئەوا دەتوانێت (٦٠-٦٥) کورسی بەدەستبهێنێت».

ئەمە لەکاتێکدایە دوێنێ وەک جارەکانی پێشوو هەردوای پەسەندکردنی یاساکە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق پیرۆزبایی لە خەڵکی عێراق کرد بۆ ئەو دەستکەوتەو هاوکات تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمار «کە بەشێک لە داواکارییەکانی لە بڕیارەکەی پەرلەماندا جێبەجێکراوە» پەسەندکردنی یاساکەی بە سەرکەوتنێکی مێژوویی وەسفکردو وایدانا، کە ماف بۆ خاوەن مافەکان گەڕاوەتەوە، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو کورسییانەی کە بۆ پارێزگاکانی عێراق گەڕایەوە، کە لە هەمواری دووەمـی یاساکەدا لێیان کەمکرابوویەوەو بەهۆیەوە هاشمی هەڕەشەی ڤیتۆکردنەوەی یاساکەی کردبوو.

بەپێی یاساکە ژمـارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوو (٣٢٥) کورسی دەبێتو ژمـارەی کورسییەکانی پارێزگەکانی هەرێمی کوردستان بەمشێوەیە دەبێت، سلێمانی (١٧) کورسیو هەولێر (١٤) کورسیو دهۆک (١٠) کورسی، بەڵێنیش دراوە دواتر لە چوارچێوەی کورسی قەرەبوو دوو کورسی دیکە بۆ کورد زیادبکرێت.

ژمـارەی کورسی پارێزگەکانی دیکەی عێراقیش بەمشێوەیە دەبێت: (کەرکوک ١٢، بەغدا ٥٨، نەینەوا ٣١، بەسرە ٢٤، زیقار ١٨، بابل ١٦، ئەنبار ١٤، دیالە ١٣، سەلاحەدین ١٢، نەجەف ١٢، واست ١١، قادسیە ١١، میسان ١٠، کەربەلا ١٠، موسەننا ٧ کورسی).

# ـح بودجەی نەناردووەتە پەرلەمان

پەرلەمان.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە لە لیستی گۆڕان داوامانکردووە لە کاتی خۆیدا بودجە بێتە پەرلەمانو گفتوگۆی لەسەر بکرێت، هەروەها لە لیژنەی داراییو ئابووریی باسی ئەوەمان کـردووە جارێکی دیکە بە نووسراو داوا لە حکومەت بکەین بۆ ناردنی بودجە بۆ پەرلەمان».

وتیشی: «ئێمە لە فراکسیۆنی گـۆڕان بە پێویستی دەزانین لەئێستادا سەرۆکی حکومەت بێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی هۆکاری دواکەوتنی ناردنی بودجە ڕوونبکاتەوە».

د.ئاراس حسەین، سەرۆکی لیژنەی داراییو کاروباری ئابووریی لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە لە لیژنەکەمان داوامانکردووە حکومەت ئاگادار بکرێتەوە بە زووترین کات بودجەی ساڵی داهاتوو بنێرێتە پەرلەمان، بەڵام ئەگەر فشار لەسەر حکومەت دروستنەکەین باشترەو لە بەرژەوەندیی خۆیدایە، چونکە خۆی کارەکانی بەڕێوەناچێت، لەئێستادا بۆچوونێک هەیە، کە باس لەوە دەکات، لە ئێستادا حکومەت لەسەروبەندی ئامادەکردنی بودجەدایەو لە دوای (١٥)ی ئەم مانگەوە دەینێرێتە پەرلەمان.

بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی عێراق بریتییە لە (٨٣ ترلیۆنو ٤١٧ ملیارو ٥٦١ ملیۆنو ٦٤٤ هەزار دینار) ، بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٠) دەکاتە (١٠ تریلیۆنو ٢٣٣ ملیارو ٧٢٢ ملیۆنو ٥٩٣ هەزار دینار).

# کەرکوکو هەرێمی کوردستان زەرەرمەندبوون لە یاسای نوێی هەڵبژاردن!



جەلال جەوهەر

گـەر بـەراوردێـک بکەین لەنێوان یـاسـای هـەڵـبـژاردنـی ٢٠٠٥، لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/١٢/٦، بۆمان دەردەکـەوێـت کە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆکو کەرکوک مافی خۆیان پێنەدراوە بەپێی زیادەی ساڵانە (٢,٨٪)، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بفەرموون لەگەڵ ئەم بەراوردە.

**سلێمانی:**

١- لە کۆی (٢٧٥) کورسی لە پەرلەمانی عێراق، بەپێی یاسای پێشوو، (یاسای ساڵی ٢٠٠٥)، پارێزگای سلێمانی تەنیا (١٥) کورسی بەردەکەوت، کە ڕێژەکەی لە ئاست عێراق دەبوو بە (٥,٤٥٪).

٢- لە کۆی (٣٢٥) کورسی لە پەرلەمانی عێراق، بەپێی دوایین یاسا، کە لە (٢٠٠٩/١٢/٦)دا بڕیاری بۆ درا، پارێزگای سلێمانی تەنیا (١٧) کورسی بەردەکەوێت، کە ڕێژەکەی لە ئاستی عێراق دەبێت بە (٥,٢٣٪) کورسی.

(٥,٤٥-٥,٢٣) = (٠,٢٢٪) ڕێژەی کورسی لە ئاستی عێراق کەمبووەتەوە لە پارێزگای سلێمانی.

**هەولێر:**

١- لە کۆی (٢٧٥) کورسی لە پەرلەمانی عێراق، بەپێی یاسای پێشوو، پارێزگای هەولێر تەنیا (١٣) کورسی بەردەکەوت، کە ڕێژەکەی لە ئاست عێراق دەبوو بە (٤,٧٢٪).

٢- لە کۆی (٣٢٥) کورسی لە پەرلەمانی عێراق، بەپێی دوایین یاسا، کە لە (٢٠٠٩/١٢/٦)دا بڕیاری بۆ درا، پارێزگای هەولێر تەنیا (١٤) کورسی بەردەکەوێت، کە ڕێژەکەی لە ئاستی عێراق دەبێت بە (٤,٣٠٪) کورسی.

(٤,٧٢-٤,٣٠) = (٠,٤٢٪) ڕێژەی کورسی لە ئاستی عێراق کەمبووەتەوە لە پارێزگای هەولێر

**دهۆک:**

١- لە کۆی (٢٧٥) کورسی لە پەرلەمانی عێراق، بەپێی یاسای پێشوو، پارێزگای دهۆک تەنیا (٧) حەوت کورسی بەردەکەوت، کە ڕێژەکەی دەبوو بە (٢,٢٤٪) کورسی.

٢- لە کۆی (٣٢٥) کورسی لە پەرلەمانی عێراق، بەپێی دوایین یاسا، کە لە (٢٠٠٩/١٢/٦)دا پەسەند کرا، پارێزگای دهۆک تەنیا (١٠) کورسی بەردەکەوێت، کە ڕێژەکەی لە ئاستی عێراق دەبێت بە (٣,٠٧٪) کورسی.

٣,٠٧٪-٢,٢٤٪=٠,٨٣٪

(٣,٢٧٪- ٣,٠٧٪) = (٠,٢٪) ڕێژەی کورسی لە ئاستی عێراق زیادیکردووە لە پارێزگای دهۆک. لەماوەی چوار ساڵ، کە دەبوو بەپێی زیادبوونی ڕێژەی ساڵانە (٢,٨٪) زیادیبکردایە.

**کەرکوک:**

١- لە کۆی (٢٧٥) کورسی لە پەرلەمانی عێراق، بەپێی یاسای پێشوو، پارێزگای کەرکوک تەنیا (٩) کورسی بەردەکەوت، کە ڕێژەکەی دەبوو بە (٣,٢٧٪) کورسی لە ئاستی عێراق.

٢- لە کۆی (٣٢٥) کورسی لە پەرلەمانی عێراق، بەپێی دوایین یاسا، کە لە (٢٠٠٩/١٢/٦)دا پەسەند کرا، پارێزگای کەرکوک تەنیا (١٢) کورسی بەردەکەوێت، کە ڕێژەکەی لە ئاستی عێراق دەبێت بە (٣,٦٩٪) کورسی.

٣,٦٩٪-٣,٢٧٪ = ٠,٤٢٪ ڕێژەی کورسی لە ئاستی عێراق زیادبووە لە پارێزگای کەرکوک، لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، کە دەبوو بەپێی زیادەی ڕێژەی ساڵانە، کە (٢,٨٪) زۆر زیاتر بوایە.

سەبارەت بە ڕێژەی کورسییەکانی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) لە ئاستی عێراق بەمجۆرەی خوارەوەیە:

١- بەپێی یاسای پێشوو، کە ژمارەی کورسییەکانی عێراق (٢٧٥)کورسی بوو، کۆی کورسییەکان: (١٥+١٣+٧=٣٥) کورسی واتە (١٢,٧٢٪) ڕێژەی کورسی هەر سێ پارێزگاکە لە عێراق.

٢- بەپێی ئەو یاسایەی، کە لە (٢٠٠٩/١٢/٦)دا پەسەند کرا، کە ژمارەی کورسییەکانی عێراق بوو بە (٣٢٥) کورسیو کۆی کورسییەکانی هەرێم بەمشێوەیە بوو: (١٧+١٤+١٠= ٤١) کورسی واتە (١٢,٦١٪) کورسی ڕێژەی کورسی هەرسێ پارێزگاکە لە عێراق.

١٢,٧٢٪-١٢,٦١٪ = ٠,١١٪ ڕێژەی ئەو کورسییانەیە کە لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) زیادبووە لەماوەی چوار ساڵ، کە دەبوو بەپێی ڕێژەی زیادی ساڵانەکە (٢,٨٪) زۆر زیاتر بوایە.

ئەوەی بۆمان ڕووندەبێتەوە لەو حیسابەی سەرەوەدا ئەوەیە کە:

١- پارێزگای کەرکوک زەرەرمەندترین پارێزگایە، کە دەبوو ڕێژەی کورسیەکانی زۆر زیاتر بوایە، چونکە کەرکوک لەبەردەم پرۆسەی گەڕانەوەی ئاوارەکاندا بووە.

٢- پارێزگای هەولێر لە ئاستی هەرێم زەرەرمەندترین پارێزگایە، کە (٠,٤٢٪)ی کورسییەکانی لەدەستداوە.

٣- پارێزگای سلێمانی (٠,٢٢٪)ی کورسییەکانی لەدەستداوە.

ئەوەی جێگەی پرسیارە سەرۆکایەتی هەرێم، کە ڕێژەی کورسییەکانی هەرێم لە ئاستی عێراق (١٢,٧٢٪) پەسەندی نەبوو لە دژی وەستایەوە.

سەیرە سەرۆکایەتی هەرێم بێدەنگە، ڕەنگە پەسەندیشی بێت، کە ڕێژەکە کەمبووەتەوە بۆ (١٢,٦١٪) کورسی لە ئاستی عێراق!

# سەرانی کورد چارەنووسیان داینەوە دەست بەڵێنە زارەکییەکان

بەرهەم خالید

یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردنی عێراق ڕێژەی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەران دادەبەزێنێت، لە بەرامبەردا ڕێژەی هەریەکە لە شیعەو سوننە بە ڕێژەی بەرچاو بەرزدەکاتەوەو سەرکردایەتی کوردیش لە بەغدا لە بەرامبەر بەڵێنە زارەکییەکانی ئەمریکاو لەپێناو بەدەستهێنانەوەی پۆستە سیادییەکاندا یاساکەیان پەسەندکرد، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕانیش ڕازیبوونی سەرکردایەتی کورد بە «هەڵەیەکی مێژوویی» لە قەڵەمدەدات، چونکە پێگەی کورد لاوازدەبێت، سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش دەڵێت: «هاوپەیمانی کوردستان بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیان خستە سەرووی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان».

محەمەد تۆفیق ڕەحیم، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەوان دوای ڤیتۆکەی هاشمی ئومێدێکیان بۆ دروستبووە کە سەرکردایەتی کورد لە بەغدا ئەو هەلە بقۆزنەوە، بۆ ئەوەی ڕێژەی کورسییەکانی کورد کەمنەبێتەوە، بەڵام هیچ هەوڵێک نەدراو کورسییەکانی هەرێمو کورد کەمیکرد، بەو پێیەی پێشتر پشکی سێ پارێزگاکەی هەرێم ڕێژەی ١٦،٧٪ی پەرلەمانی عێراقی پێکدەهێنا، بەڵام ئێستا دەبێتە ١٢،٦٪. بەوەش زیان بە کورد دەگات، چونکە هەتا ئێستا لە عێراقدا حوکمرانی بەشێوەی تەوافوق بووە، بەڵام لە پەرلەمانی داهاتوودا دەبێتە زۆرینەو کەمینە، لەبەرئەوەی کوردیش کورسی کەمە، ناتوانێت بەرگریی لە مافو داواکارییەکانی خۆی بکات.

بەپێی ئەو دابەشکارییەی، کە لە یاسا نوێیەکەدا بۆ پارێزگاکان کراوە، هەرێمی کوردستان لە کۆی (٥٠) کورسی زیادکراو تەنیا (٦) کورسی بەردەکەوێت، بەوپێیەش زەحمەتە بتوانێت (٥٨) کورسییەکەی ئێستای کورد بەدەستبهێنێتەوە، بەوەش ڕێژەی کورد (٢١،٩٪) بۆ (١٧٪) و ڕێژەی هەرێم ١٦،٦٪ بۆ ١٢،٧٪ دادەبەزێت، چونکە پێشتر لە کۆی (٢٧٥) کورسی، کورد (٥٨) کورسی هەبوو، بەڵام ئەمجارە لە باشترین حاڵەتدا دەگاتەوە ئەو ژمارەیە لەکۆی (٣٢٥) کورسی، بەوەش مافی کورد لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا دەخورێت.

د.شاهۆ سەعید، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستانو ئەندامی وەفدی پەرلەمانی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان لە بەغدا ڕایگەیاند: «دوایین دانوستان و گفتوگۆی تایبەت بە یاسای هەڵبژاردنەکان لەنێوان لیستی هاوپەیمانیی کوردستان و لیستەکانی دیکەی پەرلەمانی عێراقدا جۆرێک لە ناشەفافییەتی پێوە دیاربوو، ئێمە زۆر نیگەرانینو پێمانوایە لە یاساکەدا ستەم لە گەلی کورد کراوە».

د.شاهۆ ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە نیگەرانن لەوەی کە هەڵوێستی وەفدی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن لیستی هاوپەیمانیی کوردستانەوە لەبەرچاو نەگیرا، چونکە لە کاتێکدا ئەوان سەرقاڵی گفتوگۆکردن بوون بۆئەوەی ڕێگەچارەیەک بدۆزنەوە کە کورد تیایدا زەرەرمەند نەبێت، «بەڵام لەو ساتەوەختەدا بێئەوەی ئاگاداربین وتەبێژی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان ڕایگەیاند، کە ڕێککەوتن لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان کراوە، ئەم لێدوانە تووشی سەرسامیی کردین».

بەپێی سەرچاوە ئاگادارەکان، لەژێر فشاری ئەمریکادا تاڵەبانیو بارزانی بە بەڵێنی زارەکیی ڕازیبوون، بە تایبەت لە پێدانەوەی پۆستی سەرۆک کۆماردا بە تاڵەبانی، هەروەک چۆن پێش چوار ساڵو لەکاتی گفتوگۆکردنی یاسای هەڵبژاردندا چەند بەڵێنێکیان بە کورد داو جگە لە ئیمتیازە حیزبییو شەخسییەکان هیچیان جێبەجێنەکران، بەتایبەت کێشەی شاری کەرکوکو مادەی (١٤٠).

وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان هۆکاری قایلبوونی سەرکردایەتی کوردی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە لایەنی ئەمریکاو یۆنامی فشاریان خستووەتە سەر لایەنە عێراقییەکان، بەڵام تەنیا کورد ڕازیبووەو شیعەو سوننە سووربوون لەسەر داواکارییەکانیان، بە بڕوای ئەو، نەدەبوو نوێنەرایەتی کورد بەو بەڵێنانە ڕازیبێت، چونکە پێشتریش لە چوار ساڵی ڕابردوودا چەندان بەڵێن بە کورد دراوەو تا ئێستا هیچیان جێبەجێنەکراون، بە تایبەت مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکان، وتیشی: «ئەمجارە هەڵەیەکی مێژوویی گەورەبوو کە فراکسیۆنی هاوپەیمانیی چووە ژێر ئەو فشارو بەڵێنانەوە، لە کاتێکدا شیعەو سوننە گوێیان بەو فشارانە نەدا، بۆیە دەبوو ئێمە دەرس لە ئەزموونی ڕابردوو وەربگرینو بە شوێن بەرژەوەندیی خۆمانەوەبین، نەک وەعدو بەڵێنی ئەو لایەنانە».

بەپێی یاسا نوێیەکەی هەڵبژاردن، کە درەنگانێکی شەوی یەکشەممەی ڕابردوو پەسەند کرا، زۆربەی داواکانی شیعەو سوننە جێبەجێکراوەتەوەو ژمارەی کورسییەکانیان زیادیکردووە، بەڵام زیادبوونی کورسییەکانی هەرێم سنووردارە، چونکە ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی داهاتوو دەبێتە (٣٢٥) کورسی، لەنێویاندا (٣١٥) بۆ پارێزگاکانو (١٥)شیان کورسی قەرەبووکردنەوەن، لەم ژمارەیەشدا (٨)یان بۆ کەمینەکانە.

بەپێی دابەشکردنەکەش کورسییەکانی پارێزگاکان، هەرێمی کوردستان زەرەرمەندی یەکەمەو بە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (٤١) کورسی لە کۆی (٣٢٥) کورسی بەردەکەوێت.

هەرچەندە پێشتر سەرۆکی هەرێم هەڕەشەی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی کردبوو، ئەگەر چاو بە ژمارەی کورسییەکانی کورددا نەخشێنرێتەوەو تاڵەبانیش هەر زوو پیرۆزبایی پەسەندکردنی یاساکەی کرد.

دوێنێش ئەیاد سامەڕایی لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری بەغدا وتی: «فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیان خستە سەرووی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان».

# جگە لە پارێزگاکانی هەرێم، ک

# لیستی هاوپەیمانیی سازش

بەهادین یوسف

لیستی هاوپەیمانی کوردستان ڕازی بوو سازش بکاتو دەنگبدات لەسەر پڕۆژەی بڕیارێک بدات بەرامبەر سێ بەڵێنی زارەکی ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان، کە ڕێژەی کورسییەکانی کورد لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا کەمدەکاتەوەو زیانی پێنج کورسی لە کورد دەدات، لە بەرامبەردا ڕێژەی کورسییەکانی پارێزگاکانی دیکەی عێراق زیادیکردووە.

نیوەشەوی یەکشەممە دوای مشتومڕێکی زۆرو لەدانیشتنێکی نائاساییداو بەزۆرینەی دەنگی (١٥٤) پەرلەمانتاری ئامادەبوو، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پڕۆژەی بڕیارێکی تەفسیری بۆ هەمواری دووەمی یاسای هەڵبژاردنەکان پەسەندکرد، بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێژەی کورسی پارێزگاکانی عێراق، لەبەرامبەر ئەوەی تارق هاشمی جێگری سەرۆککۆمار هەمواری یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥)و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڤیتۆ نەکاتەوەو بەهۆیەوە کورد ڕێژەیەک لە کورسییەکان لەدەستدەداتو (١٦،٦٪)ی کورسی پارێزگاکانی عێراق کەمتر (١٢،٧٪)ی بەردەکەوێت.

## کەشی دانیشتنەکە

بڕیاربوو کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆببێتەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ مەسەلەی دابەشبوونی کورسییەکان، لە سەرەتادا نەتەوەیەکگرتووەکان پێشنیازێکیان کرد، بەڵام لیستی هاوپەیمانی پێی ڕازی نەبوو، دوای چەند جارێک دواخستن درەنگانێکی شەو و دوای کاتژمێر (١١،٣٠)، بڕیاردرا کۆبوونەوەکە ئەنجامبدرێت، بەڵام ڕێژەی یاسایی پەرلەمانتاران ئامادەنەبوون، دواتر بە تەلەفۆن چەند پەرلەمانتارێک کۆکرانەوەو دانیشتنەکە ئەنجامدرا، دوای خوێندنەوەی پڕۆژەبڕیارەکە ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە خرایە دەنگدانەوەو بێ ئەوەی دەنگەکان ئەژماربکرێت، سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند: بڕیارەکە دەنگی هێناو پەسەند کرا، بۆ ئەوەی فریابکەوێت پێش (١٢)ی شەو پەسەند بکرێت، چونکە تارق هاشمی بڕیاری ڤیتۆکردنەوەکەی ڕادەستی ئەیاد سامەڕایی سەرۆکی پەرلەمانکردبوو، لەحاڵەتێکدا، ئەگەر نەیانتوانی بگەنە ڕێکەوتن ڤیتۆکە کاری پێبکرێت، دوای پەسەندکردنی بڕیارەکە لەلایەن پەرلەمانەوە ڕاستەوخۆ تارق هاشمی بڕیاریدا یاساکە پەسەند بکاتو ڤیتۆکەی بکێشێتەوەو جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقیش پیرۆزبایی لە خەڵکی عێراق کرد، بەبۆنەی پەسەندکردنی ئەو بڕیارەوە.

## کێ دەنگی نەدا؟

بەگوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامە لەناو هۆڵی کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، جگە لە ئەندامانی کوتلەی یەکگرتوو، مەحمود حەمەئەمین نوێنەری کۆمەڵو سۆزان محەمەد نوێنەری سۆسیالیستو چەند پەرلەمانتارێکی یەکێتیو پارتیش لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەنگیان بەو پڕۆژە بڕیارە نەدا.

## کورسی پارێزگاکان جگە لە هەرێم کەمی نەکرد

بەپێی ئەو بڕیارەی، کە شەوی یەکشەممە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگی لەسەردا، کورسی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بەهەمان شێوەی پێشووە، کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانی کوردستانیش هەڕەشەی ئەوەیانکرد، کە ڕێژەی کورسییەکانی سێ پارێزگاکەی هەرێم زیاد نەکرێتو چاکنەکرێتەوە، بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەکەن، بەڵام نە ڕێژەی زیادبوونی ناسروشتی کورسی پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق چاککرا، نە کورسی سێ پارێزگاکەی هەرێمیش بەپێی ئاماری ساڵی (٢٠٠٥)و زیادبوونی ڕێژەی ساڵانەی (٢،٨٪) لەبەرچاوگیرا.

بەپێی ئەو پڕۆژەبڕیارە تەفسیرییە، کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوو پێکدێت لە (٣٢٥) کورسی (٣١٠)ی دابەشدەکرێت بەسەر پارێزگاکانداو (١٥) کورسی وەک قەرەبوو دادەنرێت، کە (٨) کورسی بۆ (کۆتا)ی کەمینەکان دەبێت بەمشێوەیە: (٥) بۆ مەسیحیو هەریەکە لە شەبەکو سابیئەو ئێزدییەکانیش هەریەکەو کورسییەکو (٧) کورسییەکەی دیکەش وەک قەرەبوو بۆ دەنگدەرانی دەرەوەو ئاوارەو ڕاگوێزراوەکان تەرخاندەکرێت.

ئەم دابەشکردنەش یەکێکی دیکەیە لەو مەسەلانەی هاوپەیمانی کوردستان سازشی لەسەر کردوون، بەوپێیەی ئێزدیو شەبەک لە کورد جیاکراونەتەوەو حسابی نەتەوەو مەزهەبو کەمینەیان بۆ کراوە.

## هەرێم زەرەرمەندبوو

د.محەمەد ئەحمەد، سەرۆکی کوتلەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کوتلەکەی دەنگی بە پڕۆژەبڕیارەکە نەدا، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بڕوامان وایە زوڵمێکی گەورە لە خەڵکی کوردستان کراوە، چونکە بەپێی قانوونەکە پشت بە تۆماری ساڵی (٢٠٠٥) دەبەسترێت، لەگەڵ زیادکردنی ڕێژەی ساڵانەی (٢،٨٪) بۆ هەر پارێزگایەک، بەڵام ڕێژەی کورسی هەموو پارێزگاکانی دیکەی عێراق زیادیکردووە، لە بەرامبەردا سێ پارێزگاکەی هەرێم کەمیکردووە، دەبینین بەغدا (٦٣٪) زیادیکردووە موسڵ بەهەمان شێوە، بەڵام سلێمانی (٧٪)ی بۆ دانراوە، کە دەبوو (١١،٢٪) زیادیبکردایە.

ئاماژەی بەوەشکرد: «پێش دەنگدان لەسەر پڕۆژە بڕیارەکە، نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستانو هەردوو کوتلەی هاوپەیمانیو یەکگرتوو لە عێراق، لە بارەگای هاوپەیمانی دەنگمان لەسەر ئەوەدا، کە بە ڕێژەی (١٥٪)ی

# یەکێتی لایەنی سیاسیی به مامۆستایان ئاشکرادەکات

شارا عەبدولڕەحمان



کۆمیتەکانی یەکێتیی لە قوتابخانەکانی سلێمانی فۆرمی ئاشکراکردنی لایەنی سیاسیی بە مامۆستایان پڕدەکەنەوەو بەڕێوەبەری ژمارەیەک لەخوێندنگەکانیش فشاردەخەنە سەر خوێندکاران بۆ بە ئەندامبوونیان لە کۆمەڵەی خوێندکاراندا.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ژمارەیەک لە قوتابخانەکانی سلێمانییەوە دەست ڕۆژنامە کەوتوون، فۆرمێکی تایبەت کە پێکهاتووە لە ئاشکراکردنی ناوی سیانیو پیشەو ئەو لایەنو حیزبە سیاسییەی کە لایەنگریی دەکات، بە مامۆستایان پڕدەکرێتەوە، کە لەلایەن کۆمیتەکانی یەکێتییەوە لە گەڕەکەکاندا ئامادەکراوەو دراوەتە قوتابخانەکان.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پڕکردنەوەی ئەو فۆرمە بەمەبەستی زانینی لایەنگرانی یەکێتییە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی عێراقداو ئەو حیزبە پێش هەموو هەڵبژاردنێک ئەو کارە دووبارەدەکاتەوە بەمەبەستی زانینی سەنگو قورسایی خۆی.

هاوکات سەرچاوەکەی ڕۆژنامە ئەوەی ئاشکراکرد، کە زۆربەی مامۆستایان لە ترسی بڕینی مووچەکانیان یان دەنووسن بێلایەنن یان یەکێتیو پارتین، بەوهۆیەشەوە یەکێتی ڕێژەی ڕاستی لایەنگرانی خۆی بۆ دەرناکەوێت.

بەڵام کەمال نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، بێئاگایی خۆی لە بوونی حاڵەتێکی لەوجۆرە نیشانداو بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەوە لەگەڵ بنەماکانی پەروەردەدا ناگونجێتو ئەگەر دڵنیابینەوە لەو زانیارییانە، ئەوا لێکۆڵینەوەی پێویست ئەنجامدەدەین».

لەلایەکی دیکەوە چەند خوێندکارێکی ئامادەیی لە خوێندنگەکانی ناو شاری سلێمانی ئەوەیان بۆ ڕۆژنامە درکاند، کە ئەندامانی کۆمەڵەی خوێندکارانی یەکێتی، دەچنە خوێندنگەکانیانو داوای بە ئەندامبوونیان لێدەکەن، هاوکات بەڕێوەبەرەکانیشیان فشاریان دەخەنەسەر بۆ بە ئەندامبوونو پێیانوتوون «دەبێت لە هەر پۆلێکو پێنج کەستان لێ ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکاران»، بەڕێوەبەرەکان پێشیانوتوون «ئێمە بەهەموو جۆرێک هاوکاریی ئەو خوێندکارانە دەکەین کە دەبنە ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانو بۆ کۆبوونەوەکانیان کارئاسانییان بۆ دەکەین».

لەوبارەیەشەوە کەمال نوری ڕایگەیاند: کاری ڕێکخراوەیی لە قوتابخانەو خوێندنگەکاندا بەهەموو جۆرێک قەدەغەیەو ڕێگە نادەین هیچ کەسێک بەناوی ڕێکخراوی حیزبییەوە بچێتە خوێندنگەکانەوەو کۆبوونەوەی حیزبیی بە خوێندکاران بکات، هەربۆیە لێپێچینەوەی تایبەت بەو بابەتە دەکەین.

# حکومەتەکەی بەرهەم ساڵ

پشتیوان سەعدوڵڵا

دوای دوو مانگ تێپەڕبوون بەسەر کاتەکەیدا، تائێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی ساڵی (٢٠١٠) هەرێمی نەناردووەتە پەرلەمان، هاوکات پەرلەمانتارێکی گۆڕان بە پێویستی دەزانێت، سەرۆکی حکومەت بانگهێشتی پەرلەمان بکرێت بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکاری دواکەوتنی بودجە.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەبێت ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمدا بودجە ڕەوانەی پەرلەمان بکات، بەڵام دوو مانگ بەسەر ئەو وادەیەدا تێپەڕیوەو هەرچەند بە وتەی بەرپرسانی حکومەت داوا لە وەزارەتەکان کراوە بودجەی وەزارەتەکانیان بنێرن، بەڵام تائێستا ئەنجومەنی وەزیران بودجەی نەناردووەتە


Dylan City
دیلان سیتی
من دیلان سیتی هەڵدەبژێرم، چونکە:
• رووبەری شوقەکانی لە هەموو پرۆژەکانی تر زیاترەو نرخەکانیشی لەهەموویان کەمترە.
• نرخی شوقەیەکی (١٠٠م٢) تەنها (٤٢) هەزارو (٤٤٥) دۆلارەو نرخی شوقەیەکی (١٢٠م٢) تەنها (٤٩) هەزارو (٩٣٨) دۆلارە.
• سندوقی نیشتەجێبوون لە (٥٠٪)ی ئەم پارەیەتان بە قەرزی (١٠) ساڵ پێیدەدات.
• کۆمپانیا بڕی (٢) هەزار دۆلار دادەشکێنێت بۆ ئەو کڕیارانەی کە لە سندوقی نیشتەجێبوون سوودمەند نابن و هەمان بڕیش دادەشکێنێت بۆ ئەو کڕیارانەی بە نەقدی شوقەکان دەکڕن.
دوا مۆڵەت بۆ گەڕاندنەوەی فۆرمەکان ٢٠٠٩/١٢/١٥
کۆمپانیای هەستیار
بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان
بە پێشەکیی تەنها (٣) هەزارو (٤٠٠) دۆلار
(١٢٠م٢):
سێ ژووری نوستن
مزل، مەتبەخ، دوو تەوالێت و
دوو حەمام و بالکۆنێک
(١٠٠م٢):
دوو ژووری نوستن
مزل، مەتبەخ، تەوالێت و
حەمام و بالکۆنێک
بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئۆفیسی پرۆژەکە بکەن: شەقامی سەحەتری - گەڕەکی هێمەرەکوێر
٠٧٥٠١١٣٥٣٢٢ - ٠٧٤٨٠١٧٠٥٠٥ - ٠٧٧١٠١٢٢٢٢١

## تەنیا (٢٣) ڕۆژی ماوە

# حکومەت خۆی لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان بێدەنگ کردووە

دلێر عەبدولخالق



ژمارەیەک ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی — فۆتۆ: ڕۆژنامە

وادەی یاسایی کارکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تەنیا (٢٣) ڕۆژی لەبەردەمدا ماوە، بەوپێیەی بە بڕیاری پەرلەمان پێویستبوو بەر لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩) هەڵبژاردنەکانی ئەو ئەنجومەنانە ئەنجامبدرێن، بەڵام تائێستا هیچ ئامادەکارییەک بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە لە ئارادانییەو ئەندامێکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیش دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەرێم بە کەمتەرخەم دەزانێت.

دوای ئەوەی بە پاساوی نەبوونی یاسای تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەڵبژاردنی سێ پارێزگاکەی هەرێم لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لەسەرەتای ئەمساڵ ئەنجامنەدرا، دواتر بەپێی بڕیاری ژمارەی (١)ی ساڵی (٢٠٠٩) پەرلەمانی کوردستان، کە لە مانگی شوباتدا مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم واژۆیکردووە «ماوەی کارکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان درێژکرایەوە بۆ وادەیەک کە پێش (٢٠٠٩/١٢/٣١) هەڵبژاردن بەڕێوەبچێت، بەڵام لەگەڵ هەبوونی ئەو بڕیارەشدا هیچ ڕێوشوێنێک بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە ڕێکنەخراوەو تائێستاش یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە دەرنەچووە، لە بەرامبەریشدا بڕیارە ئەمڕۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆک کۆببنەوەو «لە نامەیەکدا هەڵوێستی خۆیان بە پەرلەمانی کوردستان بگەیەنن».

ئەحمەد عەلی ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە وادەی کۆتایی ماوەی یاسایی کاری ئەنجومەنەکان نزیکبووینەتەوە، بێ ئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان لە کاتی خۆیدا بکرێت، ئەو پرسەش پەیوەندیدارە بە سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتو پەرلەمان، کە ئایا چ هەنگاوێک بۆ ئەو بابەتە دەنێن».

ئەو ئەندامەی پارێزگای سلێمانی هۆکاری دواکەوتنی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بۆ دۆخی سیاسیی هەرێم دوای هەڵبژاردنی (٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستانو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەگەڕێنێتەوە، کە پێیوایە بەشێکی پەیوەندی هەیە بەو ئەنجامە چاوەڕواننەکراوەی لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا بۆ دەسەڵاتی هەرێم دروستبوو.

لە بارەی هەڵوێستی ئەنجومەنەکانیش، ئەحمەد عەلی وتی: «بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک کۆببینەوەو هەڵوێستی خۆمان لەسەر دواکەوتنی هەڵبژاردنەکانو چۆنێتی ڕێکخستنی ئیشوکارەکانمان بدەینە پەرلەمان».

لەلای خۆشییەوە، قاسم عەزیز ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بە پێویستی دەزانێت هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم لەکاتی خۆیدا ئەنجامبدرایەو بە بڕوای ئەو «ئێستا تۆپەکە لە ساحەی پەرلەمانی نوێدایە، کە ئایا بڕیارێک دەدەن بۆ ئەو هەڵبژاردنە، یان نا؟».

لە ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی پێشووی هەرێمدا، دەردەکەوێت دواکەوتنی هەڵبژاردنەکان لەکاتی ئاسایی خۆیدا بووەتە نەریتێک، کە لە هەموو هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا دووبارەبووەتەوە، نموونەش درێژکردنەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە لە ساڵی (١٩٩٢) تا هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)و دواکەوتنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە خولی ڕابردوو، هەروەها دواکەوتنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکانو دوابەدوای ئەویش دواکەوتنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان.

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش پێیوایە؛ «ئەم حاڵەتە مەترسییەکی گەورەیە لەسەر سروشتی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە هەرێمدا».

د.زانا ڕەئوف ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کەمتەرخەمیی لە دواکەوتنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، واتە سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی پەیوەندی بە پەرلەمانیشەوە هەیە، چونکە لە جێبەجێکردنی یاساکانی ناپێچێتەوە. وتیشی: «دواکەوتنی هەڵبژاردنەکان لە ئەزموونی سیاسیی هەرێمدا، بەشێکە لەو ترسەی دەسەڵات لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەیەتیو ئەوەش کاریگەریی خراپی لەسەر شێوەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە هەرێمدا دروستکردووە».

ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان ئاماژە بەوە دەکات؛ فراکسیۆنەکەیان لە مانگی (تشرینی یەکەم)دا، یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە، بۆ ئەوەی هەرچی زووە دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئاگاداربکەنەوە لە ڕێوشوێنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، بەڵام وەک خۆی وتی: «یاداشتەکەیان هیچ ئەنجامێکی نەبوو».

د.زانا ڕەئوف هۆکاری دواکەوتنی ئەو هەڵبژاردنە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەگەڕێنێتەوە، بۆ ئەو گۆڕانەی لە نەخشەی سیاسیی هەرێمدا دوای هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموز ڕوویداوە، پێیانوایە؛ ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەم هەڵبژاردنەش دەبێتو وتیشی: «هەندێکی دیکە وابیردەکەنەوە، ئەگەر خۆمان بە هەڵبژاردنی ناوخۆوە سەرقاڵبکەین، ئەوا لە پرسە گرنگەکانمان لەگەڵ حکومەتی ناوەند دووردەکەوینەوە، کە لە ڕاستیدا ئەوەش بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە، چونکە نابێت هەڵبژاردنی هەرێم ببەسترێتەوە بە مامەڵە لەگەڵ حکومەتی مەرکەز».

بەپێی یاسای ژمارەی (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)، کە تایبەتە بە ئەنجومەنی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستانو بەسەر خولی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمدا جێبەجێ دەکرێت، تێیدا هاتووە: «حکومەت بەر لە (٦٠) ڕۆژ لە بەیاننامەیەکدا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە ڕادەگەیەنێتو هاوکاتیش کۆمسیۆن بۆ ئامادەکاری ئاگادار دەکاتەوە».

لە بڕگەی سێی مادەی (٣١)یشدا هاتووە: «لەبارێکدا کە نەتوانرا هەڵبژاردنەکان بکرێن، ئەوا ئەنجومەنەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباریان تا ئەنجومەنە نوێیەکان هەڵدەبژێرن، بەردەوام دەبن».

## «گرێبەست بەرامبەر پارە»

# (٦) مانگە بەغدا پارەی کۆمپانیاکانی نەوتی هەرێم نادات

هەستیار قادر

**ئەگەر هەرێم گرێبەستە نەوتییەکانی ئاشکرا نەکات، پارەی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنەری نەوت لە کوردستان لە (١٧٪)کەی بودجەی کوردستان دەدرێت**

(٦) مانگ بەسەر ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمدا تێپەڕ بووە، بەڵام بەغدا ئامادەنییە پارەی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوتی هەرێم بداتو سەرۆکی لیژنەی نەوتو گازی پەرلەمانی عێراقیش پێشبینی دواخستنی ئەو دۆسییەیە دەکاتو ئەندامێکی دیکەی ئەو لیژنەیەش دەڵێت: «وەریزی نەوت پێیوتم؛ تا هەرێم گرێبەستەکان نەخەنە بەردەستمان، پارەی کۆمپانیاکان نادەین».

لەپاش ئەوەی لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ڕابردووەوە پرۆسەی ناردنە دەرەوەی نەوتی کێڵگەی تاوگی شاری دهۆک لە ڕێگەی بۆرییە نەوتییەکانی عێراقەوە بۆ بازاڕەکانی دەرەوە دەستیپێکرد، نزیکەی شەش مانگە حکومەتی ناوەندی قایل نەبووە پارەی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوتی هەرێم بدات.

د. عەلی بەلو سەرۆکی لیژنەی نەوتو گازی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «حسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق سوورە لەسەر داننەنان بە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمداو تێڕوانینیشی وایە پارەی کۆمپانیا بیانییەکان لە ڕێژەی (١٧٪)ی بەشە بودجەی هەرێم بدرێت».

د.عەلی بەلو پێشبینی ئەوەشی کرد، کە کێشەی گرێبەستە نەوتییەکانو نەدانی پارەی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنەری نەوتی هەرێم بۆ ساڵی داهاتوو دوابخرێت، تا ئەوکاتەی یاسای نەوتو گاز لە پەرلەمانی عێراق دەردەچێت».

بەتەنیا کێڵگەی نەوتی تاوگی شاری دهۆک ڕۆژانە (٥٠) هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێتو (٤٠) هەزار بەرمیلی لە ڕێگەی کۆمپانیای بازاڕگەریی نەوتی عێراقی (سۆمۆ)وە دەنێرێتە بازاڕەکانی دەرەوەو (١٠) هەزار بەرمیلەکەی دیکەشی بۆ ناوخۆی هەرێم دەبێتو داهاتی ئەو (٤٠) هەزار بەرمیلەش دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەتی عێراقیو چاوەڕوانیش دەکرێت لە (٥) ساڵی داهاتوودا ڕێژەی ناردنە دەرەوەی نەوت لەو کێڵگە نەوتییەوە بۆ بازاڕەکانی دەرەوە بگاتە (یەک ملیۆن) بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

کاری وەبەرهێنانی نەوت لە کێڵگەی تاوگیدا لەلایەن کۆمپانیاکانی (دی. ئین. ئۆ)ی نەرویژیو (گەنەڵ ئینێرجی) تورکیو (ئەداکس پترۆلیۆم)ەوە ئەنجامدەدرێت، کە تائێستا حکومەتی ناوەندی ئامادەنییە پارەی ئەو خزمەتەیان بداتەوەو لەوبارەیەشەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کەرتی نەوتی عێراقی ئاشکرایکرد؛ کە ئەگەر زۆرە بەردەوامیی ئەم کێشەیە وا لەو کۆمپانیایانە بکات لە دادگای نێودەوڵەتی تایبەت بە یەکلاییکردنەوەی کێشەی گرێبەستەکان، شکات لە حکومەتی هەرێم بکەن.

د.عەلی بەلو سەرۆکی لیژنەی نەوتو گاز، ڕوودانی ئەو هەنگاوەی بەدوور زانیو ئاشکرایکرد، کە ئەو کۆمپانیایانە دەبێت شکات لە حکومەتی ناوەندی بکەن، کە کاری وەبەرهێنانی تیا ئەنجامدەدەن، نەک حکومەتی هەرێم.

هاوکات سەرچاوەیەکی نزیک لە وەزارەتی نەوتی عێراقیش ئاماژەی بەوەدا؛ کە یەکێک لە هەڵەکانی حکومەتی هەرێم لەم کێشەیەدا ئەوە بووە، کاتێک لەگەڵ وەزارەتی نەوتو حکومەتی ناوەندیدا ڕێکەوتوون لەسەر ناردنە دەرەوەی نەوتی دەرهێنراوی کێڵگەی تاوگی شاری دهۆک، باسیان لە چۆنێتی سەرفکردنی پارەی کۆمپانیا وەبەرهێنە بیانییەکانی ئەو پڕۆژەیە نەکردووە، بۆیە کێشەکەی بە هەڵپەسێردراوی هێشتووەتەوە.

هاوکات د.بایەزید حەسەن ئەندامی لیژنەی نەوتو گاز لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرایکرد؛ لە بودجەی ساڵانەی عێراقدا پارەیەک تەرخاندەکرێت بۆ پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە عێراقدا، کە دەدرێتە کۆمپانیا وەبەرهێنەکان، بەڵام تائێستا ڕێکەوتن لەسەر گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم نەکراوە، وتیشی: «سەبارەت بەو کێشەیە گفتوگۆم لەگەڵ حسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق کردووەو پێیوتم؛ ئەگەر هەرێم گرێبەستە نەوتییەکانی بهێنێتە وەزارەتەکەی بۆ وردبینیو تاووتوێکردنی، پارەی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوت دەدات، بەڵام ئەگەر ئەو کارە نەکەن پێویستە پارەی کۆمپانیاکان لە ڕێژەی (١٧٪)ی بەشە بودجەی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراق ببڕدرێت».

# (گۆڕان) پەرلەمان پڕدەکات لە یاسا

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ژمارەیەک پڕۆژەیاسا ئامادە دەکات، پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنەکەش ئاماژە بەوە دەکات؛ «دەیانەوێت پەرلەمانی کوردستان ئەکتیڤ بێت، بۆ دانانی ئەو یاسایانە کار دەکەین کە لە بەرژەوەندی گشتییو خزمەتکردنی خەڵکو بە دامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی حکومەتدایە».

کاردۆ محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی پەرلەمان یاساڕێژییە، ئێمە دەمانەوێت پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانێکی ئەکتیڤ بێت، چونکە کاری سەرەکی پەرلەمان لە دەرچوواندنی ئەو یاسایە ئەوەیە، کە هەموو ئەو یاسایانەی دەریاندەکات پەیوەندیداربن بە بەرژوەندی گشتییو خزمەتکردنی خەڵکو بە دامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی حکومەتو دابینکردنی یاسا.

فراکسیۆنی گۆڕان، کە خاوەنی (٢٥) کورسییە، لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا ژمارەیەک پڕۆژەبڕیارو یاسای ئامادە کردووە.

پڕۆژەی بڕیاری جێبەجێکردنی یاسای (٢٠٠٦/٤) پەرلەمانی عێراق، کە تایبەتە بە مافو ئیمتیازاتی زیندانییە سیاسییەکان، هەروەک لە پڕۆژەبڕیارەکەدا گۆڕان داوا دەکات: «حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستێت بە جێبەجێکردنی یاسای تایبەت بە مافو ئیمتیازاتی زیندانییە سیاسییەکان، کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ژمارەی (٢٠٠٦/٤) دەریچوواندووە، هەموو ئەو مافو ئیمتیازاتانە دەدرێت بە زیندانییە سیاسییەکانی کوردستانیش لەسەر بودجەی هەرێم.

یەکێکی دیکە لە پڕۆژەبڕیارەکان (پڕۆژەی بڕیاری چاککردنی مووچەی هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشو هێزەکانی پێشمەرگەیە، کە تایبەتە بە چاککردنی بژێویی ژیانی پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگە، ئەویش بە هاوتاکردنی مووچەو دەرماڵەی پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگەی کوردستان بە مووچەو دەرماڵەی هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشو سەربازی عێراقی).

پڕۆژەیاسای گرنگیدان بە کەمئەندامانو خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان، بەپێی ئەم پڕۆژەیاسایە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم ئاستی بژێویی کەمئەندامان بەرزبکاتەوەو لە زیادکردنی مووچەو دەرماڵەو دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونو فەراهەمکردنی بواری خوێندن، هەروەها بە مەبەستی بووژاندنەوەو پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان فراکسیۆنی گۆڕان پڕۆژەیاسای پێشخستنو بووژاندنەوەی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستانی ئامادە کردووە.

جگەلەوانەش گۆڕان ئەم پڕۆژەیاسایانەی ئامادە کردووە، (پڕۆژەیاسای گۆڕانکاریی لە یاسای ژمارە (٩) ساڵی (٢٠٠٨) یاسای بەکرێدانی خانووبەرە، پڕۆژەی بڕیاری بە خاوەنکردنی خانووە بێ تۆمارەکان، پڕۆژە بڕیاری تایبەت بە کوردانی کۆچکردوو بۆ ئەوروپا، پڕۆژەیاسای گرنیگدان بە گەنجان لە هەرێمی کوردستان، پڕۆژەیاسای شەهیدانو ئەنفالکراوەکان).

بە وتەی کاردۆ محەمەد: فراکسیۆنی گۆڕان، کە خاوەنی پەیامێکنو بەڵێنیان بە خەڵکی کوردستان داوە بۆ دانانی ئەو یاسایانە کار بکەن، کە لە بەرژەوەندی گشتیی خەڵکدان، چ لایەنی سیاسیی، چ لایەنی کۆمەڵایەتی بێت بۆ ئەو مەبەستەش چەندین پڕۆژەیان ئامادە کردووەو خستوویانەتە بەردەم پەرلەمانو وتی: «ئێمە پێمانوایە؛ ئێستا زەرورەتی هەندێک پڕۆژەیاسا هەیە، کە پەیوەندی بە چارەنووسی سیاسیی میللەتەکەمانەوە هەیەو بەلای ئێمەوە زۆر گرنگە، چونکە ئێمە پەیامێکی سیاسیی زۆر جیاوازمان هەیە، بۆ نموونە، ئێمە پڕۆژەیەکمان ئامادەکرد بۆ رێگەگرتن لە کاری حیزبی لە نێو سوپای کوردستاندا، ئەمە کارێکی نیشتمانیو نەتەوەییە، هەروەها پڕۆژەیاسایەک بۆ چاککردنی سیستمی دادوەرییو سەربەخۆبوونی دادگاکان، ئەمەش خۆی لە خۆیدا خزمەتێکی گەورە دەگەیەنێت بە بەرژەوەندی گشتیی».

خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی چەند مانگی رابردووی تەمەنیدا (١١) کۆبوونەوەی ئەنجامداوەو لەو ماوەیەشدا بەشێک لەو پڕۆژەیاسایانەی فراکسیۆنی گۆڕان ئامادەیکردوون خراوەتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوەو گفتوگۆیان لەسەر کراوە.

کاردۆ محەمەد رایدەگەیەنێت: «لە ماوەی رابردووشدا بەشێک لەو پڕۆژەیاسایانەی، کە لیستی گۆڕان لە پەرلەمان ئامادەیکردوون خراوەتە کارنامەی دانیشتنەکانی پەرلەمانەوەو خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە، بۆ نموونە پڕۆژەیاسای (بودجەی حیزبەکان، بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ژنانی ماڵەوە)».

سەرەڕای ئامادەکردنی پڕۆژەیاسا فراکسیۆنی گۆڕان چاودێری کارەکانی حکومەت دەکاتو بۆ ئەو مەبەستەش بۆچوونو پێشنیازی خستووەتەڕوو.

وتیشی: «ئێمە چاودێری کارەکانی حکومەتمان کردووەو بۆ ئەو مەبەستەش چەند هەوڵێکمان داوە، بەتایبەتی پرسیارکردن لە وەزیرەکان، هەروەها لە رێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە نووسراومان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ ئەوەی حکومەت ئامادەکاری بکات تا لە کۆتایی ئەمساڵدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم ئەنجامبدرێت»

# کێشە بۆماوەییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا بەکوێ دەگەن؟

**دلێر عەبدولخالق**

بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێرراوەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، هەرێمی کوردستان نەرمیی دەنوێنێتو دەرگای گفتوگۆ بە رووی کێشەکانیدا ئاوەڵادەکات، بڕیارە لەم هەفتەیەشدا وەفدێکی باڵای هەرێم بەسەرۆکایەتی د.بەرهەم ساڵح سەردانی بەغدا بکاتو لەبەرامبەردا لایەنی دووەمی ناو گفتوگۆکان، ساڵێک لەمەوبەر کۆبوونەوەکانی راگرتووەو ئێستاش بەهۆی سەرقاڵبوونی بەیاسای هەڵبژاردنەکانەوە، پێدەچێت بەو گوڕو تینەوە بەپیر دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانەوە نەچێت.

ناوچە جێناکۆکەکان، جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی، چارەنووسی هێزی پێشمەرگە، سیستمی فیدراڵی لە عێراقو گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم لەگرنگترین ئەو کێشانەن کە ماوەی چەند ساڵێکە لەنێوان دەسەڵاتی هەرێمو حکومەتی ناوەندا، بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەو پێنج لیژنەیەش شکستیان هێناوە کە لە مانگی (١١ی ٢٠٠٨) بەسەرپەرشتی هەریەک لە جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆمارو دووجێگرەکەیو نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراقو مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێکهێنرابوون. لیژنەکانیش بریتیبوون لە بەرگرییو ئاسایش، پەیوەندییەکانی دەرەوە، حوکمڕانی، یاسای نەوتو گاز، مادەی (١٤٠)و بڕیاریشبوو ئەو لیژنانە لەماوەی (١٥) رۆژدا راپۆرتی چارەسەری کێشەکان بەرزبکەنەوە بۆ ئەنجومەنی جێبەجێکردنی عێراق، بەڵام ئەنجامی کاری لیژنەکان نەک راپۆرتەکانی ئامادە نەکرد، بەڵکو دوای مانگێک، لە بەغدا کۆبوونەوەی لیژنەکانیشی پەکخست.

جەبار یاوەر، ئەندامی لیژنەی بەرگریو ئاسایش کە لیژنەکەیان لەلایەن نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانو بەرهەم ساڵحو رافع عیساوی سەرپەرشتی دەکرا، هۆکاری شکستی کاری لیژنەکان بۆ جدیی نەبوونی حکومەتی ناوەند دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت: «حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی زۆر جدیی بووە، بەڵام حکومەتی مەرکەز کێشەکانی لەخۆی دوور دەخستەوە، تا ئەوەی لە کۆتایی مانگی (١٢)ی (٢٠٠٨) بە بەبیانوی سەری ساڵو سەفەری حاجییەکانەوە کۆبوونەوەکانیان راگرت».

بەشێک لەچاودێرانی سیاسیی هۆکاری نەگەیشتنە ئەنجامی دانوستاندنەکانی نێوان هەولێرو بەغدا بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە هەردوولادەیانەوێت هەموو داواکارییەکانیان لەسەر یەکتر فەرزبکەنو کەسیان ئامادەنین شتێک بدۆڕێنن، بۆئەوەی شتێکی گەورەتر ببنەوە، بەڵام ئەندامەکەی لیژنەی بەرگریو ئاسایش پێیوابوو، ئەوان وەک کورد لە زۆر شت بوراونو زۆرجار رێککەوتنی سیاسییو یاداشتی لێکتێگەیشتنیان هەبووە، بەڵام حکومەتی مەکەز دوای ماوەیەک پەشیمانبووەتەوەو پەیوەست نەبووە بە رێککەوتنەکانەوە.

لەو بارەیەشەوە یاوەر وتی: «لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا دەردەکەوێت کە تۆپەکە لەگۆڕەپانی عێراقدا بووەو هەمیشە ئێمە داوای گفتوگۆو لێکتێگەیشتمان کردووە، بەڵام ئەوان لەخەمی چارەسەری کێشەکاندا نەبوون، بۆ نمونە لەمانگی (٦ی ٢٠٠٧)دا لە یاداشتێکدا کە بەئامادەبوونی جێگری فەرماندەیی هێزەکانی ئەمریکاو هەموو بەرپرسانی پەیوەندیداری عێراقو هەرێم ئیمزاکراوە، لە هەشت خاڵدا رێککەوتین لەسەر چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی پێشمەرگە، کەچی دواتر لەتەواوی ئەو خاڵانە پەشیمانبوونەوەو هیچیان جێبەجێ نەکران».



بە بڕوای پەرلەمانتارێکی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، چارەسەرکردنی ئەو کێشانە ئاسان نییە، بەتایبەت کە پەیوەندییەکانی هەرێمو بەغدا لە رابردوودا لەوپەڕی خراپیدا بووەو هاوکاتیش نیازی هەرێم لەگەڵ بەغداو بەغداش لەگەڵ هەرێم جیاوازە.

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: «چەند هۆیەکی سەرەکی بوونە لەمپەر لە بەردەم چارەسەری کێشەکان، لەوانە جۆری بیرکردنەوەی حکومەتی هەرێم لەهی بەغدا جیاوازەو بەپێچەوانەشەوە، چونکە حکومەتی بەغدا بیر لەوەدەکاتەوە کە حکومەتێکی ناوەندی بەهێز دروستبێتو دەسەڵاتی هەرێمەکان کەمبکاتەوە، هاوکاتیش بەوشێوەیەی هەرێم بڕوای بەسیستمی فیدراڵی هەیە، بەغدا بڕوای پێی نییە».

مەحمود عوسمان نەبوونی ناوەندی پەیوەندی لەنێوان هەرێم بەغداو هەبوونی کێشە ئیدارییەکانی نێوان هەردوو دەسەڵات بەهۆکارەکانی تری نەگەیشتنە ئەنجامی رێککەوتنی هەرێمو ناوەند ناودەباتو دەڵێت: « لەسیستمی فیدراڵیدا پێویستە پەیوەندی ناوەندو هەرێم رێکبخرێتو هەماهەنگیو لێکتێگەیشتن هەبێت، بەڵام بەداخەوە لەهەولێر نوێنەری حکومەتی ناوەند هەر نییە، لەبەغداش لەگەڵئەوەی نوێنەری هەرێم هەبووە، بەڵام زۆر لاوازبووەو لەئاستی خۆیدا نەبووە کە پێویست بوو لەناو ئەنجومەن بێت».

دوای ساڵێک لە دابڕان، تائێستا کۆبوونەوەکانی شاندی هەولێرو حکومەتی مەرکەز دەستی پێ نەکردووەتەوە، بەڵام بەرپرسانی هەرێم ئاماژە بەوەدەکەن کە ئامادەییان نیشانداوە بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانو بڕیاریشە لەم هەفتەیەدا وەفدی هەرێم بە سەرۆکایەتیی بەرهەم ساڵحو نوێنەری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بگاتە بەغدا.

کاوە مەحمود، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: «سیاسەتی کابینەی شەشەم لەبەرامبەر ئەو کێشانەدا، لەو چوارچێوەدایە کە بەوپەڕی نەرمییو دوور لەکاردانەوەو لەسەر بنەمای دەستووری عێراقیو داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان، ئامادەی گفتوگۆو دانوستاندنین». لەبارەی دیاریکردنی کاتی گفتوگۆکانیشەوە وتەبێژی فەرمیی حکومەت، تەنها ئەوەی خستەروو «ئەوان ئامادەییان بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان دەربڕیوە، بەڵام کاتی سەردانەکانو دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان دیار نین».

لەبەرامبەردا، جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە ئاشکرای کرد «بۆ گفتوگۆکردنو چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێرراوەکان، لەم هەفتەیەدا وەفدی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتو نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەگاتە بەغدا».

لەسەر سەردانەکە، مەحمود عوسمان پێیوایە، بەهۆی سەرقاڵیی حکومەتی ناوەندو گروپە سیاسییەکان لە ناوەند بە یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە، پێناچێت ئەنجامی دانیشتنەکانی وەفدی هەرێمو بەغدا ئیجابی بێتو وتی: «لەگەڵئەوەی یەکتربینین لەیەکترگەیشتن دروستدەکات، بەڵام ئەو هەلومەرجەی ئێستا لەبەغدا هەیە، بەشێوەیەکە کە ناتوانرێت دۆخێک دروستبکرێت کە هەرێمو بەغدا بگەنە جۆرێک لە رێککەوتن بۆ چارەسەری کێشەکان، چونکە بەهۆی یاسای هەڵبژاردنەکانەوە، ناوەند زۆر سەرقاڵەو لەم ماوەیەشدا ناوەند هیچ ئامادەکارییەکیان بۆ چارەسەری کێشەکان نیشان نەداوە».

بەرهەم ساڵح دوای دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم بۆ یەکەمجار لەسەر پرسە کێشەدارەکانی نێوان هەرێمو حکومەتی ناوەند سەردانی بەغدا دەکات، ئەو سەردانە لەکاتێکدایە کە پێشتر بەشێک لەمیدیا عێراقیو نێودەوڵەتییەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد، بەهۆی سیاسەتی حیزبەکەیو پەیوەندییەکانی بەرهەم ساڵح لەگەڵ مالیکی، فۆرمی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا گۆڕانی بەسەردادێتو هەردوولا لە چارەسەری کێشەکان نزیکدەبنەوە، بەڵام مەحمود عوسمان، پەرلەمانتاری کورد لە بەغدا ئاماژە بەوەدەکات، ئەو کێشانە لەوە قوڵترن کە بە تاکەکەس چارەسەربکرێن، بەوپێیەی کێشەکان بنەڕەتیو نەتەوەیین، هاوکاتیش ئاراستەی سیاسەتی هەرێم تەنها بەدەست سەرۆک وەزیر نییە، بەڵکو دواجار سەرۆکی هەرێمو پەرلەمانی کوردستانیش وەک ناوەندی بڕیاردان لە یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەدا رۆڵی بنەڕەتییان هەیە.

**بەهۆی سەرقاڵیی حکومەتی ناوەندو گروپە سیاسییەکان لە ناوەند بە یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە، پێناچێت ئەنجامی دانیشتنەکانی وەفدی هەرێمو بەغدا ئیجابی بێت**

### «هەر پارێزگارێک لە دەرەوەی ئەنجومەنی پارێزگا دابنرێت نایاساییە»

# پارێزگارێکی چەند رۆژە بۆ سلێمانی دادەنرێت

**شارا عەبدولڕەحمان**

دوای پەسەندکردنی داوای خانەنشینکردنی پارێزگاری ئێستای سلێمانی، «پارێزگارێکی کاتی» تەنیا بۆ چەند رۆژێک بۆ سلێمانی دادەنرێت، هاوکات دانا ئەحمەد مەجید ئەوە رەتدەکاتەوە کە سەرۆکی هەرێم رەزامەندیی لەسەر داوای خانەنشینکردنەکەی دەربڕیبێت.

دانا ئەحمەد مەجید، پارێزگاری سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: تائێستا بە من نەگەیشتووە کە سەرۆکی هەرێم رەزامەندیی لەسەر داوای خانەنشین کردنم دەربڕیبێتو هەتا ئەوکاتەی بە فەرمیی مەرسومی رەزامەندیی سەرۆکی هەرێم لەسەر خانەنشینکردنم بەدەست دەگات لە پۆستەکەی خۆمدا دەمێنمەوە.

هەر لەوبارەیەوە د.تالب کاکەیی، راوێژکاری یاسایی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەوەی رەتکردەوە، کە مەرسومی سەرۆکایەتی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دەرچووبێت بۆ رەزامەندیی دەربڕین لەسەر داوای خانەنشینکردنی پارێزگاری سلێمانی هەروەک وتی: «تائێستا نە هیچ مەرسومێکی فەرمیی بۆ ئەو مەبەستە دەرچووەو نە ئاگاداری ئەوەشین کە چ کاتێک دەردەچێت».

هەرچەندە بەپێی یاسای ژمارە (٧١)ی بریمەر، کە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراقی لەساڵی (٢٠٠٥)دا پێ ئەنجامدرا، یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی پارێزگاکانی عێراقو یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، هەر پارێزگارێک لەنێو ئەندامانی ئەنجومەنو بە دەنگی ئەوان هەڵدەبژێردرێت.


دانا ئەحمەد مەجید

بەڵام دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەتەوە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی هەریەک لە (هێرش موحەڕەم، عیماد ئەحمەد، حاکم قادر، شۆڕش ئیسماعیل) بۆ پۆستی پارێزگاری سلێمانی دەستنیشانکردووە، کە دوای دانا ئەحمەد مەجید دەستبەکاربێت.

محەمەد ئیبراهیم، ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەوەی پشتڕاستکردەوە، کە بەپێی یاسا پێویستە پارێزگار لەنێو ئەندامانی ئەنجومەندا هەڵبژێردرێت، بەڵام وتی: «هیچ دانیشتنێکمان لەسەر دانانی پارێزگارێکی نوێ بۆ سلێمانی ئەنجامنەداوە، چونکە بە فەرمیی تائێستا دانا ئەحمەد مەجید پارێزگارەو هیچ نووسراوێکی فەرمیمان بۆ خانەنشینکردنی بەدەست نەگەیشتووە».

بەپێی یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی پارێزگاکانی عێراق، وادەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکان تا (٢٠٠٨/١٢/٣١)ئەو دوای ئەوکاتە ئەنجومەنی پارێزگاکان شەرعییەتی هەڵبژاردنیان لەدەستدا، بەوهۆیەشەوە لە سەرەتای ئەمساڵدا سەرجەم پارێزگاکانی عێراق جگە لە کەرکوکو سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیان تێداکراو پارێزگارو سەرۆکو ئەندامانی نوێی ئەنجومەنی پارێزگا هەڵبژێردران، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئەو هەڵبژاردنە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامنەدرا، بە بڕیاری ژمارە (١) کە لە مانگی (١)ی ساڵی (٢٠٠٩)دا لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم تا (٢٠٠٩/١٢/٣١) درێژکرایەوە، بەوپێیەش لەم وادەیەدا هەر پارێزگارێک لە شوێنی دانای ئەحمەد مەجید دابنرێت تەنیا بۆ چەند رۆژێکەو دوای ئەوە دەبێت بە پارێزگاری بەڕێکردنی کارەکان (تصریف اعمال).

لەوبارەیەشەوە ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ رۆژنامە وتی: «ئەگەر لە ئێستاشدا پارێزگاری نوێ دابنرێت، ئەوا بۆ ماوەی تا (٢٠٠٩/١٢/٣١) دەبێت، ئەمە لەکاتێکدا هێشتا داوای خانەنشینکردنی پارێزگار پەسەندنەکراوەو ئەندامانی ئەنجومەن کۆبوونەوەیان بۆ دانانی پارێزگارێکی نوێ نەکردووە، هەر بۆیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان پێش (١٢/٣١) رێگەچارەیەک بۆ ئەو حاڵەتە بدۆزێتەوە».

پاش ئەو هێرشانەی لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتییەوە کرایە سەر دانا ئەحمەد مەجید، پارێزگاری سلێمانی، لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی ئەو تۆمەتانە پێکهێنرا کە درابووە پاڵ ناوبراو، بەڵام پارێزگاری سلێمانی لە سەرجەم تۆمەتەکان بێتاوان دەرچوو و هیچکامیانی بەسەردا ساغ نەبووەوە، لەئێستادا دانا ئەحمەد مەجید، کە لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە پارێزگاری سلێمانییە، داوای خانەنشینکردنی پێشکەشی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردووەو لەکاتی پەسەندکردنی داواکەی لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە کەسێک وەک پارێزگاری سلێمانی دادەنرێت.

### بێ گوێدانە هەڵبژاردن

# حیزب لە بری حکومەت، سەرۆکی شارەوانیو قائیمقامەکان ئاڵوگۆڕ پێدەکات

**بەهادین یوسف**

بەبێ گەڕانەوە بۆ رای ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان، لەماوەی رابردوودا چەندین سەرۆکی شارەوانیو قایمقامو بەڕێوەبەری ناحییە گۆڕدراونو لابراونو وەزیری نوێی شارەوانیو گەشتوگوزاریش ئاماژە بەوەدەکات، بۆ گۆڕینی سەرۆکی شارەوانییەکان دەبێت بگەڕێینەوە بۆ رای ئەنجومەنو وەزارەتەکەشی ئالیەتێکی نوێ دادەنێت بۆ ئاڵوگۆڕ، یان مانەوەی سەرۆکی شارەوانییەکان لە پۆستەکانیاندا.

لەماوەی رابردوودا لە سنووری پارێزگاری سلێمانیو دەسەڵاتی یەکێتیداو بەبڕیاری حیزب، چەندین ئاڵوگۆڕ لە پۆستی قایمقامو بەڕێوەبەری ناحییەو سەرۆکی شارەوانییەکاندا کراوە بەبێ گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵکو ئەنجومەنی شارەوانیو ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەرچەندە ماوەی یاسایی شارەوانییەکانو ئەنجومەنی پارێزگاکان بەسەرچووەو بەبڕیاری پەرلەمانیش تا کاتی هەڵبژاردنەوەیان ماوەی دەسەڵاتیان درێژکراوەتەوە.

سەمیر عەبدوڵڵا، وەزیری شارەوانیو گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە میکانیزمی بەردەوامبوون یان گۆڕان لە سەرۆکی شارەوانییەکاندا بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەبێت گۆڕینی سەرۆکو ئەندامانی شارەوانییەکان بە هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام ئێستا ماوەیان بەسەرچووەو درێژە بەکاریان دەدرێت هەتا هەڵبژاردنی نوێ دەکرێتەوە، هەوڵدەدەین ئالیەتێک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بەردەوام بن لە کارەکانیان، مەگەر کەسێک کاری خۆی بە باشی نەکات، ئەوکاتە دەگۆڕدرێت، ئەوەش لە دەسەڵاتی وەزیری شارەوانیدایە».

دەربارەی گۆڕینی سەرۆکی شارەوانییەکان بەبێ گەڕانەوە بۆ رای ئەنجومەنو وەزارەت، وەزیری شارەوانی وتی: «ئێستا ئەوە دەبیننو لامان روونە، بەڵام دەبێت رای ئەنجومەنی شارەوانییەکان وەربگرینو پێکەوە دانیشین بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێکو ئالیەتێکی نوێ بدۆزینەوە».


سەعید عەبدوڵا


ئیسماعیل مەحمود


کاوە عەبدوڵا

**پەرلەمانتارێکی گۆڕان:**

**«ئەو مەسخەرەیەی بە هەڵبژاردن دەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا، تەنیا دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە لێی بەرپرسیارنو ئەوان وەک هەمیشەو کاری خۆیان دەستیائن لە هەموو کارەکانی ژیانی خەڵک وەرداوەو بە ئارەزووی بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتییان ئاڵوگۆڕ بە هەڵبژێردراوەکانمان دەکەن»**

لە ساڵی (٢٠٠٠)دا لە ئیدارەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیو لەسنووری پارێزگای سلێمانیو گەرمیانو کۆیە هەڵبژاردن بۆ (٥٨)شارەوانی کراو یەکێتی (٥٣)شارەوانی بردەوەو لە ساڵی (٢٠٠١)یشدا لە ئیدارەی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا لەهەولێرو دهۆک هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان کراو هەر شارێک ژمارەیەک کەسی بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی شارەوانییەکانو سەرۆکی شارەوانییەکان هەڵبژارد.

عەدنان عوسمان، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە گۆڕینی سەرۆکی یەکە هەڵبژێردراوەکان بە رۆژنامەی راگەیاند: «کەسێک بە هەڵبژاردن لە شوێنێک دابنرێت، دەبێت تەنیا بە چەند هۆکارێک لاببرێت، وەک مردن، دەستلەکارکێشانەوە، خیانەتی نیشتمانی، تاوانێک کە سەلمێنراوبێت، ئەگەرنا ناتوانرێت لاببرێت یان بگۆڕرێت بەکەسێکی تر».

بە وتەی ئەو پەرلەمانتارە: «ئەو مەسخەرەیەی بە هەڵبژاردن دەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا، تەنیا دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە لێی بەرپرسیارنو ئەوان وەک هەمیشەو کاری خۆیان دەستیان لە هەموو کارەکانی ژیانی خەڵک وەرداوەو بە ئارەزووی بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتییان ئاڵوگۆڕ بە هەڵبژێردراوەکانمان دەکەن».

هاوکات ئیسماعیل مەحمود، سەرۆکی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێیەکان لە پەرلەمانی کوردستان لەوبارەیەوە ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە: «دانانو ئاڵوگۆڕی بەڕێوەبەری ناحییەو قایمقامەکان، دەسەڵاتی پارێزگارو وەزارەتی ناوخۆیە، سەبارەت بە سەرۆکی شارەوانییەکان کە هەڵبژێرراون، پێموانییە بتوانرێت ئاڵوگۆڕیان پێبکرێت تا ماوەی یاساییان تەواو دەبێت»، ئاماژەی بەوەشکرد ماوەیەکی زۆرە هەڵبژاردن بۆ شارەوانییەکان نەکراوەو ئێستا ئەوان ماوەی یاساییان لەدەستداوە.

لە (٢٠٠٥/١/٣١)دا لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە هەڵبژاردن ئەنجامدرا، سەرەڕای ئەوەی لەسەرەتای ئەمساڵدا هەڵبژاردنی نوێ بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کرا، بەڵام لەمانگی کانونی دووەمی (٢٠٠٩)دا بە بڕیارێکی پەرلەمانی کوردستان، دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان درێژکرایەوە بە مەرجێک بەر لە (٢٠٠٩/١٢/٣١) هەڵبژاردن ئەنجامبدرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان کەمترین دەسەڵاتیان هەیە، بەوپێیەی ناتوانن کار بە یاسای پارێزگاکانی هەرێمو یاسای پارێزگاکانی عێراقیش بکەنو تائێستاش یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحییەکان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرنەچووە.

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: «تائێستا لەدانانی هەر قایمقامو بەڕێوەبەری ناحییەیەکدا پرسیان بەئێمە نەکردووەو خۆیان دایانناوە، نە ئاگامان لەدانانیانە نە لە لابردنیان».

سەبارەت بە میکانزمی دانانیشیان وتی: «بەپێی یاسا دەبێت پارێزگار پاڵێوراوەکان بنێرێت بۆ ئەنجومەنو دوای رەزامەندیی دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگارو ئەویش دەینێرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت چەند پاڵێوراوێک هەبنو یەکێکیان هەڵبژێررێت»، وتیشی: «بەڵام تائێستا ئەمە نەکراوە، چونکە لە هەرێمی کوردستان کار بە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان نەکراوە».

# ـــــرەلیستی بە قازانج دەزانم، نــەک یەکلیستی
# ـــــاتەکانی شارەکە هیچ کێشەیەکیان نییە

بگەڕێین بە دیدێکی عەلمانیەت دنیای ئەمڕۆ پێویستی بە چییەو کاری لەسەر بکەین بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە، بەڵام لای ئێمە ئەوە نابینم.

**رۆژنامە: زۆرینەی خەڵکی شاری کەرکوک نارازین لەوەی کە شارەکەیان لە رووی خزمەتگوزاریی و ئاوەدانکردنەوە دوا کەوتووە، تا چەند لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایت؟**

* سەد لە سەد لە هەموو رووەیەکەوە کەرکوک دوواکەوتووە، من یەک نموونەت دەدەمێ ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان لە حەوت مانگدا چەندی قازانج کردووەو هەروەها لە حەوت مانگدا ئەو بودجەیەی کە بۆ کەرکوک دانراوە چەندە؟ ئاشتی هەورامی لەو ماوەیەدا (٤٥) ملیۆن دۆلاری دەستکەوتووە، بودجەی کەرکوک دەکاتە (١,٨٧٨) ئەو پارەیە، ئەو پارەیەی کە بۆ خانەقاو خانەنیشکردنی دەروێشەکان تەرخانکراوە بۆمان دەردەکەوێت کەرکوک بودجەکەی چەند ئەوەندەی دەروێشەکانە، منەتی چی بەسەر کەرکوکەوە دەکەن بودجەی یەک دەزگای ئەوان بەراوردبکە بە بودجەی کەرکوک ئەو کاتە دەزانیت کەرکوک هیچی بۆ نەکراوە، خۆ ئەگەر ئەمە پەیوەندی بە کوردستانەوەیە، ئەگەر بەراوردی بکەیت بە پارێزگاکانی دیکەی عێراق، کەرکوک لە دەیا، یەکی بەر دەکەوێت.

**رۆژنامە: لە کۆبوونەوەیەکدا راتگەیاندووە مادەی (١٤٠) چارەسەر نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک، ئەم بۆچوونەت لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟**

* مادەی (١٤٠) چارەسەر نییە بۆ کێشەی کەرکوک دەبێت مادەیەک هەبێت خەڵکی شارەکەو کەسانی ناوداری شارەکە ئەو کەسانەی بەرژەوەندی تایبەتییان هەیە لەو شارە کۆیانبکەنەوەو بزانن چۆن دەڕواننە مادەی (١٤٠) یەکسەر پێتدەڵێن مادەی (١٤٠) بۆ کوردە، لەوانەیە عەرەب بڵێت مادەی (٥٨) باشترە، پێدەچێت تورکمان بڵێت نەخێر مادەی (٢٣) باشترە، بۆیە ناکرێت هەریەکەو بێت ژمارەیەک لێبدات، لەبەر ئەوەیە من ئەم مادانە بە چارەسەر نازانم بناغەی سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک ئەوەیە؛ خەڵکی شاری کەرکوک گوزارشت لە راوبۆچوونی خۆیان بکەن، تائێستا دیمستۆرا رایەکی هەیە بەغداو سوریاو ئێران‌و تورکیا هەریەکەو رایەکی هەیە، من بۆ خۆم منداڵی کەرکوکم بڕوابکە ئەگەر حیزب واز لە خەڵکی کەرکوک بهێنێت پێکهاتەکانی ئەم شارە هیچ کێشەیەکیان نییە، چونکە عەرەبێک ناتوانێت بێ تورکمان‌و کوردێک کاسبی بکات، بە پێچەوانەوە ئەم رووە ئابوورییە وایکردووە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا هەبێت، بۆیە هەمووکات وتوومە، ئەگەر سیاسەت بەو خەستییە وەرنەگیرێت کێشەی کەرکوک چارەسەر دەکرێت، چونکە کێشەی کەرکوک لە نێوان حیزبەکاندایە، نەوەک لە نێوان پێکهاتەکان.



**رۆژنامە: چۆن دەڕوانیتە سیاسەتی وڵاتانی دراوسێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک، ئایا ئەوەی ئەوان دەیڵێن هێڵی سوور نییە بەرامبەر بە داوای کورد؟**

* سیاسەتی دەرەوە نە هێڵی سوورەو نە پرتەقاڵییەو نە شینە، ئێستا سەردەمی ئەوەیە بە ئەقڵیەتێکی ئاشتەوایی مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بکەیت، کەللەڕەقی‌و بەرپەرچدانەوە بەسەرچووە.

**رۆژنامە: مەبەستان لە پێکهێنانی لیستی قەڵا لە کەرکوک بۆ کەمکردنەوەی قورسایی یەکێتی‌و پارتی بوو؟**

* نەخێر، هەرچەندە من ئێستا ئینتیمام بۆ لیستی قەڵا نەماوە، بەڵام لیستی قەڵا بۆ ئەوە دروستبوو کە کەشێکی دیموکراتی دروست بکەین وەببێتە پردێک بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێت تەعبیر لە رای خۆی بکات.

**رۆژنامە : لیستی قەڵا چی پەیوەندییەکی بە لیستی گۆڕانەوە هەیە؟**

* ئەی بۆ ناڵێت لیستی گۆڕان تا چەند پەیوەندی بە لیستی قەڵاوە هەبووە، کاتێک ئێمە لیستی قەڵامان دروستکرد برادەرانی گۆڕان بڕوایان بە لیست هەر نەبوو، بۆیە هەتا ئەو کاتەی من لەناو لیستی قەڵا بووم پەیوەندی بە لیستی گۆڕانەوە نەبووە، بەڵام ئێستا نازانم دەتوانن لە خۆیان بپرسن.

**رۆژنامە: بەپێی چەند زانیارییەک تاڵەبانی بەڵێنی ئیمتیازاتێکی زۆری پێداویت، لە بەرامبەر گەڕانەوەت بۆ ناو یەکێتی، ئایا ئەم قسانە ڕاستن؟**

* ئەمە چەند جارێکە لە رۆژنامەکان دەوترێتەوە خۆت دەزانیت لە کرێچییام، ئەو ماشێنەی پێمە لەوانەیە هەموو کەس پێی رازی نەبێت، بەڵام بە تەحەداوە قسەیەک دەکەم لە ساڵی (١٩٧٠ تا ١٩٧٥) با هەموو سەرکردایەتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بێن بڵێن یەک دینارمان بۆ کۆمەڵە سەرفکردووە، بەڵێنبێت پارەکەیان بدەمەوە هەموو مەسرەفی کۆمەڵە بە سەیارەو چاپخانەو مەسرەفی شەخسییانەوە لەسەر من بووە، ئەگەر پارەش وەربگرم هەقی خۆمە، هەرچەندە یەک دینارم وەرنەگرتووە، ئەگەر حەقی خۆشم بدەنەوە بە دەیان ملیۆن دۆلارە، دواتر من پێویستم بەوە نییە دەستپانبکەمەوەو پارەیان لێوەربگرم.

**رۆژنامە: بارودۆخی ئێستای یەکێتی چۆن وەسفدەکەیت؟**

* یەکێتی تووشی زۆر حاڵەت بووەو توانیوویەتی دەرباز بێت بارودۆخی ئێستای یەکێتی پەیوەندی بە لیستی گۆڕانەوە نییە یەکێتی لە ئەزمەیەکی خەستدا دروستبووە لە هەموو حیزبەکانی دیکە بەهێزترە، بەڵام یەکێتیی نیشتمانیی وەکو هەموو حیزبەکانی دیکەی کوردستان کاتیان بەسەرچووە، چونکە ئەمانە کەرەستەی شۆڕش‌و شاخ‌و بەرگریکردن بوون‌و کەرەستەی سیستمی ئەم رۆژگارە نین، بۆیە داهاتوویان تێدانابینم.

**رۆژنامە: تۆ وەکو کادیرێکی پێشووتری یەکێتی هۆکاری کێشەکانی نێوخۆی یەکێتی بۆ چی دەگێڕیتەوە؟**

* یەکێتی لە سەرەتاوە کە دروستبووە لە چەند باڵ‌و تەکەتولێک دروستبووە، زۆر مەحاڵە هەموو ئەم باڵ‌و تەکەتولانە بتوانن پێکەوە هەڵبکەن، بۆیە هەر جارەو باڵێکی لێدەبێتەوەو دوو باڵ دەگەڕێتەوە لەبەر ئەوە داهاتووی یەکێتی زۆر روون نییە.

**رۆژنامە: باس لە پێکهێنانی حیزبێک دەکرێت، لەلایەن بەڕێزتانەوە، ئەگەر بکرێت، وردەکاریی پێکهێنانی ئەو حیزبە بۆ رۆژنامە روونبکەیتەوە؟**

* حیزب نە بە من دەڕووخێت‌و نە لە ناودەچێت، بۆیە کاتی ئەم پرسیارە زووە، بەڵام وەکو پێموتی کەرکوک شارێکی فرەنەتەوەو فرەمەزهەب‌و فرەئایدیاو فرەکلتەورە، بۆیە حیزبە قەومی‌و دینییەکان ناتوانن تەعبیر لە رای گشتیی کەرکوک بکەن تەنیا رێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک حیزبێکی علمانییە، کە بناغەکەی بریتی بێت لە دیموکراتییەت‌و ئاشتی‌و رێزگرتن لە یاسا، کە بە تەئکید خزمەت بە خەڵکی کەرکوک دەکات، ئەگەر تۆ بتوانیت لە ماوەی دوو دەورەی هەڵبژاردندا پەیوەندی پێکهاتەکان زیاتر بکەیت، ئەوە گەورەترین سەرکەوتنە.

**رۆژنامە: کەوایە بە نیازی دروستکردنی حیزبێکی علمانیت؟**

* نازانم پێموتی زووە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە.

**رۆژنامە: بەڵام ئەو قسانەی تۆ دەیانکەیت هەمان ئەو قسانەی یەکێتی‌و پارتین، چونکە ئەم دوو حیزبە خۆیان بە حیزبێکی عەلمانی دەزانن.**

* نا قسەکانی من تازەیە، یەکێتی‌و پارتی حیزبێکی قەومیین، خۆ بەوە نابیتە حیزبێکی علمانی بڵێت پارتی دیموکراتی یان یەکێتیی نیشتمانیی سۆشیال دیموکراتە، پێدەچێت حیزبێکی علمانی بێت بۆ کوردستان، بەڵام حیزبێکی علمانی نییە بۆ کەرکوک.

**رۆژنامە: بۆچی کەرکوک لە کوردستان جیا دەکەیتەوە، مەگەر کەرکوک کوردستانی نییە؟**

* نەخێر کەرکوک لە ئێستادا دەبێت ببێت بە هەرێمێکی سەربەخۆ، ئێمە لە کوردستان ناتوانین رای جیاوازی یەکتر قبوولبکەین، ئیتر چۆن دەتوانین لە کەرکوک رای تورکمان‌و عەرەب‌و ئاشووری‌و کاکەیی‌و سوبی قبوڵبکەین.

**رۆژنامە: باسی نەفەس کورتی تۆ دەکرێت لە بازنەی سیاسیی بۆ نموونە ماوەیەکی کورت توانیت پارێزگاری کەرکوک بیت، چەند مانگێک سەرۆکی لیستی قەڵا بوویت ئەم حیزبە علمانیەی کە بڕیارە دروستیبکەیت، بە دەردی کارەکانی دیکەت دەچێت؟**

* یەکەم کە پارێزگاری کەرکوک بووم لە (دەربەندیخان) بەشەق دەریانکردم بە هێزێکی (١٣٠٠) کەسی هاتنە سەرم‌و لاینبردم «٣٥» سەرکردایەتی یەکێتی نەیانتوانی بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی یەک بن، بەڵام بۆ لابردنی من لە پارێزگاری هەموویان بوونە یەک، دووەم لیستی قەڵا ماوەیەکی زۆر کەمی مابوو بۆ وەرگرتنی ناوی لیستەکان ئێمە ئەو کاتە (٢٠٠٨/٥/١٩) لیستەکەمان راگەیاند لە (٥/٢٠) وەرگرتنی لیست کۆتایی هات دواتر ماوەی وەرگرتنی لیستەکانیان درێژکردەوە بە راشکاوی پێتبڵێم مەبەستە سەرەکییەکەی من لە دروستبوونی لیستی قەڵا ئەوە بوو پەتای لیست بڵاوبێتەوە، کە خەڵکی فێری ئەوەبن کە چۆن گوزارشت لە راو بۆچوونی خۆیان بکەن‌و لە عەقڵیەتی تاکڕەویی بێنە دەرەوە.

> کەرکوک لە ئێستادا دەبێت ببێت بە هەرێمێکی سەربەخۆ، ئێمە لە کوردستان ناتوانین رای جیاوازی یەکتر قبوولبکەین، ئیتر چۆن دەتوانین لە کەرکوک رای تورکمان‌و عەرەب‌و ئاشووری‌و کاکەیی‌و سوبی قبوولبکەین

> ئێمە جاران بە خوێنی خەڵکەوە بازرگانیمان دەکرد، بەڵام ئێستا بە پارەی میللەتەوە

**ئیحسان نەجم محێدین ناسراوە**
**بە ئەبوشەهاب**
**لە ساڵی (١٩٤٨) لە کەرکوک لە دایکبووە**
**لە ساڵی (١٩٦١) پەیوەندی**
**بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە**
**یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەری**
**کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان**
**لە کۆنگرەی (١)ی یەکێتیدا بووەتە**
**ئەندامی سەرکردایەتی**
**لە ساڵی (١٩٩٤) دا کراوەتە**
**پارێزگاری کەرکوک**
**دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکییە.**

## (ئەبو شەهاب) سەرۆکی پێشووی لیستی قەڵا: بۆ هەڵبژاردن ف

# ئەگەر حیزب واز لە خەڵکی کەرکوک بهێنێت، پێکه

سازدانی: پیشتیوان سەعدوڵڵا
شاڵاو محەمەد

**ئیحسان نەجم محێدین(ئەبوشەهاب)، دامەزرێنەری لیستی قەڵاو ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێیوایە؛ کوردو عەرەبو تورکمانی کەرکوک شکستیانهێناوەو کەرکوک بارودۆخێکی تایبەتی هەیە زۆر مەحاڵە هیچ لایەنێک بەم ئەقلییەتو ئالیەتەوە بتوانێت سەرکەوتوو بێت. ئەبوشەهاب، کە لە ئێستادا سەرقاڵی پێکهێنانی حیزبێکە لە شاری کەرکوک، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەدا ئەوە دەخاتەڕوو، کە شاری کەرکوک هیچ خزمەتێکی نەکراوەو دەڵێت: «منەتی چی بەسەر کەرکوکەوە دەکەن بودجەی یەک دەزگای ئەوان بەراوردبکە بە بودجەی کەرکوک ئەو کاتە دەزانیت کەرکوک هیچی بۆ نەکراوە».**

**ڕۆژنـــامـــە: دەوتـــرێـــت کـــورد لـــە ئـــیـــدارەکـــردنـــی کـــەرکـــوکـــدا سەرکەوتوونەبووەو شکستیهێناوە، تا چەند لەگەڵ ئەم بۆچوونەدایت؟**

* هەر کورد شکستی نەهێناوە، بۆ بارودۆخی عەرەبو تورکمانی ئەم شارە زۆر خۆشە؟ بۆیە بە کوردو عەرەبو تورکمانی ئەم شارە شکستیانهێناوە، کەرکوک بارودۆخێکی تایبەتی هەیە زۆر مەحاڵە هیچ لایەنێک بەم ئەقلییەتو ئالیەتەوە بتوانێت سەرکەووتوو بێت، بۆ ئەمریکاو بەریتانیا شکستیاننەهێناوە لە کەرکوکدا؟ ناکرێت تۆ شکستەکە بکەیتە کراسی عوسمانییو بیکەیتە بەری ئەو کەسەی، کە رقت لێیەتیو بڵێیت وەڵڵا شکستی هێناوە.

**ڕۆژنامە: بەپێی ئـــەوەی یەکێتیو پارتی زۆرینەی پۆستە ئیدارییەکانیان لەبەردەستدایە کەرکوکییەکان شکستی کورد لە کەرکوک دەخەنە ئەستۆی ئەو دوو حیزبە سەرەکییە؟**

* لەو ڕووەوە قسەی لەسەر بکەی بەپێی قورسایی کورد لە کەرکوکدا کورد زیاتر شکستی بەرکەوتووە، بۆ نموونە هەموو ئاشورییەکانی ئەم شارە چەند هەزار کەسێکن، بۆیە هێندەی ڕێژەی خۆیان شکستیان بەردەکەوێت، ئەگەر کورد لە هەموو پۆستە ئیدارییەکان بکشێنیتەوە بـــەرەی تورکمانی، یان گردبوونەوەی عەرەبی بکەیتە شوێنیان هەمان بارودۆخ دەبێت، چونکە شاری کەرکوک شارێکی فرەکلتوورو ئایینو مەزهەبو فرەنەتەوەیە ئەو حیزبانەی، کە لە بازنەی کەرکوکدا کە بە بۆچوونی خۆیان گـــوزارشـــت لە بـــەرژەوەنـــدی کەرکوک دەکەن هەرچەند ئەوە وانییە، چونکە ئەو حیزبانەی هەیە لەم شارە، ئەگەر حیزبێکی قەومی نەبێت بە تەئکید حیزبێکی دینییە، ئەم حیزبە دینییو قەومییانەش ناتوانن گوزارشت لە ڕای گشتیی کەرکوک بکەن.

**ڕۆژنامە : کەوابوو ئەم میراتگەرییەی کەرکوک کەی کۆتاییدێت؟**

* کـــەی ئـــەو حـــیـــزبـــانـــە بە بیربۆچوونەکانیان توانییان گوزارشت لە ڕای گشتیی شەقامی کەرکوک بکەن، ئەو کاتە ئەم میراتگەرییە کۆتاییدێت، ئیتر گرنگ نییە ئەو کاتە کێ حکوم دەکات، گرنگ ئەوەیە کێ خزمەت دەکات.

**ڕۆژنـــامـــە: باسی ئـــەوە دەکـــرێـــت، یەکێتیو پارتی لە کەرکوک سەرقاڵی خۆدەوڵەمەندکردنو حیزبایەتی کردنن، نەک کوردایەتیو خزمەتکردنی شارەکە، پێتوایە ئەم بۆچوونە دروستە؟**

* من پێش چەند ساڵێک وتوومە ئێمە جاران بە خوێنی خەڵکەوە بازرگانیمان دەکرد، بەڵام ئێستا بە پارەی میللەتەوە ئەسڵەن ئەمڕۆ حیزبایەتی بووەتە بازرگانیکردن.

**ڕۆژنـــامـــە: تاچەند خەمساردییو لاوازیـــی ئـــەدای سەرکردایەتی کورد هۆکارە بۆ چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوکو نەگەڕانەوەی بۆ سەر هەرێم؟**

* بە دڵنیاییەوە کاریگەری زۆرە، چونکە کورد تائێستا لایەنە قەومییەکەی بەلاوە گرنگ نییەو لایەنە حیزبایەتییەکەی بەلاوە گرنگترە، هەتا ئێستا سەیربکە حیزبە کوردییەکان مەودای ڕقیان لە یەکتر چەندە، گرنگ نییە تاچەند خزمەتی کـــورد دەکـــەن، یان تاچەند لە خەمی کێشەی کەرکوکدان هەتا ئێستا یەکێتیو پارتی پێیانخۆشە کەسێک دژی گۆڕان بێت، یان لەناو گـــۆڕان بگەڕێتەوەو باوەشی بۆ بکاتەوەو پیشانیبداتو بڵێت فەرموون ئەوە دژی لیستی گۆڕانە، یان کەسێک لەناو یەکێتی بچێتە ناو گۆڕانو بڵێت یەکێتی گەندەڵە خۆشحاڵدەبن وە پارتیش بە هەمانشێوە، چونکە ئەوەندەی ئینتیمامان بۆ حیزبەکەمانە ئەوندە لە خەمی کەرکوکدا نین.

**ڕۆژنامە: لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کـــورد بە چەند لیستێک بەشداری دەکات، تۆ یەک لیستیت پێ باشترە؟ یان فرەلیستی؟**

ئەبوشەهاب: تائێستا ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئاستێکی مام ناوەندییە بگرە کەمتریش بەداخەوە، چونکە ئەم پرسیارە هەموو کات ئەیلێنەوە فرە لیستیو یەک لیستی پەیوەندی بەوەوە نییە، کە کورد یەک پارچەیە یان دوو پارچەیە، لیست پەیوەندی بە بەرنامەوە هەیە ئایا ئەو بەرنامەیەی هەیەتی چییە؟ ڕەنگە چەند بەرنامەیەک بێت هەریەکەو گوزارشت لە توێژێک بکات، یان لە کارێک بکات، یان لە ئامانجێکی دیاریکراو ئەمانە وا دەکەن چەند لیستێک هەبێت نەوەکو ئەوەی کە حەزم بە یەک لیستی یان بە فرەلیستی؟ من حـــەزم دەکـــرد هەموو کـــورد یەک لیست بوایە، بەڵام ئایا ئەمە دەکرێت؟ بۆیە بەداخەوە لای ئێمە فرەلیستی پەیوەندی بە کاری سیاسییەوە هەیە هەر لایەک دەیەوێت خزمەتی حیزبەکەی خۆی بکات پێیخۆشە لیستەکەی خۆی سەربکەوێت نەوەکو ئەو بەرنامەیەی، کە دەبێت دابنرێت.

**ڕۆژنامە: لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیشدا بە هەمانشێوە کورد بە چەند لیستێک دادەبەزێت، لە کەرکوک فرەلیستی چ خزمەتێک بە کورد دەکـات؟ وە ئایا سوودی بۆ کەرکوک دەبێت؟**

* بۆ ئەوەی میللەتی کورد هەمووی بهێنیتە سەر شەقامو کێبڕکێی لا دروست بکەیت پێموایە فرەلیستی باشترە، چونکە نە پارتیو نە یەکێتیو نە گۆڕانو نە منو جگە لە ئێمەش ناتوانن گوزارشت لە بۆچوونی هەموو کوردێک بکات، لەبەر ئەوە ئەگەر بتەوێت هەموو لایەنگرانی کورد بهێنیتە سەر سندوقی دەنگدان دەبێت بگەڕێت بە دوای ئەو بەرنامەیەی، کە هەستی توێژێک دەجوڵێنێت بیهێنیتە سەر سندوقی دەنگدان، بۆیە ئامانج لە فرەلیستی دەتوانیت ترسی داهاتوو کەم بکەیتەوە، کە بەرنامەی ئایندەت لەسەر چەند لیستێک بوو لەسەر ستراتیژێک یا لەسەر بەرنامەیەکی داهاتوو یا لەسەر چوون بۆ ناو هۆڵی دەنگدان، یان بۆ بابەتێکی چارەنووسی کورد ئەو کاتە دەتوانن دەنگەکانیان یەکبخەن.

ئەوە باشترە لەوەی کە تۆ بە یەک لیست داببەزیت کۆمەڵێک لەوانەیە باوکی بەدەستی لایەنێک کوژرا بێت، یا کەسێک لایەنێک نانبڕاوی کردبێت ئەویش لە ڕقـی ئـەوە دەنـگ نـادات، بەڵام ئەم فرە لیستییە ئەگەر بتوانێت هەموو کوردێک بهێنێتە سەر سندوقی دەنگدانو بۆ بڕیارە چارەنووسازەکانی کورد دەنگەکانیان یەکبخەن، ئەوە فرە لیستیم زۆر پێ باشترە.

**ڕۆژنـــامـــە: فرەلیستی لە کەرکوک قورسایی کورد زیاتر دەکـات، یان بە پێچەوانەوە؟**

* پێموتی قـــورســـایـــی کـــورد بە فرەلیستی نە زیاد دەبێتو نە سووکیش دەبـــێـــت، دەبـــێـــت بزانیت بەرنامەی سیاسیی کوردی چییە؟ ئەوە قورسایی کورد زیاد دەکـات بۆ نموونە ئەگەر کورد بەرنامەیەکی هەبێت بەرنامەکەی بریتیبێت لە گەندەڵییو ناعەدالەتیو خۆخواردنو دژایەتیکردنی یەکتری ئەمانە کورد سووک دەکات لە کاتێکدا ئەگەر یەک لیستیش بێت، بەڵام ئەگەر هاتوو فرەلیستی بوو بە بەرنامەیەکی ڕوونو ئاشکراو قسەکردن بوو لەسەر چارەنووسی کوردو ئایندەی عێراق، چونکە ئێمە بەشێکین لە عێراق ئەمانە وا دەکەن سەرکەوتنەکەمان مسۆگەر بێت، قورسایی کورد بە یەک لیست زیاد ناکات، خۆ سەدام حسێن تەنیا بوو، بەڵام هیچ قورساییەکی زیادی نەکرد نە لە مەحافلی دەرەوەو ناوخۆ، نە لە مەحافلی دەوڵەتی عەرەبی، سـەدام حسێن سووک بوو لەبەر ئەوەی تەنیا بوو، ئایا کورد حەز دەکات یەک لیست بێت؟، بەڵام هەمان ئایدیاو بۆچوونی سەدام حسێنی هەبێت لە ڕووی قەدەغەکردنی دیموکراتییەتو ستەمکردنو بوونی فەساد؟ بۆیە دەبێت ئێمە تیشک بخەینە سەر بەرنامەکە، کە قورسایی کورد زیاد دەکـات نەوەکو فرەلیستیو یەک لیستی.

**ڕۆژنامە: بەڕای تۆ دروستبوونی چەند لیستێکی کوردی، لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە یەکێتیو پارتی نەیانتوانیوە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بکەن؟**

* هیچ حیزبێک ناتوانێت نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی هەموو میللەتێک بکات، بە حیزبە پێشکەوتووەکانی دنیاشەوە ئەوەتا لە سوید چەند حیزبێک هەیە لە ئەمریکا دوو حیزبی سەرەکی هەیە، مومکین نییە حیزبێک بتوانێت ئەم هەموو کەللەیە لە مەنجەڵێکدا بکوڵێنێت هەموو کۆمەڵێک پێکهاتەیەکی خۆی هەیە، بۆیە بە ڕاشکاوی پێتدەڵێم؛ حیزب نییە گوزارشت لە بەرژەوەندی بارودۆخی هەژارێکو بازرگانێکو پیاوکوژێکو خوێندەوارێکو نەخوێندەوەرێک بکات، لـەبـەرئـەوە باشـیو خـراپـی حیزب لەوەدایە، کە ئەو بەرنامەی هەڵیگرتووە لە خزمەتی کێدایە؟ چونکە حەزو ئارەزووی گەنجێک جیاوازی هەیە لەگەڵ حەزی بەساڵاچوویەک، ئەگەر بەساڵاچوویەک پێویستی بە پاکوخاوێنیو خزمەتی باش هەبێت، ئەوە گەنجێکیش پێویستی بە تەکنەلۆژیای سەردەمو نەخۆشخانەو قوتابخانەی مـۆدێـرن هـەیـە، بۆیە پێمباشە حیزبایەتی بناغەیەکی هەبێت، کە بریتیبێت لە دیموکراتییەتو دیدێکی عەلمانیو بتوانیت بەرامبەرەکەت قبوڵ بکەیت، لە سەرەتاوە حیزبایەتی لای ئێمە فاشیل بووەو فاشیل بوونەکەش لەو خاڵەدا کۆدەبێتەوە، کە لە ڕقی ئەو ئەم دروستبووە بۆ نموونە ئێستا لیستی گۆڕان لە ئەدای نا تەندروستی یەکێتیو پارتی دروستبووە لەسەر بنەمای زەروورییەت دروست نەبووە، کە ئایا ئەمڕۆ کورد پێویستی پێیەتی یان نا، هەتا ئێستا لای ئێمە لەسەر خراپەی ئەویتر ئەم دروستدەبێت لەسەر چاکەی ئەم ئەو دروستنابێت، لەبەرئەوە ئەو مونافەسەیەی لای ئێمە مونافەسەیەکی نا شەریفانەیە دەبێت بەدوای ئەوەدا



**کەرکوک بارودۆخێکی تایبەتی هەیە، زۆر مەحاڵە هیچ لایەنێک بەم ئەقلییەت و ئالیەتەوە بتوانێت سەرکەووتوو بێت**

**قورسایی کورد بە یەک لیست زیاد ناکات، خۆ سەدام حسێن تەنیا بوو، بەڵام هیچ قورساییەکی زیادی نەکرد نە لە مەحافلی دەرەوەو ناوخۆ، نە لە مەحافلی دەوڵەتی عەرەبی، سەدام حسێن سووک بوو لەبەر ئەوەی تەنیا بوو، ئایا کورد حەز دەکات یەک لیست بێت؟**

# ئێریک گوستافسن:

# گۆڕان هێواش ڕوودەدات، بەڵام گرنگە هەر لەئێستاوە دەست پێبکەن‌و دەزگای دادوەریی سەربەخۆتان هەبێت

سازدانی: شاڵاو فەتاح

٢-٢

**تائێستا قەزایەکی سەربەخۆ لە باکوور نییە، چونکە کێ قازییەکان هەڵدەبژێرێت؟ لەبەر ئەوە قەزا سەربەخۆ نییە، بۆیە پێموایە؛ گۆڕان هێواش دەبێت بەڵام گرنگە لە ئێستاوە دەستپێبکەن‌و دادگایەکی سەربەخۆتان هەبێت**



ئێریک گوستافسن

**رۆژنامە: باسی دوو ڕەهەندی سەرەنجڕاکێشت کرد، یەکێکیان پەیوەستە بە گۆڕانی تێڕوانینی کۆمەڵگە، دووەمیان هەڵوێست‌و کاری سەرکردە سیاسییەکان، لە ئێستادا کە ئەم دوو لایەنە تەریب نیین، بەمانای ئەوە دێت کۆمەڵگەی کوردی ئامادەی گۆڕان نییە؟**

ئێریک گوستافسن: پێموایە ئەوە کاتی دەوێت، ئێمە چەندین نەوەمان بینیوە زیانیان پێگەیشتووە، ژیرترین‌و خاوەن پەروەردەترین کەسان ناچاربوون وڵات جێبهێڵن. دەبینین ئەمەش چۆن کاریگەریی هەبووە بۆ سەر پەروەردەو کەرتی پەروەردە. ئاستی پەروەردەو فێرکردن لە باکوور هێشتا باش نییە، پێشکەوتنی زۆر هەیە کە پێویستە بەدەستبێت.

ئاستی چاودێریی تەندروستیش لە باکوور باش نییە، ئەمەش کاتی دەوێت بۆ چارەسەرکردن، ئەمەش کە دەڵێم هەر کامێکیان، یەکێتی‌و پارتی‌و گۆڕان، هەر کامێکیان حوکمی باکوور بکەن، پێویستە پەروەردەو فێرکردن لە ئەولەویاتیاندا بێت، پێویستە ریفۆرمی پەروەردەیی لە ئەولەویاتیاندا بێت، ئەمەش بە مێریتۆکراسی دەستپێدەکات، بە مانای ئەوەی تۆ نابێت کەسانێک بکەیت بە بەرپرسیار بەسەر پەروەردەو چاودێریی تەندروستییەوە تەنیا لەبەر ئەوەی لایەنگری پارتێکی تایبەتن، ئەگەر دەتەوێت مێریتۆکراسی لە باکوور گەشە پێبدەیت، دەبێت بە خوێندنگەکان دەستپێبکەیت، ئەگەر ئەمەت کردو کوالێتی پەروەردەو فێرکردنت بەرزکردەوە، خوێندکارەکان دەکەونە رکابەری بەجێگەیاندنی هەرچی باشتری کارەکانە. شێوازی پەروەردە لە عێراق‌و لە کوردستانیش لەبەرکردنە، خوێندکارەکان هاننادرێن کە سەربەخۆیانە بیربکەنەوە، مشتومڕ لەسەر ئایدیاکان بکەن، بنووسن، تێز گەڵاڵە بکەن، ئەوەی کە فێردەکرێن زۆربەی لەبەرکردنە، «من بەنیازم یاسای فلانت پێبڵێم‌و تۆش دەبێت ئەمەو ئەوە لەبەربکەیت»، ئەگەر بەڕاستی بتەوێت مێریتۆکراسی گەشە پێبدەیت، دەبێت بەهرەوەرەکان بدۆزیتەوە، وەبەرهێنان لە پەروەدەدا بکەیت، زیاتر خەرج بکەیت، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدایکبوونی نەوەیەکی نوێ لە عێراق، نەوەیەکی ئامادەکراوتر، نەوەیەک ئەو گۆڕانەی پێ ئەنجامدەدرێت، کە باسمان کرد، ئەمە هەروەها دەبێتە هۆی گۆڕانی عەقڵیەت.

ئێستا تۆ عەقڵیەتی کۆنت هەیە، کە بەهۆی رژێمی سەدام‌و ستراکتۆری خێڵەکیی کۆمەڵگەوە دروستبووە، ئەو عەقڵیەتەی کە دەڵێت؛ «من ئەوەت بۆ دەکەم، تۆ چیم بۆ دەکەیت»، ئەوەی ئێمە پێویستمان پێیەتی لە نەوەی نوێ شتێکە جیاوازیەکی ریشەیی هەیە، نەوەی نوێ نابێت بیر لەوە بکاتەوە چی لە حکومەت دەستدەکەوێت، بەڵکو بیر لەوە بکەنەوە چی بۆ خەڵک دەکەن، چی دەکەن بۆ کوردستان، چی دەکەن بۆ عێراق، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆو گەشەپێدانی کەرتی تایبەت، دەبێتە هۆی دەستپێکی ململانێ لەگەڵ مۆنۆپۆڵکردنی ژیانی گشتیی لە عێراق، ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕانی شتەکان بەشێوەیەکی ریشەییانە، بەڵام ئەمەش تەحەدایەکە، لەلایەکەوە عێراق نەوتێکی زۆری پێبەخشراوە، بەڵام ئەم نەوتەش بەشێکە لە کێشەکە، چونکە حکومەت بەرهەمی نەوتی لەبەردەستدایەو دەتوانێت یاری بە سامانەکەی بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پارتە سیاسییەکان ململانێ بکەن بۆ ئەوەی دەست بەسەر ئەو پارەیەدا بگرن، من لێرەدا باسی بەتایبەتکردنی کەرتی نەوت ناکەم، لەبەر ئەوەی پێناچێت ئەوە رووبدات، بەڵام تەنیا ئەوەندە بەسە، کە بەشێوەیەکی متمانەپێکراو سامانی نەوت خەرجبکرێت، بەشێوەیەک کە راستەوخۆ پارتە سیاسییەکان کۆنترۆڵی نەکەن، سەیرکە چی روویداوە لەدوای رووخانی رژێمەوە لە (٢٠٠٣)، چەند ملیار، ملیار دۆلار کە لە حکومەتی ناوەندەوە تەرخانکراوە بۆ باکوور دیارنەماوە، ئەمەش ئاکامی ئەوەیە پارتە سیاسییەکان دەستیان بەسەر ئەو سامانەدا گرتووە.

بۆیە گۆڕان کاتێک روودەدات، کە خەڵکێک هەبێت داوابکەن کە سامانی نەوت لەژێر دەستی پارتە سیاسییەکاندا دەربهێنرێت‌و بخرێتە ژێر دەستی چەند بەرپرسێکی حکومییەوە، کەسانێک کە بۆ بەرژەوەندی خەڵک کار دەکەن.

**رۆژنامە: هەرکاتێک خەڵک داوای گۆڕان‌و ریفۆرم دەکەن، بە مەترسیی دەرەکیی ئاگادار دەکرێنەوە، پێیان دەوترێت دەبێت ئاگاداری مەترسییە دەرەکییەکان بن، ئاگاداری هەڕەشەی بەغدا، یان ئێران بین، ئەمە کاریگەریی چۆن دەبێت؟**

ئێریک گوستافسن: باشە ئەوان دەتوانن بە پاککردنەوەی ماڵەکانی خۆیان دەستپێبکەن‌و دەرگاکانیان خاوێن رابگرن، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر هەڕەشەکان دەرەکین ئەوە شەفافانە نیشانی خەڵکی بدە، کە پارتەکەی خۆت لەلایەن ئەو هێزە دەرەکییانەوە پاڵپشتی مادی ناکرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەڕەشەکی وەها گەورەت لەسەرە بیسەلمێنە کە تۆ تەنیا بەرژەوەندی عێراقت دەوێت، بەرژەوەندی خەڵکی عێراق نەک هێزە دەرەکییەکان، من ئەوە وەک ستراتیژێک دەبینم، چونکە هەمیشە رێژەیەک لە هەڕەشەی دەرەکی هەیە لەسەر عێراق، بەڵام پێموایە؛ ئەمە تەنیا ستراتیژێکە بۆ پاساودانی مامەڵەی خراپ، کە لە بەرژەوەندی خەڵکدا نییە، بۆ پاساودانی بەردەوامبوونی شێوازی حوکمی کۆن‌و ریفۆرم نەکردن، ئەمەش بوونی خاڵێکە کە بوونی ئۆپۆزسیۆن لە عێراق بە ئیجابی دەکات، لەبەر ئەوەی گفتوگۆی سەرنجڕاکێش دەستپێدەکات، پێموایە؛ ئەو پەیامەی گۆڕان داویەتی ئەوەیە بڵێت، هێی، ئێمە عەرەب‌و ئێران‌و هێزە دەرەکییەکان تۆمەتبار ناکەین، ئێمە لە ناوخۆی خۆمان دەڕوانین‌و دەمانەوێت بزانین بۆچی ناتوانین بەو خێراییە پێشبکەوین، کە دەبوو وابوایە، لەوانەیە ئەمە پەیوەست بێت بە ریفۆرم لە ناوماڵی خۆمان. بیرکردنەوەیەکی باوە بۆ ئەوانەی، کە لە دەسەڵاتدان کە پەنجە بۆ کەسێکی دیکە رابکێشن، کە بڵێن هەڕەشەکان لەودیو سنوورەوەن، هەروەها دەیانەوێت وێنای ئۆپۆزسیۆن بە «نانیشتمانپەروەر» پیشانبدەن، ئەمە لە ئەمریکاش روودەدات، هەمان شت روودەدات، بۆیە دەڵێم؛ ئەمە ستراتیژە، پرسیارەکەت بە دوو شێوە وەڵامدەدەمەوە، یەکەمیان ئەوە ستراتیژە، بەڵام ئەوانەی ئەو جۆرە لێدوانانەش دەدەن دەیانەوێت بڵێن؛ کە هیچ کاریگەرییەکی دەرەکییان لەسەر نییە، بەڵام هێشتا بودجەکانیان بڵاونەکردووەتەوە، ئەو پارتە سیاسییانە پیشانی نادەن، کە چەند پارە پەیدا دەکەن‌و لە کوێ پەیدای دەکەن، ئەمەش کێشەدارە، بۆیە پێموایە گۆڕانی ریشەدار کاتێک روودەدات، کە فشاری ئەوە بکرێت کە پارتە سیاسییەکان لەلایەن حکومەتەوە فەند نەکرێن، ئەم فشارە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنیشەوە بکرێت، چونکە پێموایە؛ ئەوە کێشەدارەو پارتی سیاسیی پێویستە بۆخۆی کار بکات‌و تاکەکەسەکان پشتگیریی بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانێکی ستراکتۆریی، کە بە مانای گۆڕان لە کلتووردا دێت، ئایا حاڵی حازر، هیچ کەسێک پارە دەبەخشێتە پارتێکی سیاسیی؟ نەخێر، بۆیە دەڵێم گۆڕان لە خەڵکەوە دێت‌و هەروەها بە گۆڕینی یاسای یارییەکە دەبێت، گۆڕینی چۆنێتی وەگەڕخستنی حکومەت، ئەگەر مەبەستمان لە گۆڕانی ریشەیی بێت، ئەوا دەبێت پارتی سیاسییمان هەبێت کە تەنیا لەلایەن تاکەکەسەکان خۆیانەوە پشتگیریی بکرێن نەک حکومەت، بەڵام ئایا پارتێکی سیاسیی لەوشێوەیە کەی چانس‌و توانای رکابەریی حیزبێکی هەیە، کە بە ملیۆن ملیۆن ملیۆن دۆلار لە حکومەت یان دەوڵەتەوە وەردەگرێت؟، لەبەر ئەوە تەنیا پەیوەندی بە دەسەڵات وەرگرتنی ئۆپۆزسیۆنەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کێشەی هەیکەلییەوە هەیە، عێراق بەجۆرێکە بەتایبەت لە باکوور، کە زۆر گرانە ریفۆرمی ریشەیی تێدابکرێت.

**رۆژنامە: ئێستا کۆمەڵگەی کوردی دۆخێکی تایبەتی هەیەو ئەوەش بەهۆی ئەو پشتگیرییە نێودەوڵەتییەی لێیدەکرێت، چونکە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە وەک «قوربانی» سەیر دەکرێین، بەڵام لە راپۆرتی رێکخراوی «چاودێری مافی مرۆڤ» دەربارەی کوردستان هاتووە، کە دەسەڵاتدارانی کوردستان کەمینەکان دەچەوسێننەوە، پێتوایە بەردەوامبوونی ئەو بارە مەترسیی بۆ پێگەی کورد دروستدەکات، یاخود یارمەتیدەر دەبێت؟**

ئێریک گوستافسن: پێموایە بەهیچ جۆرێک یارمەتیدەر نابێت، وەک قوربانییەکی چەندین نەوە لە توندوتیژی‌و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ئێوە متمانەتان پێدەکرێت، بەڵام کاتێک کە ئەم «قوربانی»مافەکانی مرۆڤە دەبێتە جەلاد، پێموایە؛ ئەمە زەرەرێکی زۆر لەو متمانەیە دەدات، کە هەیەتی.

بۆیە پێموایە ئەوە زۆر کێشەدارە، کێشەکە ئەوەیە کاتێک، کە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردییتان هەبوو دژی رژێم، لە زۆر لایەنەوە دەبوو بەجۆرێک مامەڵە بکەن، کە دیموکراتی نەبوو، چونکە پێکدادانی سەربازیی بوو، بۆیە حیزبەکان بە شێوازی خێڵەکیی‌و سەربازیی مامەڵەیان دەکرد.

ئێستا کە بزووتنەوەی بەرهەڵستکاریی، یان گەریلا نین‌و باری حوکمکردنتان لەسەر شانە، بەڵام هێشتا وەڵامی هەڕەشەکان دەدرێتەوە، بەجۆرێک دەکرێت بڵێم، کە هێشتا ماوەی گواستنەوەیە بۆ هەندێک کەس لەو پارتە سیاسییانەدا، پێموایە نەوەی گەنجترو تازەتری ناو ئەم پارتانە، یان پارتی تازەی وەک گۆڕان ئاراستەی ئەمە دەگۆڕن، بەڵام ئێستا ململانێیەکی زۆر هەیە لەنێوان باکوورو عێراق، ناوچە جێناکۆکەکان‌و ئەو کەمینانەی لێی نیشتەجێن لەژێر فشارێکی هێجگار گەورەدان بۆ ئەوەی لایەنێک هەڵببژێرن، پێموایە لێرەوە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەستپێدەکات‌و بەداخەوە خەڵکی ئەم ناوچانە دەبنە قوربانی.

شتێکی زۆر گرنگ پێموایە؛ دەبێت باسی بکرێت بریتییە لە گەشەپێدانی حوکمی یاسا لە عێراق، هەموو کەس یەکسان بێت لە ژێر حوکمی یاسادا هەتا بەهێزترین ئەکتەرە سیاسییەکان، ئەمەش پێموایە کاتی دەوێت، پێموایە تائێستا قەزایەکی سەربەخۆ لە باکوور نییە، چونکە کێ قازییەکان هەڵدەبژێرێت؟ لەبەر ئەوە قەزا سەربەخۆ نییە، بۆیە پێموایە؛ گۆڕان هێواش دەبێت بەڵام گرنگە لە ئێستاوە دەستپێبکەن، کە دادگایەکی سەربەخۆتان هەبێت.

لەلایەکی دیکەوە پێموایە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەبێت رۆڵێکی زۆر گەورە بگێڕن، لەبەر ئەوەی مۆدێلێکی گەورەن بۆ گەشەکردن، لەبەر ئەوەی کاتێک کۆمەڵگەیەکت هەیە لە گوندێک، کە ئاویان نییە، ئەمە تەنیا کێشەیەکی مرۆیی نییە، بەڵکو کێشەی مافی مرۆڤیشە، لەبەر ئەوەی هەموو تاکە کەسێک لە کوردستان‌و عێراق پێویستە دەستی بە ئاوی خاوێن بگات، بە پەروەردەو فێرکردن، بە چاودێریی تەندروستی، بە ژیانێکی بەرهەمهێنەرانە، بە شکۆداریی، مافی ئەوەی لە هێزە ئەمنییەکان نەترسێت، ئەگەر شتەکان بەم ئاراستەیەدا بڕوات، ئەوە خەڵکی عێراق بەڕاستی لە دژی دیکتاتۆرییەت شەڕ دەکەن، ئەمە هێنانەدی خەونی پێشمەرگەی لادێکان بوو بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەک لەژێر حوکمی یاسادا نەک هێز.

**رۆژنامە: پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان وەک ئۆپۆزسیۆن پێشبینی چی دەکەیت لەم بزووتنەوەیە، پێتوایە ئەم بزووتنەوەیە میکانیزمێکی پۆزەتیڤی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان خوڵقاندبێت، پێتوایە ئەم بزووتنەوەیە باشترە ببێتە پارتێکی سیاسیی، یان وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بمێنێتەوە؟**

ئێریک گوستافسن: زانیاریی پێویستم لەبارەی گۆڕان‌و سەرکردەکانییەوە نییە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، دەتوانم لەبارەی هیواکانمەوە قسە بکەم، هیوام وایە کە یاسایەک دەربکرێت داوای هەنگاونان بکرێت، دەبێت پلاتفۆرمی حیزبییت هەبێت، کە باسی بابەتەکانی وەک مافی مرۆڤ بکات، باسی کەمکردنەوەی توندوتیژیی بکات، باسی پچڕاندنی لینکی بودجەی حیزبی بکات لە حکومەت، باسی جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت بکات، باس لە رێکخستنەوەی شێوازی حیزبەکان‌و چەندێتی کۆنترۆڵیان بەسەر ژیانی گشتییدا بکات، باس لە بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و کەرتی تایبەت بکات، لەبەر ئەوەی پێموایە؛ کاتێک کە کەرتی تایبەت بەهێز دەکەیت، کە کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆ بەهێز دەکەیت، ئەوانە لە حیزبە سیاسییەکان زیاتر دەتوانن گۆڕان دروستبکەن لە کۆمەڵگەی عێراقیدا؟ پێموایە هەتا ئۆپۆزسیۆن تەنیا پارتێکی دیکەی سیاسیی بێت، هەتا فشار لەلایەن خەڵکەوە نەکرێت بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆ، رێکخراوی ناحکومیی، کە هەموو پاڵپشتییەکی مادیی لەلایەن قەوارە سیاسییەکانەوە رەتبکەنەوە، ئەمە زۆر کەم هەیە لە باکوور، زۆر زۆر کەم، بەڵام هەتا جووڵانەوەیەکی گەورە بەو ئاراستەیەدا نەبێت‌و لەلایەکی دیکەشەوە، هەتا کەرتی تایبەت، کەرتێک کە دەسەڵاتی سیاسییەکان بە تەواوەتی رەتبکاتەوە، کەرتێک دەستبکات بە بزنس‌و چالاکیی بەجۆرێک بە تەواوی جیابێت لە حکومەت‌و حیزبە سیاسییەکان، هەتا ئەم هێزانە نەبینین لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، پێموایە دۆخەکە هەروەک خۆی دەمێنێتەوەو هەر بزنس دەبێت عادەتەن.

هەر حیزبێکی سیاسیی دەیەوێت دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت، جا ئێستا پارتێکەو دە ساڵیتر پارتێکی دیکە.

**رۆژنامە: دەستووری کوردستانت بینیوە، دوا ڤێرژنی؟**

ئێریک گوستافسن: نەخێر نەمدیوە، بەڵام لێی دەترسم، چونکە لەلایەن پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە نووسراوە، بۆیە زۆر رەشبینم، پێموانییە؛ دەستوورێک بێت خەڵک پێویستیان بێت، چونکە نوسخەی پێشترم بینیی هیچ بەدڵم نەبوو.

# یاسا گرنگەکان بۆ کورد دەکەونە بەردەم پەرلەمانی داهاتووەوە

**چەندین یاسای گرنگی دیکە هەن بۆ کورد، کە پەرلەمان نەیتوانیوە لە چوار ساڵی تەمەنیدا تاووتوێیان بکات، لەوانە: پڕۆژەیاسای بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمییو پڕۆژەیاسای دادگای فیدراڵی (کێشەی نێوان هەرێمو بەغدای تیا یەکلایی دەکرێتەوە)، پڕۆژەیاسای دابەشکردنی داهاتە فیدراڵییەکان**

هەستیار قادر

ژمارەیەک یاسای گرنگ بە کورد لە پەرلەمانی عێراق پەسەندنەکراونو بۆ پەرلەمانی داهاتوو بەجێهێڵراونو ئاماژەکانیش بۆ ئەوە دەچن، کە لە پەرلەمانی داهاتوودا کورد هێزی کەمبێتەوەو پرۆسەی پەسەندکردنی ئەو یاسایانەش قورس بکات.

## بەرهەمی پەرلەمان چی بووە؟

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی کۆتاییهاتنی تەمەنی پەرلەمانی عێراق، کە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق (٤٥) ڕۆژ پێش وادەی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی ئێستایە، کە لە (٢٠٠٦/٣/١٦) ئەنجامدراو دوا هەناسەی پەرلەمان دەکاتە (٢٠١٠/٢/١)، ژمارەیەک یاسای گرنگ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، یان تەنیا یەک خوێندنەوەی بۆ کراوەو هەندێکیشیان قڕوقەپی لێکراوە.

## یاسا گرنگەکان:

گەلێک یاسای گرنگ بۆ کورد هەن، کە پەرلەمانی عێراق لە ماوەی تەمەنیدا نەیتوانیوە پەسەندیان بکات، لەوانە یاسای نەوتو گازو پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای نیشتمانی نەوتو گاز، کە تا هەندێکی باش کێشەی نەوت لە نێوان هەرێمو ناوەندا چارەسەر دەکاتو لەپاڵ ئەم پڕۆژەیاسایانەشدا کە چەندین یاسای گرنگی دیکە هەن بۆ کورد، کە پەرلەمان نەیتوانیوە لە چوار ساڵی تەمەنیدا تاووتوێی بکات، لەوانە: پڕۆژەیاسای بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمییو پڕۆژەیاسای دادگای فیدراڵی (کێشەی نێوان هەرێمو بەغدای تیا یەکلایی دەکرێتەوە)، پڕۆژەیاسای دابەشکردنی داهاتە فیدراڵییەکان.

ئەمە جگە لە چەندین پڕۆژەیاسای گرنگی دیکە، کە کورد وەک بەشێک لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا سوودیان لێ دەبینێت، لەوانە یاسای پارتە سیاسییەکانو هەمواركردنی دەستوورو پڕۆژەیاسای ڕۆژنامەنووسیو چەندین پڕۆژەیاسای دیکە.

ئەبلەحەد ئەفرایم ساوا، بڕیاردەری پەرلەمانی عێرق لەو بارەیەوە بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە؛ کە لە تەمەنی چوار ساڵی پەرلەماندا (٣١١) یاسا پەسەند کراونو (١٥) بۆ (٢٠) پڕۆژەیاساش خوێندنەوەی یەکەمو دووەمیان بۆ کراوەو زیاتر لە (٣٠) پڕۆژەیاسای گرنگیش ماون، کە پەسەند نەکراون.

هاوکات د.ئەحمەد ئەنوەر ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی ئاماژەی بەوەدا، کە لە کۆی ئەو (٥٥) یاسایەی لە دەستووری عێراقدا ئاماژەی پێکراوە، کە دەبێت پەرلەمان دەریبکردایە، تەنیا (٥) بۆ (٦)یان لەلایەن پەرلەمانەوە یاسای بۆ دەرکراوەو ئەوانی دیکە ماونەتەوە.

## هۆکار چین؟

پەسەندنەکرنی چەند پڕۆژەیاسایەکی گرنگ لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، کە دەبوو لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردووی تەمەنیدا پەسەندی بکردایە، بەڕای ئاگایانی بارودۆخی پەرلەمانەوە چەندین هۆکاری هەیە، لەوانە کێشەو ململانێی سیاسییو بارودۆخی ئەمنی عێراقو چەندین هۆکاری لاوەکی دیکە، کە بە تەنیا لە ماوەی ساڵو نیوی کۆتایی تەمەنیدا توانیویەتی بە تەواویی کارەکانی خۆی وەک دەسەڵاتی یاسادانان جێبەجێ بکات.

بە وتەی د.ئەحمەد ئەنوەر شەڕی تایفی نێوان سوننەو شیعەو کێشە سیاسییەکانو ئەدای مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پێشووی پەرلەمان هۆکاری پەسەندنەکردنی پڕۆژەیاساکان بوونو ئەم هۆکارانە بووبوونە بەربەست لە بەردەم ئەو پرۆسەیەدا، ئەوەش وایکردووە چەندین پڕۆژەیاسای گرنگ بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان هەڵبگیرێن.

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی بەردەم پەسەندکردنی پڕۆژەیاساکان لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، ئەو یاسایانە بووە کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە ئاراستەیان کراوە، کە جێگەی متمانەو تەوافوقی لیستەکانی ناو پەرلەمان نەبووەو گەڕێنراوەتەوە، بەوپێیەی لەناو خودی پەرلەماندا لەدایک نەبووە، تا هەر لیستو حیزبەو بەپێی بەرژەوەندیی خۆی مادەکانی هەڵسەنگێنێت.

ئەبلەحەد ئەفرایم ساوا، بڕیاردەری پەرلەمانیش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە زۆرێک لە پڕۆژەیاسا هەن، کە پێشتر لەلایەن حکومەتەوە ڕەوانەی پەرلەمان کراونو دواتر بەهۆی بوونی ناکۆکیی لە سەری لەلایەن حکومەتەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانکاریی تیایدا کشێنراونەتەوەو دواتر نەگەڕێنراونەتەوە پەرلەمان.

## یاسای وشککراو بۆ داهاتوو

زۆربەی پێشبینییەکان بەو ئاراستەیەن، کە یاسا گرنگەکانی تایبەت بە کورد دەکەوێتە خولی داهاتووی پەرلەمانەوە، ئەویش دوای ئەوەی کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ئەنجامدەدرێتو کێشەی کوردیش لە هەڵگرتنی ئەو پڕۆژەیاسایانە بۆ پەرلەمانی داهاتوو پەیوەندی بە هاوکێشە سیاسییەکانی نێو پەرلەمانی داهاتووەوە هەیە، کە ئەگەرزۆرە کورد هەمان کورسی ئەم خولە بەدەست نەهێنێتەوە لە بە ڕێکردنی یاساکاندا بە ئاراستەی بەرژەوەندیی کورد بیهێزبێت.

عومەر بادی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی یەککگرتووی ئیسلامیی ئەو تێڕوانینەی پشتراستکردەوە بۆ ڕۆژنامەو وتی: «ئەگەرزۆرە لیستەکانی پەرلەمانی داهاتوو وەک ئێستا بمێننەوە، بەڵام پێشبینی دەکرێت لیستەکەی ئەیاد عەلاویو تاریق هاشمیو ساڵح موتلەگو سوننەکانی دیکە لە پەرلەمانی داهاتوودا بەهێزتربن، بەوپێیەش بارودۆخی ناو پەرلەمانی داهاتوو بۆ کورد ئاڵۆزتر دەبێت، سەبارەت بە پەسەندکردنی یاساکان.

## پەرلەمان تەمەنی درێژدەکاتەوە:

مانەوەی ئەو پڕۆژەیاسایانە بە هەڵپەسێردراویو ئەگەری درەنگکەوتنی یاسای هەڵبژاردنەکانو دواکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنو دروستبوونی بۆشایی دەستووریی، دەنگۆی ئەگەری درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی هێناوەتە ئاراوە، بەوپێیەی پەرلەمان لە (٢٠١٠/٢/١)وە شەرعییەتی نامێنێت.

محەمەد شەریف ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق لەوبارەیەوە وتی: «وردبینی ئەو بابەتە نەکراوە، بەڵام بۆ ئەوەی بۆشاییەکی دەستووریی و کێشەیەکی گەورەتر دروست نەبێت، ڕێگرییەک نابینم بۆ درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان، ئەگەرنا بەپێی دەستوور تەمەنی پەرلەمان بۆ (٤) ساڵەو ڕێی بە زیادکردنی نەدراوەو پێویستیشە تەمەنی پەرلەمان درێژنەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردن لە وادەی یاسایی خۆیدا نەکرا، ئەگەر هەیە پرسی درێژکردنەوەی پەرلەمان تاووتوێبکرێتو دەرچەیەکی یاساییو دەستووریی بۆ بدۆزرێتەوە.

# وردەکاریی پلانی گەڕانەوەی بەعس لە کۆنگرەکانی دەرەوەوە بۆ پەرلەمان

ڕۆژنامە

لە ڕاپۆرتێکی نهێنیو «زۆر ترسناک»ی حیزبی بەعسدا، باسی وردەکاریی چۆنێتی گەڕانەوەی ئەو حیزبە بۆ ناو پەرلەمانی عێراق دەکات. ڕاپۆرتەکە لەشێوەی «ڕێنمایی»دا هاتووە (بەڕێگەی ئیمەیڵ)، تیایدا باس لە وردەکاریی چۆنێتی کارکردنی ئەندامانی بەعس لە عێراق دەکاتو بە خاڵە هەرە سەرەکییەکانی (وەک زیندووکردنەوەی شانەمردووەکانی بەعسو دابەشکردنی سەرکردایەتی بەعس بەسەر ناوچە ستراتیژییە گرنگەکانداو هاوکاریکردن لەگەڵ ئەندامانیان لە پاسەوانی نیشتمانیو پۆلیس) دەستپێدەکات.

ئەم ڕاپۆرتە هەنگاوە بچووکو گەورەکانی بەعس هەمووی ئاشکرادەکاتو دواجاریش مەیلی گەڕانەوەی ئەم حیزبە بۆ پەرلەمان دەخاتەڕوو.

## پێکهێنانەوەی ڕێکخستن (التنظيم)

دوای ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لەساڵی (٢٠٠٣)دا کۆماری عێراقیان داگیرکرد، ڕژێمی پێشوویان هەڵوەشاندەوەو لە ١٦ی ئایاری ٢٠٠٣دا پۆڵ بریمەری حاکمی ئەوکاتی عێراق بە یاسای ژمارە (١)ی سەردەمی حوکمی خۆی بڕیاری پاککردنەوەو یاساغی ئەو پارتەی دەرکردو کردی بە پارتێکی نایاسایی، لەوکاتەدا ئەندامە گرنگەکانی حیزبی بەعس لە عێراق هەڵاتبوونو ڕێکخستنەکانیان تێکچووبوو، بەڵام ئەمە درێژەناکێشێتو حیزبی بەعس بیر لە دووبارە ڕێکخستنەوەی شانەکانی لە عێراقدا دەکات بەمجۆرە: پەیوەندیی هێڵی (١-٣) پەیڕەودەکرێت لەنێوان سەرکردەو گروپو ئەندامەکانی بەعسدا، بەو مانایەی هەر سەرکردەیەک سێ گروپ لە ئەندامانی بەعس بناسێت، بەمەرجێک هیچ یەکێک لەو گروپانە ئاگادار نەبن لەوەی سەرکردەکەیان ئەویتر دەناسێت، ئەمە جگە لە چالاککردنەوەی شانەکانی بەعس لە پاسەوانی نیشتمانی (حرس القومي)و پۆلیس (الشرطة) بەهەمانشێوە، واتە بە سیستمی چواری (١-٣). ئەم شانانەش بەتەواویی لەلایەن قیادەی بەعسییەوە ئاراستەدەکرێن لە جێبەجێکردنی کارەکانیانو چۆنێتی ئەنجامدانیان.

## هەڕەشەو ئیختیراق

یەکێک لە خاسیەتە دیارەکانی پارتی بەعس لەکاتی گرتنەدەستی دەسەڵاتو بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ڕکابەرەکانیو هاوڵاتییان، هەروەها پێش گرتنەدەستی دەسەڵات لە عێراقدا بریتی بووە لە هەڕەشەو کاری موخابەراتیو دزەکردنە ناو زانیارییە ڕەسمییە نهێنییەکان، بەڵام ئەم خاسیەتە لە زیندووبوونەوەی ئەم پارتەدا هێشتا ماوە، یەکێک لە کارەکانی ئێستای ئەم پارتە چاودێریکردنی سەرکردەکانی خۆیەتی لە پاسەوانی نیشتمانیو پۆلیس بەمەبەستی پاککردنەوەی ئەوانەی کە لەگەڵیاندا دڵسۆز نین، جگە لە تەرکیزخستنە سەر هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی بەهێز بۆ شانەکانیان. سوود وەرگرتن لە ئەو ئەندامانەی دەستیان بە زانیاریی ڕادەگات یەکێکی دیکەیە لەو خاڵانەی کە بەعس گرنگییەکی زۆری پێدەدات. ئەمە جگە لە کڕینی بەشێک لە ئەندامانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە هێزی سەربازییو سوودوەرگرتن لە ئۆتۆمبێلەکانی ئەو هێزە، چونکە «بۆ کاتی پشکنین باشەو گومانیان کەمتر لێدەکرێت»، تەرکیزیش دەخرێتە سەر کڕینو ڕاکێشانی ئەو شۆفێرانەی کە ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان لێدەخوڕن. حیزبی بەعس لە ڕاپۆرتەکەیدا ڕایگەیاندووە کە «سەرۆکایەتی گشتیی بەرهەڵستکاریی نیشتمانی لەدوا کۆبوونەوەی خۆیدا لە عەممانو لیژنەی ئیستخباراتو شەڕی دەروونیش لە دوا کۆبوونەوەیدا لە قاهیرە» بڕیاریانداوە، کە ئەندامانی بەعس ئازاد بن لە جێبەجێکردنی ئەو هەنگاوانەی سەرەوە پێش دەستپێکردن بە کاری گەورەی لێدانو پاککردنەوەی نیشتمان لە عەمیلەکانی بێگانە، لەپێناوی کارکردن بۆ زیادکردنی رقی خەڵک لە حکومەتی عێراقو کارکردن بۆ کاریگەریی دروستکردن لەسەر هەڵبژاردنی داهاتوو.



پۆستەرێکی (سەدام حسێن) سەرۆکی پێشووی حزبی بەعسی ڕووخاو

## میدیاو لەکەدارکردنی حکومەت

لە ڕێنماییەکانی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەدرێت بۆ لەکەدارکردنی حکومەتی ئێستا، لەوانە: وەگەڕخستنی کەمپەینێکی پەرلەمانیی بە هاوکاریی لەگەڵ هاوکارانی مقاوەمە لە ئەنجومەنی نیشتمانیو حیزبە نیشتمانییەکانو دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. تەرکیزخستنەسەر کەمپەینی میدیایی ڕێکخراو لەسەر گەندەڵییو بەفیڕۆدانی سەروەتی گشتیی (بە دۆکیۆمێنت)و بەتایبەت وەزارەتەکانی ئیئتلافی دەسەڵاتدار، لەپێناو لاوازکردنی حکومەتو ئیحراجکردنیدا. جێبەجێکردنی هەڵمەتێکی گەورە لەدژی ئەو بڕیارو یاسایانەی کە لەلایەن حکومەتەوە دەرکراونو هاوڵاتییان لێی سوودمەندبوون، ئەمەش بەنیازی بەتاڵکردنەوەو ڕەتکردنەوەیانن، بۆئەوەی رقی خەڵک بەرامبەر حکومەت زیاتر بێت.

سوودوەرگرتن لە هەندێک لایەنی پەرلەمانیی بۆ بەربەست دروستکردن لەبەردەم هەندێک یاسا کە ڕەنگە ببنە هۆی باشکردنی ئابووریی خەڵکو بەرزکردنەوەی جەماوەری حکومەت. هاوکاری دروستکردن لەگەڵ لایەنە جێبەجێکارەکانی عێراقدا بۆ کارکردنی «بێ هیچ بەزەییەک» بۆ زیادکردنی تورەیی خەڵکیی بەتایبەت ناوچە هەژارەکان دژی حکومەت. ئەمە جگە لە پەیوەندیی دروستکردن لەگەڵ هێزەکانی سەر سنووری وڵاتە دراوسێکانی عێراق بەتایبەت سعودیە، لەپێناو بەگەڕخستنی هەرچی باشتری کارەکان هەیە.

# سیاسەتی نەوتی کوردو گومان لەسەر گرێبەستەکان

محەممەد ئەمین گەناوی



**ئەوەی کە کورد دەیکات ئێستا لە بواری دەرهێنانی نەوتدا، لە واقیعدا کاری دەڵاڵیی دەکات بۆ حکومەتی عێراق و حکومەتی عێراق ئەم دەڵاڵییەش قبووڵ ناکات، چونکە گومانی هەیە کە لایەنی کوردیی دەستکەوتێکی لە پشکی نەوت بەرکەوتبێت**

نەوت وەکو کەرەستەیەکی ستراتیژیی لەماوەی (١٠٠) ساڵی ڕابردوودا بڕیاردەری ئاشتیو شەڕبووە لە جیهانداو تائێستاش گرنگی ئـەم کەرەستەیە ڕۆژبــەڕۆژ لە زیادبووندایە، بەهۆی داواکـاریـی زۆر بۆی لە ئاستی جیهاندا، چونکە ئەگەر بەر (٢٠-٣٠) ساڵ تەنیا داواکاریی سەرەکیی بۆ ئەم کەرەستەیە وڵاتانی پیشەسازیی خۆرئاوا بووبن، ئەوا ئەمڕۆ وڵاتانی تازەی پیشەسازیی پێگەیشتووە، کە ڕۆژبەڕۆژ ژمارەیـان زیاددەبێت، هەر لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینیو ئاسیاو هەتا ئەفریقا بۆ گێڕانی مەکینەی پیشەسازییان پێویستیان بە نـەوت هەیە وەکـو تەنیا سەرچاوەی وزە، بـەهـۆی نـەبـوونـی وزەی جێگر Alternative، سیاسەتی نەوت بووەتە سیاسەتی ئابووریی‌و سیاسی نیشتمانیو ئەمجار ئەگەر بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو ئاسوودەیی میللەتانی جیهان، چونکە هەموو ئەمانە پابەندن بە سیاسەتی نەوتیی، بوونی نەوتو نرخی نەوت.

بەهۆی فراوانی ئەم بابەتەو نەبوونی شوێنی تەواو، ناچارین لەم وتارەدا تەنیا ئەو چوارچێوانە دەستنیشانبکەین کە پەیوەندیی بە کوردستانو نەوتەوە هەیە، هەم لە رابــردووداو هەم ئێستا کە خۆمان نەوت دەردێنین.

هەر لە دەیەی دووەمی سەدەی ڕابردوو، دۆزیـنـەوەی نەوتی کوردستان بـوو بە جێگەی بایەخی وڵاتانی گەورەی جیهان، کە ئەنجامەکەی دروستبوونی دەوڵەتی یەکەمی عێراق بـوو، لکاندنی کوردستانیش بە عێراقەوە هەر بۆ سیاسەتی نەوتی وڵاتانی گەورە دەگەڕێتەوە، لەگەڵ چەند تێبینی کە لێرەدا بواری ڕوونکردنەوەی زیاتر نییە.

لە جەنگی دووەمـی جیهانیدا جارێکی دیکە کوردستان بەهۆی بوونی نەوتەوە بوو بە بایەخی وڵاتانی گەورەی پیشەسازیی جیهان، چونکە یەکێک لە ئامانجەکانی ئەڵمانیا لە جەنگدا گەیشتن بوو بە سەرچاوە نەوتەکانی قەفقاسو کوردستان، ئەمەش لە ڕێکەوتنی نهێنیی نـێـوان ستالینو هیتلەردا دەردەکـەوێـت، کە ڕێکەوتبوون لەسەر دروستکردنی دەوڵـەتـی کوردی لە کرماشانەوە تا دیاربەکر، بۆئەوەی بتوانن کەڵک لە نەوتەکەی وەربگرنو نفوزی بەریتانیا لە عێراقو ئێرانو کەنداو کەمبکەنەوە*.

هەتا وێرانییەکانی جەنگی دووەمـی جیهانیی لە ئەوروپاو خۆرئاواوەو زیانەکانی جەنگ بە نەوتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەوانەش نەوتی کوردی ئاوەدانکرانەوەو تەرمیم کرا، تا توانرا خۆرئاوا جارێکی دی لە رووی هێزی ئابوورییەوە هەڵسێنرایەوە، دەیـان نووسراوو دیکۆمێنت لەسەر ئەم راستییە هەن، چونکە تا خۆماڵیکردنی نەوت لەلایەن وڵاتانی بەرهەمهێنەرەوە، کۆمپانیا بیانییە خۆرئاواییەکان بە ئـارەزووی خۆیان نەوتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان دەگواستەوە بۆ خۆیان بێ پابەندبوون بە یاساو رێسای دیاریکراو، بە ئـارەزووی خۆیان برێک لە داهاتی نەوتیان دەدا بە دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانی، چونکە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لەوکاتەدا رۆشنبیریی ئابووریو بازرگانیو چۆنێتی گرێبەستی نەوتیان نەبوو، هەروەها لەمەش گرنگتر چونکە سەربەخۆیی سیاسی نەبوو، ئیرادەو ئیدارەی میللی نەبوو.

لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو کە هۆشیاری میللیو نیشتمانی گەشەی کرد، سەرەتا میر عەبدول ناسر دامەزراوە گەورەکانی ئابووریی خۆماڵیکرد، لەوانە بواری نەوتو بەندەرەکان وەک بەندەری سویس، لە ئێرانیش د.موسەدق پیشەسازیی نەوتی خۆماڵیکرد، ئەمجار لە لیبیاوە دواییش لە عێراق کەرتی نـەوت خۆماڵی کران، بەمەش کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان یان تەواو بێبەشکران یان رۆڵیان کەمکرایەوە بۆ کرێگرتن.

ئیتر هـەر لە سەرهەڵدانی قۆناغی خۆماڵیکردن وڵاتانی بەرهەمهێنەر هەستیان بە بوونی نەوت کرد، وەک کەرەسەیەکی گـەورەو ئابووریی بۆ خۆشگوزەرانیی هاوڵاتییان، بۆیە خۆرئاوا ناچار بوو هەتا ئەو رژێمانەی کە زۆر وابەستە بە خۆشی بوون، ترسی لێیان نەبوو، وەکو وڵاتانی کەنداو، بەڵام بۆئەوەی تەوژمی خۆماڵیکردن نەیانگرێتەوە، باشترو عادلانەتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن، ئەمیش پێدانی رۆڵی زیاتر لە بەشی نەوتو نرخی بەرزتری نەوت لە بازارەکاندا، تا وایلێهات تا ئەمرۆش گەلانی کەنداو رۆژانە هەست بە نیعمەتی ئابووریی نەوت بکەن، لەگەڵ چەندەها تێبینی بۆ ئەم راستییە.

کـەرەسـتـەی نــەوت لـە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لە (١٠٠) ساڵی رابردوودا چەقی قورسایی گرنگی خۆرئاوا بووە لە دارشتنی هەر سیاسەتێکی جیۆپۆلۆتیک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو ئابووریی جیهانیدا، بە دڵنیاییەوە دۆزینەوەی نەوتو گازێکی زۆر لە دەریای خەزەردا، کە بە (٦٠٠) ملیار بەرمیل مەزندە دەکرێت، بە هەمان جۆر کاریگەریی دەبێت لەسەر سیاسەتی جیۆپۆلۆتیک ئاشتی، شەڕو گەشەی ئابووریی تا ساڵانێکی زۆری داهاتوو، نەک تەنیا بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەر، بەڵکو بۆ وڵاتانی بەکاربەریش، هەموو ئەو گەلانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییان بەم کەرەستەیەوە هەیە، هەتا کە وەکو ترانزێت بەکاربێن وەکو تورکیا بۆ نموونە.

لەهەر شوێن نەوت هەبووبێت، ئەوا دەبێتە مەیدانی زۆرانبازیی گەمەکانی سیاسییو ئابووریی نێودەوڵەتی، هەموو کارتەکانی تێدا بـازی دەکرێت، بڕیاری ئاشتیو شەڕی تێدا یەکلایی دەکرێتەوە، چەندێ ئامانجو تێگەیشتن بۆ ئەم کەرەستەیە بۆ خزمەتی مرۆڤو گەلان بێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو مرۆییانە، ئەوا ئەوەندە دەبێتە هۆو هۆکاری ئاشتیو خۆشگوزەرانیی هەم لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتانی بەرهەمهێنەر، هەم لەسەر ئاستی مامەڵەی جیهانیی.

دوای قەیرانی بەناوبانگی نــەوت لە مێژووی مامەڵەی نەوتدا لەساڵی (١٩٧٣)، کاتێک عەرەبەکان بۆ یەکەمجار نەوتیان بەکارهێنا وەکو چەکێک دژی ئیسرائیل لە جەنگی ئۆکتۆبەری ئەو ساڵەدا، بە راگرتنی نەوت بۆ خۆرئاوا، کە هەموو کایەکانی ژیانی تووشی فەلەج کرد، تا ئەو ئاستەی لە جیاتی ئۆتومبێل پاسکیل بەکارهێنرا، هــەروەهــا هــەڕەشــەو هەوڵی ســەدام بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەرچی زۆرتری چاڵە نەوتییەکانی ناوچەکە بە داگیرکردنی کوەیت، بەکارهێنانی هێزو جەنگ بۆ دەرکردنی لە کوەیتو ئەمجار رووخاندنی، ئەو راستییەی ئاشکراکرد، کە نەوت تەنیا خاوەنەکەی هەر ئەو وڵاتانە نییە کە لێی بەرهەم دێت، هەروەها سیاسەتی نەوتیش بە تەنیا وڵاتانی بەرهەمهێنەر دیاری ناکەن.

وڵاتانی گەورەی بەکاربەری نەوت کە ئەمڕۆ لە شارستانی خۆرئاوادا بەرجەستە دەبێت، وزەی نەوت جووڵێنەرو گارانتی شکۆفای ئەو شارستانییەیە بەهۆی نەبوونی بەدیل تائێستاش ناتوانن سازش لەگەڵ هیچ دیاردەو هێزێک بکەن کە هەڕەشەن بۆ ئاسایشی نەوت، چونکە ئاسایشی نەوت بووەتە ئاسایشی میللیو ئابوورییان لە ناوخۆی وڵاتەکانیاندا.

بـەڵام وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت بەشی هەرە زۆریـان کە دەکەونە دنیای سێیەم بە کوردستانیشەوە، نەوت تەنیا سەرچاوەی داهاتی نیشتمانییانە، تائێستاش سیاسەتێکی دیاریکراویان نییە کە چۆن داهاتی گەورەی ئەم کەرەستە لە حاڵەتو قۆناغی بازرگانیکردن پێوەی ببێتە رێگایەک بۆ پتەوکردنی ئابووریی نیشتمانییان.

ئـەوەی کە پەیوەندیی بە سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە بۆ دەرهێنانو بەکارهێنانی نەوت بە هاوکاریی کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان، ئەم خاڵە لاوازانەی خوارەوەی هەیە، کە جێی پرسیارو گومانی شیاوو دروستە هەم لەسەر ئاستی کورتو درێژخایەنو هەم لەسەر ئاستی ناوخۆو پەیوەندیی دەرەکیدا، بەتایبەت حکومەتی مەرکەزیی.

١ـ مامەڵەکردن لەگەڵ کەرەستەی (فایلی) نەوت بە عەقڵییەتی بازرگانیو دەستکەوتی زۆر لە کەمترین کاتدا.

٢ ـ لەجیاتی ئەوەی سیاسەتی مامەڵەو بەرهەمهێنانو بەکارهێنان لەلایەن کەسانی کـارامــەو شــارەزای بــواری سیاسیو ئابووریی شرۆڤە بکرێت هەم بۆ ئێستا، هەم بۆ داهاتوو، یاساییکردنی مامەڵەو گرێبەست لە ڕێی پەرلەمانەوەو دامەزراوە یاساییو دامــەزراوەکـانــەوە، دەبینین هەموو سیاسەتو مامەڵەی فایلی نەوت کورتکراوەتەوە بۆ چەند کەسێکو چەند کۆمپانیایەک، کە بە عەقڵییەتو فەرهەنگی بازرگانی هەوڵی دەستکەوتی خۆیان دەدەن، واتە بەرژەوەندیی شەخسیی خراوەتە ناو کەیسی نەوتەوە لە جیاتی بەرژەوەندیی گەلو وڵات.

٣ ـ لە کاتێکدا کێشەی سنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەندەها کێشەی دیکە بێ چارەسەر ماوەتەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەند، پێویستی نەدەکرد بە هیچ جۆرێک لەکاتی ئێستادا نەوت بکرێتە کێشە، ئەمەش لەم حاڵەدا کە هەرێم بۆخۆی بە مەراسیمی بـەرپـرسـان لـولـەی نـەوتـی دەرهـێـنـراو دەبەستێتەوە بە لولە سەرەکییەکانی نەوتی عێراقەوە، کە ئیتر دواجار ئەوە حکومەتی مەرکەزییە، واتــە عێراقی عەرەبیی، کە سیادەی نـەوت دەکـات نەک کـورد، بۆیە ئەوەی کە کورد دەیکات ئێستا لە بواری دەرهێنانی نەوتدا، لە واقیعدا کاری دەڵاڵیی دەکات بۆ حکومەتی عێراقو حکومەتی عێراق ئەم دەڵاڵییەش قبووڵ ناکات، چونکە گومانی هەیە کە لایەنی کوردیی دەستکەوتێکی لە پشکی نەوت بەرکەوتبێت.

٤ ـ گومانو پرسیار لەسەر جۆری گرێبەستەکان وایکردووە کە هەم لەسەر ئاستی کوردستان (نـاوخـۆ)و عێراقو دەرەوەش شەرعییەتو یاساییبوونی نەوتی دەرهێنراو لە کوردستان جێی گومان بێت، بەتایبەت کە ئەم گرێبەستانە لە پەرلەمان پەسەندنەکراون.

ئاشکرابوونی پشکی وەزیـری نەوتی هـەرێـم لـەلایـەن بـۆرسـەی ئۆسلۆوە لە کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجیی، ئەوەی کە تائێستا جێی گومان بــووە یەقینی دەکـات، خاڵی سێیەمو دووەمـی سەرەوە دەسەلمێنێت، ئەمەش کارەساتە هەم بۆ سومعەی حکومەتی هەرێمو هەم بۆ گەلی کوردیش، لەکاتێکدا وڵات پێویستی بە دارایی هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەو دەیان پێویستی دیکە هەیە لە بواری ئابووریی، پەروەردەو فێربوون، تەندروستی، رێگاوبانو بوونی ئاوو کارەبادا، کەسێک بەناو وەزیر دەیان ملیۆن دۆلار بۆ خۆی لووش دەداتو بۆی دەرچێ؟.

٥ ـ گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان لە هەموو دنیادا لەسەر ئەم دوو بنەمایە بەندن.

production sharing agreement ـA

واتە ئەو کۆمپانیایەی کە نەوت دەدۆزێتەوەو دەردێنێت، لە بەرهەمی نەوت بەشی دەوێت بەگوێرەی رێکەوتن، ئەم بەشەش بەگوێرەی کـاتو شوێن دەگـۆڕێـت، بـەڵام لـەدوای قۆناغی خۆماڵیکردنەوە لە بواری نەوتدا (١٢٪ ـ ١٥٪) تێناپەڕێ، یان ئەوپەڕی (٢٠٪) لە کۆمپانیاکە دەبات، ئەمەی دی، واتە (٨٠٪) بۆ دەوڵەتە.

Oil Service Contract ـB واتە گرێبەستی خزمەتگوزاریی نەوتی، لەم حاڵەدا دەوڵەت لەگەڵ هەر کۆمپانیایەک بە کەمکردنەوە (منافەسە) گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەک دەکـات بۆ دۆزیـنـەوە یان دەرهێنانی نەوت، واتە دەوڵەت کۆمپانیاکە بەکرێ دەگـرێـت تا لە شوێنو کاتێکی دیاریکراودا کاری دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت ئەنجامبدات، دوای ئەمە کۆمپانیاکە بەشی بە بەرهەم نابێت. ئەم مۆدێلە ئەمڕۆ باوترین مۆدێلەو زیاتر دادپەروەرانەیە.

دوای ئاشکرابوونی پشکی وەزیری نەوت لە پشکی کۆمپانیای DNOی نەرویجی، دەریدەخات کە گرێبەستەکانی نەوتی هەرێم لە جۆری (A)ەو ئەو گرێبەستانەی لە جۆری (A)ن گومان دەکرێت بەمجۆرە بن:

a ـ کۆمپانیا نەوتییەکە بەگوێرەی قەبارەی خۆی بە ملیۆنان پشک دەکرێت لە بۆرسەی نەوتو هەموو ئەوانەی بەشداری کار دەکەن لەم پشکانە بەش وەردەگـرن بەگوێرەی رۆڵبینین، ئەم پشکانە لەوانەیە لە (٣٠) ملیۆنەوە تا (٥٠) ملیۆن یان زیاتر بێت، هەرکات گرێبەست واژۆ کرا، ئەوا بەهای پشکەکان بەرزدەبێتەوە، دەتوانرێت مامەڵەی کڕینو فرۆشتنی تێدابکرێت، بەهای پشکەکانیش دەکەوێتە سەر فراوانیی ناوچەکە، دەوڵەمەندیی شوێنەکە بە نەوت، رەوشی ئاساییش.

ئەوکات بەهای هـەر پشکێک لە (٥) دۆلارەوە بۆ (١٠) دۆلار بەرزدەبێتەوە.

واتە ئەگەر پشکەکانی کۆمپانیایەک (٥٠) ملیۆن بێت، کە گرێبەست واژۆ کرا، ئەوا بەهای پشکەکان دەبێتە (٢٥٠ ـ ٥٠٠) ملیۆن دۆلار.

لەم حاڵەدا کاری کۆمپانیاکە یاساییەو گرفتی نییە لەلای خۆیەوە، تەنیا گرفتێک کە هەبێت، ئـەوا لەلایەنی دیکەوەیە کە تاچەند دادپـەروەرانـە پشکەکانی بەشی خۆی دەدات؟ وە بە کێ؟ بە پاڵپشتی چ لایەنێک رێگای پێدەدرێت کە هەستێت بەم مامەڵە نەوتییە؟ ئەمانەش گومانن بۆ کاری گەندەڵیی، چونکە ئاشکرایە هەموو کەس ناتوانێت کۆمپانیایەکی بیانیی نەوت بهێنێتو گرێبەستی بۆ ئامادە بکات.

b ـ ئەو بەشەی (Share) کە کۆمپانیا نەوتییەکە لە دەوڵەت وەریدەگرێت، بەشێکی لێ دەدات بە لایەنی هاوکاریی کە ئاسانکاریی گرێبەستەکەی بۆ کردووە، بۆ نموونە ئەوەی کە جێی پرسیارو گومانە ئەوەیە، کە بەڕێز وەزیری نەوتی هەرێم بەشێکی لە بەشی داهات کە DNO پێیداوە فرۆشتوویەتی بە تورکیا، بەمجۆرەیە، DNO ئەگەر (٤٠٪-٤٥٪) لە داهاتی پێ ببڕێت لە گرێبەستەکەدا، ئەوا DNO دەتوانێت لەم رێژەیەی خۆی (١٠٪ ـ ١٥٪) چەندە نازانرێت، دەشێت دابێتییە بەڕێز وەزیر هەورامی، هەورامیش ئەمەی بە تورکەکان فرۆشتووە، تا لە بۆرسەی ئۆسلۆ دەنگیدایەوە.

دەشێت (بە گومان، چونکە بەڵگە نییە) کە زیاتر لەو (٣٠)ی گرێبەستەی کە تائێستا کراون بە هەمان جۆر بن، ئەمەی ئۆسلۆ کە روویـدا دەشێت زوو یان درەنـگ بۆ گرێبەستەکانی دیکەش لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکەی نەوت دووبارەببێتەوە، کە ئەمەش نە لە بەرژەوەندیی سومعەی کەسایەتی کەسانی ناو دەسەڵاتە، نە لە بەرژەوەندیی سیاسەتی نەوتی نیشتمانییە، کە بەکاربێت بۆ خزمەت، نەک بۆ بازرگانیو ناوزڕاندنی کورد. بۆیە پێویستە سەرۆکایەتیی هەرێم هەڵوێستەی جدیی بکات لەسەر ئەمەی لە ئۆسلۆ روویداو فەرمان بدات بۆ بەدواچوونو هەروەها هەستێت بە دامەزراندنی شورای میللیی نەوت کە دڵسۆزانە، یاساییانەو سیاسییانە مامەڵە لەگەڵ نەوت بکرێت.

پێویستە هەموومان لە هەموو ئاستەکاندا ئەو هۆشیارییەو ویژدانە هەبێت کە سامانە سروشتییەکان بە گازو نەوتیشەوە، نەک تەنیا خاوەنی هەموو میللەتە بۆ نەوەکانی ئێستا، بە هیچ جۆرێک مافی تاکو گروپێک نییە مامەڵەی پێ بکات بۆ بەرژەوەندیی خۆی، بەڵکو ئەمانەتی نەوەکانی داهاتووە لای ئێمە، کە دەبێت بەوپەڕی ویـژدان، مەسئولانەو ئەخلاقو ئەمانەتەوە مامەڵە لەگەڵ سەرچاوە سروشتییەکانو سامانە گشتییەکان بکەین، بۆئەوەی ژیانێکی شەرەفمەندانەو خۆشگوزەرانانە بۆ نەوەکانی داهاتوومان مسۆگەر بکەینو بتوانن بەرەنگاری تەحەدییەکانی ژیانی داهاتوو بکەن.

* رۆژنامەی کیهانی لەندەنی فارسی لە یەکێک لە ژمارەکانی لە ساڵانی سەرەتای (٢٠٠٠)دا، کە بەداخەوە دروست ژمارەو بەرواری لام یاداشت نەکراوە.

* رۆژنامەی کیهانی لەندەنی فارسی بە زیاتر لە (١٠) ساڵ، کە بەداخەوە ژمارەو بەروارەکەم لا یاداشت نییە.

**وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت بەشی هەرە زۆریان کە دەکەونە دنیای سێیەم بەکوردستانیشەوە، نەوت تەنیا سەرچاوەی داهاتی نیشتمانییانە، تائێستاش سیاسەتێکی دیاریکراویان نییە کە چۆن داهاتی گەورەی ئەم کەرەستە لە حاڵەتو قۆناغی بازرگانیکردن پێوەی ببێتە رێگایەک بۆ پتەوکردنی ئابووریی نیشتمانییان**

Maa17192002@yahoo.co.uk

## لەسەر ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێری دارایی

# بەغدا دەست بەسەر (٢٦٥) ملیار دیناری هەرێمدا دەگرێت

**ئەلەند مەحوی**

ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێری دارایی عێراق لەسەر حساباتی نێوان هەرێمی کوردستانو بەغدا، بووەتە هۆی ڕاگرتنی (٢٦٥) ملیار دینار لە بودجەی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەرێمی کوردستان، کە لای وەزارەتی دارایی عێراقە، ئەم پارەیەش نادرێتەوە بە هەرێمی کوردستان تا کێشە داراییەکانی نێوان بەغداو هەولێر چارەسەرنەکرێت.

فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، بەمنزیکانە وەزارەتی دارایی عێراق هەموو ئەو پارەیە دەنێرێت بۆ هەرێمی کوردستان کە لە بودجەی ساڵی (٢٠٠٩)ی هەرێمی کوردستان ڕایگرتووە، بەڵام ئەمە ئەو پارەیە ناگرێتەوە کە لە بودجەی ساڵی (٢٠٠٨) لادراوە.

فازڵ نەبی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دیوانی چاودێری دارایی عێراق ڕاپۆرتێکی لەسەر حساباتی نێوان هەرێمی کوردستانو بەغدا ئامادەکردووەو تێبینیی زۆری لەسەری هەبووە، بەم هۆیەشەوە وەزارەتی دارایی عێراق بڕی (٢٦٥) ملیار دیناری لە بودجەی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەرێمی کوردستان ڕاگرتووە.

بەهۆی داخستنی بودجەی ساڵی (٢٠٠٨)ی عێراق، هەرێمی کوردستان ناتوانێت ئەو بڕە پارەیە وەربگرێت کە وەزارەتی دارایی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٨)دا ڕایگرتبوو، تەنیا ئەگەر لەکاتێکدا ئەو پارەیە بگەڕێتەوە بۆ هەرێم کە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان ئەم دوو لایەنە چارەسەربکرێت.

بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق وتیشی: لیژنەیەکی هاوبەش لەنێوان وەزارەتی دارایی هەرێمو بەغداو چاودێری دارایی هەرێمو بەغدا پێکهاتووەو وردبینیی حساباتی بودجەی ساڵی (٢٠٠٩) دەکەنو کارەکانیشیان تەواوبووەو «بەمنزیکانە ئەو پارەیەی هەرێم کە لە بودجەی ساڵی (٢٠٠٩) ڕاگیرابوو دەنێردرێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان».

لەلایەکی دیکەوە هەرێمی کوردستان جگە لە (١٧٪)ی بودجەی عێراق، پشکی (١٧٪)ی ئەو کۆمەکانەیشی بەردەکەوێت کە وڵاتانی کۆمەکبەخش پێشکەشی عێراقی دەکەن، یان بە قەرز دەیدەن بە عێراق.

فازڵ نەبی لەم بارەیەوە جەختی لەوە کردەوە، «هەرێمی کوردستان پشکی خۆی لەو قەرزو کۆمەکیانە وەرگرتووە، وەکو قەرزی یابانیو قەرزی ئێرانی».

سەبارەت بەو پارەیەی کە لە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە لەماوەی ڕابردوودا وەبەرهاتووە، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق ئاماژەی بەوەکرد، داهاتی فرۆشتنی نەوتی هەرێمو ناوەند دەچێتە سندوقی داهاتی عێراقەوەو بۆ ساڵی داهاتوو لە بودجەدا (١٧٪)ی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێتەوە. هەروەها پارە بلۆککراوەکانی عێراقیش دەچێتە ئەو سندوقەوە.

# پریشکی قەیرانە داراییەکەی دوبەی کوردستانیش دەسووتێنێت

**سەنگەر جەمال**

پریشکی قەیرانە داراییەکەی دوبەی وڵاتانی دەوروبەری دەگرێتەوەو زیان بە کوردستانو سەرمایەدارەکانی دەگەیەنێت، سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستانیش بە ئەرکی حکومەتی هەرێمی دەزانێت لە کاردانەوەیەکی گونجاودا بە سیستمی ئابووریی خۆیدا بچێتەوە.

## درێژکراوەی قەیرانی دارایی جیهان

پسپۆڕانی ئابووریی، قەیرانی دارایی دوبەی بە درێژکراوەی قەیرانی دارایی جیهانی دەزانن، کە ساڵی ڕابردوو لە ئەمریکاوە سەریهەڵداو پێیانوایە بەشێکە لە ئەڵقەیەکی لاواز لە سیستمی سەرمایەداریی جیهانیی، بەوپێیەی تا تەنگەژەکان لەسەر سیستمی جیهانیی هەبێت لە خاڵە لاوازەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، کە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە چەقی بۆرسەی تێدایە، بەڵام تێیدا لاوازییان هەیە.

محەمەد کەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان، پێیوایە؛ قەیرانەکەی دوبەی ئەوە دەردەخات کە قەیرانی جیهانیی بەردەوامەو لە بازنە لاوازەکانی خۆیدا جاربەجار دەردەکەوێتو لەکوێدا گوشارەکان زۆربن لەوێدا قەیرانەکە بەشێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت.

هەروەک بڕوای وایە قەیرانەکە لە وڵاتە مەرکەزەکان دەرچووە، بەڵام ڕوونیدەکاتەوە کە پێشبینیی دەکرێت ئەو قەیرانە تەنیا لە دوبەی نەمێنێتەوەو دەڵێت: «قەیرانەکە زۆر لەوە گەورەترە دوبەی بە تەنیا بتوانێت چارەسەری بکات، باشترین نموونەش لێدوانی حکومەتی ئیماراتە کە خۆیان بە بەرپرسیار نازانن لەو قەیرانەو پێیانوایە قەیرانێکی ناوخۆیی ئەو کۆمپانیایانەیە کە تووشی ئەو شکستە هاتوونو ئەو بانکانەی ئەوروپا کە نزیکەی (٩٠) ملیار دۆلار قەرزیان داوە بەو سێ کۆمپانیایەی دوبەی لەسەر بنەمای جەدوای ئابووریی پرۆژەکان هاتوونەتە ناوەوە، نەک ئەوەی حکومەتی ئیماراتی زەمانی کردبێت.

لەم ڕووەشەوە ئێستا تەنگەژەکە بەردەوامەو پێشبینیی دەکرێت بۆ بۆرسەکانی ئەردەنو سعودیەو کوەیتو ئەو وڵاتانە بگوێزرێتەوە کە پەیوەندییان بە دوبەیەوە هەیە، چ وەک وەبەرهێنانو بازرگانیو گەشتوگوزارو چ وەک ئەو وڵاتانەی سەرمایەگوزاریی ئیماراتی تێدایە.

بەشێکی قەیرانەکەش بۆ لەیەکترازانی دوو قیمەت دەگەڕێنێتەوە، کە بەهای حەقیقی ئەو پرۆژانەی دوبەیو بەهای بازاڕە، کاتێک ئەو دوو بەهایە زۆر لەیەکجیاواز دەبنو لێکدەترازێن، قەیرانەکە دروستدەبێتو بەخێرایی ئاستی وەبەرهێنانو فراوانبوونی ئابووریی دادەبەزێت.

بە بۆچوونی سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان، پشتتێکردنی حکومەت کێشەکەی قورسترکردووە، کە ڕەنگە لەو قۆناغەدا زیانەکە زۆر گەورەش نەبێت کە لە قۆناغی یەکەمدا (٨٠) ملیار دۆلارە، بەڵام بەوهۆیەوەو دوای سێ مانگ بووە هۆی وەستانی (٤٠٠) پرۆژەی ژێرخانی ئابووریی دوبەی، کە زیانەکانی بە زیاتر لە (٣٠٠) ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، ئەوەش وایکردووە قەیرانی دوبەی بە قەیرانێکی قووڵ بزانرێتو پێشبینیی فراوانبوونی لێبکرێت.

پسپۆڕان ئاماژە بە قووڵبوونەوەی قەیرانەکەی دوبەی دەکەن، بەشێوەیەک کاریگەریی لەسەر متمانەی وەبەرهێن دروستکردووە لە دووبارە وەگەڕخستنەوەی وەبەرهێنانو کارکردن لە پرۆژە جۆراوجۆرەکانی بیناسازیو بازرگانیو گەشتوگوزارو ئەوەش بە کارێکی «زەحمەت» دەزانن.

هەروەک محەمەد کەریم، ئەوە دەخاتەڕوو، کە خاڵێکی گرنگ لە قووڵکردنەوەی قەیرانەکە ئەوەیە، کە ئابووریی جیهانیو کۆمپانیا بیانییە گەورەکان لە قیرانەکە ڕزگاریان نەبووە، بۆیە «زۆر زەحمەتە خۆیان تەسلیمی قەدەرێکی دیکە بکەنەوە لە دوبەی، لەکاتێکدا کە حکومەتی دوبەی حاشا لە ئەو کۆمپانیایانە دەکات، هەرچەندە بانکی مەرکەزیی دوبەی (١٣,٦) ملیار دۆلاری خستووەتە بازاڕەوە، بەڵام ئەوە پشکێکی زۆر کەمە بەراورد بە کێشەکە».

## قەیرانەکە کوردستان دەلەرزێنێت

بەپێی ئەو وتەو پێشبینیانەش بێتو لەو گۆشەیەوە تەماشای بارودۆخو قەیرانەکە بکرێت، ئەو وەبەرهێنانەی کوردستان زیانی قورسیان بەردەکەوێت کە لە ئیمارات وەبەرهێنانیان کردووە، بەتایبەت لە بواری بیناسازیو نیشتەجێبوون (عەقارات)، هەروەک ئەوسەرمایەدارانەی پرۆژەی گەشتوگوزارییان هەبێت زیان دەکەن لە قەیرانەکەدا، سەرباری ئەوەی قەیرانەکە کاریگەریی دەبێت لەسەر بازرگانیو بازاڕی کوردستان، بەوپێیەی زۆرێک لە سەرمایەدارانو بازرگانان مامەڵەی تێدادەکەنو پسپۆڕان لەو بڕوایەدان کە ئەو کۆمپانیایانەش کە لە کوردستان کاردەکەنو سەر بە دوبەین زیانی زۆریان بەرکەوتووەو زۆرێکیان ڕەنگە بگەڕێنەوە.

سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان، پێشبینیی دەکات بەهۆی قەیرانەکەوە قەبارەی بازرگانیی کوردستان لەگەڵ دوبەی کەمببێتەوەو لە بەرامبەردا «ڕەنگە قەبارەی بازرگانیی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی ئێرانو تورکیا بەرزبێتەوە، هەرچەندە ئەوەی زۆرتر زیانی بەردەکەوێت ئێرانە، چونکە فشارەکان لەسەری زیاترن لە ڕووی فشاری سیاسیو وەبەرهێنانەوە، چونکە لە بواری بیناسازیدا زۆرترین پشکی هەیە لە دوبەیدا».

لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی مونتەدای ئابووریی لەو بڕوایەدایە، کە «حکومەتی هەرێم هیچ دەسەڵاتێکی لەو بارودۆخەدا نییە بۆ چاککردنی دۆخەکە»، بەوپێیەی سەرمایەگوزاری کورد بەبێ ئیرادەی حکومەتی هەرێم ڕۆیشتووەو لە دوبەی کاری کردووە، بەڵام «ڕەنگە حکومەت ناڕاستەوخۆ دەستی لە دۆخەکەدا هەبێتو دەرفەتی پێویستی لە کوردستان نەخولقاندووە بۆ وەبەرهێنان یان حیزبەکان کە پارەیەکی زۆریان بەدەستەوەیە نایانەوێت لە کوردستان بەگەڕی بخەنو لە دوبەی وەبەرهێنانیان پێکردووە».

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژنامە ئاگاداری هەوڵی چەند بازرگانێکی سلێمانییە کە دەیانەوێت لەم قەیرانە داراییەی دوبەیداو بەم نزیکانە سوود لەو قەیرانە وەربگرنو کەلوپەلێکی زۆر لە بازاڕەکانی دوبەیەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان بکەن، کە لە ئێستادا ئەو کەلوپەلانە لە دوبەی نرخیان داشکاوە.

## ڕێگەی دەربازبوون

قووڵبوونەوەی قەیرانەکەو گرفتەکان وایکردووە دەربازبوونی دوبەی ئاسان نەبێتو ئەگەری کاریگەرییەکانی لەسەر دەوروبەر زیاترە.

محەمەد کەریم جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو قەیرانە کاریگەریی لەسەر کوردستان دەبێتو جارێکی دیکە حکومەتی هەرێم دەکەوێتە بەردەم ئەو ڕاستییەی دەبێت بەخۆیدا بچێتەوەو سەرمایەی کوردستان لەناوخۆیدا بخاتەگەڕ، نەک لە دەرەوە، پێویستە بە هانای ئەو سەرمایەدارانەوە بچێت کە لەدەرەوەنو باوەڕیان پێبێنێت بێنەوە لە کوردستان کاربکەن، هەروەها دەبێت کەشی وەبەرهێنان لە کوردستان بگۆڕنو چیتر قۆرغکاریی لە ئابووریی کوردستان نەکرێت، ئەگەر ئەوەش نەکرێت حکومەت دە ئەوەندەی سەرمایەگوزاری کوردی زیان دەکات، چونکە ناتوانێت ئابوورییەکەی بەپێوە بوەستێت».

سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان بڕواشی وایە؛ تەنیا ڕێگە لەبەردەم دوبەیدا بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکە ئەوەیە، کە پەنابەرێتەوە بەر ئەبوزەبی، بەشێوەیەک ئەگەر هاوکاریی بکات ڕەنگە کەمێک کێشەکەی کەمبکاتەوە، «چونکە ئەبوزەبی گەورەترین سندوقی بیانییە لە جیهانداو ڕۆژانە (٢,٨) ملیۆن بەرمیل نەوت دەنێرێتە دەرەوە، ئەگەرنا زۆر زەحمەتە لە کێشەکە دەرچێت».



چ رۆژنامەت
چ رۆژنامەت
چ رۆژنامەت

# گەورەترین قەزای هەولێر هۆتێلی تێدا نییە

**ئەحمەد باڵەکی**

قەزای سۆران کە گەورەترین قەزای پارێزگای هەولێرە تا ئێستا هیچ هۆتێلێکی حکومیی یان ئەهلیی تێدا نییە، لەکاتێکدا چەندین شوێنی گەشتیاریی دەکەونە سنووری قەزای سۆرانەوەو وەک ناوچەیەکی گەشتیاریی دەردەکەوێت، جگە لەوەی لەدوایساڵی (١٩٩١)وە بەشێوەیەکی فراوان رووی لە زیادبوون کردووە.

بەشیر نەبی خاوەنی یەکێک لە چێشتخانەکانی قەزای سۆرانە باس لەوەدەکات، کە بەردەوام میوان هەواڵی هوتێلی لێدەپرسن، بەڵام ئەم بۆ شارێکی دیکەیان دەنێرێتو دەڵێت: «جارێکیان خێزانێک لە دهۆکەوە هاتبوون بۆ سۆران بە مەبەستی گەشتکردن، پرسیاریان لێکردم کە ئایا هوتێل هەیە لە سۆران، منیش لە وەڵامدا وتم: بەداخەوە ئێرە هوتێلی لێ نییە دەبێت بچنەوە شارەکەی خۆتان، جگە لەمانەش چەندین عەرەبو بگرە گەشتیارەکانی هەرێمیش پرسیاری ئەوەیان لێکردووم، بەڵام بە ناچاریی گەڕاونەتەوە شەقڵاوە یان شارەکانی خۆیان».

بەشیر لەڕێگەی (رۆژنامە)وە داوا لە بەرپرسە حکومییەکان دەکات کە هەوڵێک بدەن بۆ دروستکردنی هوتێل لە قەزای سۆراندا، جا لە رێگەی کەرتی تایبەتەوە بێت، یاخود حکومەت پێداویستییەکانیان بۆ جێبەجێ بکات.

ئەگەرچی هۆتێل لە زۆربەی شوێنەکاندا کەرتی تایبەت دروستیدەکات، بەڵام لە سەنتەری شارەکانی کوردستاندا هۆتێلە گەورەو گرانبەهاکان لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە کۆنترۆڵکراونو بە موڵکیی لەسەر خۆیان تاپۆیان کردووە، پێویستبوو لە قەزاکانیشدا هۆتێل دروست بکەن، تا ئەوکاتەی کەرتی تایبەت ئەو ئەرکەی لە ئەستۆی خۆی دەگرت.

کرمانج عیزەت قایمقامی قەزای سۆران نکوڵیی لە پێویستی هوتێل لە سۆران نەکردو بە رۆژنامەی راگەیاند «چەندینجار داوامان لە سەرمایەدارانی سۆران کردووە، ماوەی دوو ساڵیشە داواکارین یەکێک بێت داواکاریی پێشکەش بکات بۆ ئەوەی ئێمەش زەوییان بۆدابین بکەینو پێداویستییەکانی دیکەی خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکەین، بەڵام تاوەکو ئێستا کەس ئامادەبوونی خۆی نیشان نەداوە».

قایمقامی قەزای سۆران جارێکی دیکە لە رێگەی رۆژنامەوە داوای لە سەرمایەدارانی سۆران کرد کە بچن داواکاری بۆ وەرگرتنی زەوی بۆ هۆتێل پێشکەش بکەن، تا قایمقامیەتیش زەویو کارەباو ئاویان بۆ دابین بکات.


قەزای سۆران بەبێ هۆتێل

قەزای سۆران بەپێی بەڵێنی بەرپرسانی هەرێم بێت بۆ خەڵکی ناوچەکە یەکێکە لەو قەزایانەی دەکرێت بە پارێزگاو چەندین شوێنی گەشتیاری لە سنووری ئەم قەزایەدا هەیەو خەڵکێکی زۆر لە کوردستانو خوارووی عێراقو بگرە لە دەرەوەش روو لە هاوینە هەوارەکانی دەکەن، بەڵام ئەوەی نیگەرانیی لای گەشتیاران دروستکردووە، نەبوونی هۆتێلە لەم قەزایە، ئەمەش وایکردووە کە دەبێت گەشتیارانی کوردستان بگەڕێنەوە شارەکانی خۆیان، یان ئەوانەی خوارووی عێراق دەبێت شەو بچن بۆ شەقڵاوە ئەوجا رۆژانی دواتر بێنەوە درێژە بە گەشتەکانیان بدەن لەم سنوورە.

# خوێندکاران بۆ بژێویی دەخوێنن

**دەشنێ جەلال**

بەشێک لە خوێندکاران، خوێندن تەواوکردن وەک سەرچاوەیەکی داهاتو بژێویی ژیانیان سەیردەکەن، چونکە ناتوانن بە حەزو خولیای خۆیان لەو کۆلێژە وەربگیرێن کە دەیانەوێت، بەڵکو زۆرجار کۆلێژێک یان پەیمانگایەکیان بەسەردا دەسەپێندرێت.

ئەمساڵیش هەروەکو ساڵانی رابردوو، ناوی خوێندکاران لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان راگەیەنراو خوێندکاران لەو بەشانەی کە بۆیان هاتبووەوە دەستیان بە خوێندن کرد، نەک لەو بەشانەی کە خۆیان حەزیان لێی بوو.

سوارە سەلمان، لە بەشی کارگێڕییو کۆچەر محەمەد لە بەشی ئەلیکترۆنیک، دوو خوێندکارن لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانیو پێیانوایە، خوێندنیان لەوبوارەدا کە بۆیان هاتووەتەوە، دوورە لە حەزو ئارەزووی خۆیان، بۆیە تەنیا هەوڵی تەواوکردنی دەدەن تا بتوانن لەداهاتوودا مووچەیەک بۆ خۆیان دابینبکەن.

خوێندکاران رایان وایە، کە خوێندن لای زۆرێکیان تەنیا بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیانە بۆ داهاتوویانو ئاماژە بەوە دەکەن، کە خوێندنیان لەو بەشەی کە بۆیان هاتووەتەوە، دوورە لەحەزو هیوای خۆیان، هەندێک خوێندکاریش لایانوایە، ئەمساڵ هەروەکو ساڵانی رابردوو، نایەکسانییەکی بەرچاو هەیە لە ناو هاتنەوەیاندا.

ئەگەر بەراوردێک بکرێت لە نێوان خوێندن لە کوردستانو خوێندن لە وڵاتانی دراوسێدا، دەبینین کە خوێندکاری کورد لەو مافە بێبەشە کە بتوانێت بە حەزی خۆی لەوبوارەی کە دەیەوێت، درێژە بەخوێندن بداتو داهاتووی خۆی دیاریی بکات، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی سەرنەکەوتنی لەوبوارەی کە تێیدا دەخوێنێت، بەپێچەوانەشەوە ئەو خوێندکارانەی کە بە دڵی خۆیان لە کۆلێژێک وەرگیراون، دەتوانن سەرکەوتووبن.

بژوێن، خوێندکاری بەشی رگەیاندن لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی وتی «خوێندنم لە بواری رگەیاندن بە حەزو ئارەزووی خۆم بووەو پێشموایە، داهاتوویەکی باشم بۆ دابین دەکات».

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند ساڵێکە هەوڵی جێبەجێکردنی سیستمی خوێندنی وڵاتی سوید دەدات، ئەمە لەکاتێکدایە کە لە هەرێمی کوردستان، نە بینای خوێندنگاکانو نە بینای زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان شیاوی ئەو جۆرە مەنهەجەنو نە وەرگرتنی خوێندکارانیش لە کۆلێژو پەیمانگاکان هاوشێوەی ئەو سیستمە سویدییەیە.

خوێندکاران نیگەرانن لەوەی کە لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان لە بەشێک ناویان دێتەوە کە نەک هەر حەزی لێ ناکەن، بەڵکو بەخەونیش بەلایدا نەچوون، دواتریش تەنیا بە رووکەش دەبن بە هەڵگری بڕوانامەیەک لەو بوارەدا کە هیچ باگراوندێکی زانستیو رۆشنبیریی لەپشتییەوە نییەو دەبن بە بار بەسەر شانی حکومەتەوە.


پاش تەواوکردنی خوێندن، چاوەڕوانی دامەزراندن بن

# تا کەی دامەزراندن ئێمە ناگرێتەوە؟

پاش دوو ساڵ تەواوبوون لە زانکۆو چوار جار رەفزکردنی زیاتر لە (١٢٠) داواکاری بۆ دامەزراندنی خوێندکارانی کۆلێژی زمان، بەتایبەتی بەشی کوردیو عەرەبی لای وەزیری پێشووی پەروەردەوە، ئێستاو لە سەردەمی وەزیری نوێی پەروەردەدا تاکەی دانامەزرێین؟

ئایا دانەمەزراندنی ئێمە لەبەر ئەوەیە میلاکتان زۆرە، یان ئەمانە واستەو کەسیان نییە لە سەرەوە هەوڵیان بۆ بدات، خۆ نەک هەر خوێندنگەش هەیە کە مامۆستای تایبەت بە وانەکانی ئێمەی بۆ دابین نەکراوە، بەڵکو بە مامۆستای وانەکانی دیکە شوێنی ئێمەتان پێ پڕکردوونەتەوە.

سەیر لەوەدایە لە کەناڵەکانەوە لێدوان دەدرێت بۆ خەڵک، دەڵێن، دامەزراندن نییە یان دامەزراندن بەپێی رێژەی نمرەیە، واتە تا نمرە بەرزتر بێت دامەزراندنی نزیکتر دەبێت، بەڵام بەداخەوە ئێستا لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە نمرە باشەکان دانامەزرێنو هەندێکیش هەیە نەک هەر نمرەکانی بەرز نییە، بەڵکو لە خولی دووەمی ساڵدا دەرچووەو داشمەزراوە، ئەی بۆ ئەوانە دانامەزرێن کە لەمانگی ٢٠٠٨/٧دا فۆرمی دامەزراندنیان پڕکردووەتەوە لە پەروەردەکان، بەتایبەتی پەروەردەی سلێمانی؟.

ئەوەی کە ئێمەی تووشی شۆککردووە، ئەوەیە کە مامۆستا هەیە سەرجەم قۆناغەکانی مامەڵەی دامەزراندنی تەواو کردووەو کاک فەهمی لە پەروەردەی سلێمانی پێیوتووە، رەزامەندیی پەروەردەیەکی دەرەوەی سلێمانیم بۆ بهێنە کە میلاکی پێویستی پێت بێت، بۆت دەکەم، بەڵام رەزامەندیی پەروەردەی شارباژێڕم هێناو رەزامەندیی خوێندنگەی دێیەکی شارباژێڕم هێنا، تەنانەت بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانیش پەسەندی کرد، بەڵام کاک فەهمی هەر نەیکرد. لەراستیدا نازانم ئایا دەبێت کاک فەهمی ئەو نووسراوانەی کە بەم شێوەیە بە دەرچووانی زانکۆی دەکات، بۆ دوورخستنەوەیە لەخۆی یان هەر هەوڵیان بۆ دەدات؟!

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە لە پەروەردەدا شتێک هەیە بەناوی (دامەزراندنی تایبەت) نازانم ئەمە نمرەکانیان بەرزە یان تەسکیەکانیان، ئایا ئەمە لای ئێوە پێی دەوترێت یەکسانی یان بەشێکە لە گەندەڵیی، بەڵام دەبێت وەزیری نوێی پەروەردە ئەنجامی ئەو هەموو خوێندنو ماندووبوونەمان پشتگوێ نەخاتو هەوڵێکی جدی بۆ دامەزراندنمان بدات.

جەنابی وەزیری پەروەردە، ئەمانە مشتێکن لە نموونەی خەرمانێکو هیواشمان وایە چیتر وا لە خوێندکاران نەکرێت کە پەشیمان بن لەو هەموو خوێندنەی کە خوێندوویانە، لەبەرئەوەی کە خوێندنەکەیان بەرهەمی نییە، ئەویش وەزارەتی پەروەردە بەرپرسە لێی.

**خوێندکارێکی دەرچووی**
**کۆلێژی زمان بەشی کوردی**

بۆ ناردنی سکاڵاو بۆچوونو پەیامەکانتان پەیوەندی بەم ناونیشانانەوە بکەن:
e.mail: nawxo.rozhnama@yahoo.com
تەلەفۆن: ٣١٩٢٠٠٥

# شەش منداڵی دیکەی هەڵەبجە دەدۆزرێنەوە

**ئارام نەجیم**

دوای دۆزینەوەی گەنجێک لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ناوی (عەلی)یەوە کە لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا لە دەست خێزانەکەی ونبووبوو، هەفتەی پێشوو تەسلیمی خێزانەکەی کرایەوە، دەنگۆی دۆزینەوەی (٦)منداڵی دیکە لەلایەن هەریەک لە وەزارەتی شەهیدان‌و کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجەوە بڵاودەبێتەوە.

کیمیابارانی هەڵەبجە تەنها گیانلەدەستدانی (٥٠٠٠) کەس نەبوو، بەڵکو یەکێکی دیکە لە نەهامەتییەکانی تری ئەو شارەو پاش کیمیابارانی هەڵەبجە بریتیبوو لە ونبوونی دەیان منداڵی خێزانە هەڵەبجەییەکان کە تائێستاش چارەنووسیان نادیارەو کەسوکاریان چاوەڕوانی گەڕانەوەیانن.

هەفتەی پێشوو، گەنجێکی هەڵەبجەیی کە لەکاتی کیمیابارانی ئەو شارەدا لە تەمەنی (٣)مانگیدا ونبووبوو، لە تەمەنی (٢١)ساڵیدا گەڕێنرایەوە بۆ خێزانەکەی، بەپێی وتەی هەریەک لە ڕاگەیاندنی وەزارەتی شەهیدان‌و کاروباری ئەنفالکراوەکان‌و کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە، زانیارییان لەسەر (٦)منداڵی هەڵەبجەیی لەلایە کە بەنیازن بەدواداچوونیان بۆ بکەن‌و بیانگەڕێننەوە بۆ کەسوکاریان.

فەرەیدون عارف، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی شەهیدان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە مانگی (٨)ی ئەمساڵداو لەکاتی سەردانی چنار سەعد، وەزیری شەهیدان لە کابینەی (٥)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی دەزگای بنیاد شەهیدی ئێران، داوای لێکردووە کە ژمارەیەکی زۆری منداڵ لەکاتی کیمیابارانی ساڵی (١٩٨٨)دا لە خێزانەکانیان ونبوون‌و تاوەکو ئێستاش چارەنووسیان نادیارەو پێویستە هاوکارییان بکەن تا بتوانن بیاندۆزنەوە».

فەرەیدون عارف وتیشی: «یەکەمین هەوڵی سەرۆکی دەزگای بنیاد شەهیدی ئێران، هێنانەوەی عەلی بوو، پاش وەرگرتنی خوێن لە (٥)خێزانی هەڵەبجەو ناردنی بۆ دەرەوەی وڵات‌و پشکنینیان، دەرکەوت کە عەلی کوڕی یەکێک لەو (٥)خێزانەیە».

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی شەهیدان ئاماژەی بەوەشکرد، وەزارەتی شەهیدان بەردەوام دەبێت لە گەڕان بەدوای منداڵە ونبووەکاندا بۆ دۆزینەوەیان، لە ئێستاشدا ناونیشانی (٣)منداڵی دیکەیان لایە کە لە ئایندەدا کاریان لەسەر دەکەن، بۆ ئەوەی بیانگەڕێننەوە بۆ خێزانەکانیان.


مەراسیمی پێشوازیکردن لە عەلی
فۆتۆ: ئارام نەجیم

لەلایەکی دیکەوە لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئاشکرایکرد «تائێستا (٤٢) خێزان داوای منداڵە ونبووەکانیان دەکەن‌و گەڕانەوەی عەلی گومانی لای هاوڵاتییان دروستکردووەو ئەوانەی منداڵەکانیان بە مردوو نووسیوە، ئێستا ئومێدی گەڕانەوەیان بۆ دروستبووەوە».

لوقمان عەبدولقادر وتیشی: «داوامان لە سەرۆکی حکومەت کردووە کە سمپڵی خوێنی سەرجەم خێزانەکان وەربگرن‌و لە وەزارەتی شەهیدان‌و کاروباری ئەنفالکراوەکان بپارێزرێن بۆئەوەی ئەگەر ئەو خێزانانە مردیشن، منداڵەکانیان لەدوای خۆیان بناسرێنەوە».

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئەوەشی ئاشکراکرد کە لەدوای گەڕانەوەی عەلی، لە تاران‌و شیرازەوە پەیوەندییان پێوەکراوە کە (٣)منداڵی دیکە لەو شارانە هەن‌و زانیارییان لەسەر کۆکراوەتەوە تا بتوانرێت بگەڕێنرێنەوە بۆ خێزانەکانیان.

# لە دژی توندوتیژیی
# پڕۆژەی «هاوسەنگ» لە قوتابخانەکاندا جێبەجێ دەکرێت

**بەرهەم عومەر**

**لە کوردستاندا پڕۆژەی پەروەردەیی (هاوسەنگ) جێبەجێ دەکرێت بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی لە قوتابخانەو خێزانەکان‌و زیادکردنی ڕۆڵی خێزان لەنێو پڕۆسەی پەروەردەییدا بۆماوەی سێ مانگ‌و هەندێک لایەنی فەرمییش کەمتەرخەم‌و خەمساردن لەجێبەجێکردنی پڕۆژەکە.**



پڕۆژەکە بە هاوبەشی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی‌و وەزارەتی پەروەردە ئەنجامدەدرێت، بەڵام بەڕای ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییانەی بەشداری پڕۆژەکەن، بەدەمەوەچوونی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە سلێمانی وەکو پێویست نییەو لە هەولێریش بەڕێوەبەرێتی پەروەردە کەمتەرخەمن لە ئاست بەدەمەوەبوونی قۆناغەکانی پڕۆژەی هاوسەنگ.

لە پڕۆژەی هاوسەنگدا بڕی (٢) هەزار دینار لە دایک‌و باوکی هەر قوتابییەک وەردەگیرێت لەبری خواردنەوەی شیرینییەک، کە خێزانەکان خۆیان دروستیانکردووەو پاشان ئەو پارەیە لەلای ئەنجومەنی دایکان‌و باوکانی ئەو پۆلەوە خەرج دەکرێت بۆ چالاکیی‌و گەشتی زانستی، بەڵام هەندێک لە خێزانی منداڵان سکاڵای ئەوەیان کردبوو، کە قوتابخانەکان پارەیان لێ کۆدەکەنەوە.

جەزا حەمە ساڵح، سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان‌و دەروونناسانی کوردستان، بەپێچەوانەی تێگەیشتنی ئەو خێزانانەوە، باسی لەوەکرد کە پارەی دەستنیشانکراو قوتابخانە کۆیناکاتەوەو لای نوێنەری خێزانەکان دەمێنێتەوەو پێویستە لە (٣) مانگی تەمەنی پڕۆژەکەدا ئەو پارەیە بەتەواویی خەرجکرابێت بۆ قوتابییەکان لەلایەن ئەنجومەنەکەوە.

بەپێی پڕۆژەی هاوسەنگ، ڕێگە فەراهەمکراوە بۆ قوتابییان کە خواستەکانی خۆیان دەربڕن‌و دووربن لە هەر توندوتیژییەک، کە لەوانەیە لە خێزان‌و قوتابخانەوە ئاراستەیان بکرێت، ئەوەش لەڕێگەی دروستکردنی ئەنجومەنی (پەنات-پەپولەکانی ناتوندووتیژی)و دانانی سندوقی گەشەپێدان (بۆ کۆکردنەوەی ئەو پێشنیازو سکاڵاو ڕاسپاردانەی منداڵان هەیانە لە خوێندنگەداو ڕۆژانە دەتوانن بە نووسین پێشنیازەکانیان بخەنە ئەو سندوقەوە).

تەنیا لە شاری سلێمانیدا زیاتر لە (١٣) هەزار قوتابی سوودمەند دەبن‌و نزیکەی (٤٠٠) دایک‌و باوک بەشداریی لیژنەکانی هۆبەی دایکان‌و باوکانیان کردووە، بەڵام لە هەولێر زیاتر لە (٦) هەزار قوتابی سوودمەند بوون‌و بە گشتیی لە هەر سێ پارێزگاکەی کوردستان تا ئێستا (٢٢) هەزار قوتابی سوودمەندی پڕۆژەکەن.

ئەو پڕۆژەیە لە سلێمانیدا لە ڕۆژی (١١/٥) دەستپێکردووەو بڕیارە (٣) مانگ بخایەنێت، بەڵام پێدەچێت بەهۆی هاتنەپێشەوەی تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم لە خوێندنگە بنەڕەتییەکاندا، پڕۆژەکە بۆ ماوەی مانگێک دوابکەوێت.

سەناریا نەزیف، توێژەری کۆمەڵایەتی‌و یاریدەدەری بەڕێوەبەری پڕۆژەی هاوسەنگ لە سلێمانی، باسی لە ئامانجەکانی پڕۆژەکە کردو وتی: «ئێمە تەنیا مەبەستمان کەمکردنەوەی توندووتیژیی نییە لە قوتابخانەکاندا، بەڵکو دروستکردنی هەماهەنگی‌و هاوسەنگییە لەنێوان قوتابخانەو خێزانەکاندا».

سەناریا نموونەی ئەوەی هێنایەوە، کە بەپێی ئەو خشتەی ڕێکخستنی کاتەی دابەشدەکرێت بەسەر خێزانەکاندا، ڕۆژانە هەریەکێک لە دایک‌و باوک دەبێت (٥) خولەک لەگەڵ منداڵەکەیان گفتوگۆ بکەن، بۆ ئەوەی باسی کێشەکانی‌و ژیانی خۆی بکات لەنێو قوتابخانەو هاوڕێکانیدا، ئەمەش ئاسۆی لێکتێگەیشتن‌و ناتوندوتیژیی لە خێزانەکاندا فراوانتر دەکات.

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە ئاماژەیکرد بەوەی؛ پڕۆژەکە لە شاری سلێمانی بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆیەوە بینیوەو (٧٥٪)ی خێزانەکان لە کۆبوونەوەکانی نێو خوێندنگەکان ئامادەبوون، بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێک لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان، کە پێیانوابوو خێزانەکان لەوانەیە بەدەم پڕۆژەکەوە نەیەن.

هەندێک لە توێژەرە کۆمەڵایەتییە چاودێرەکانی پڕۆژەکە، کە لە هەمان کاتدا فەرمانبەری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتین، ئاماژە بەوەدەکەن؛ کە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە سلێمانی کەمتەرخەمن لە دابینکردنی توێژەری پێویست بۆ پڕۆژەکەو خەرجکردنی ئەو پارانەی دەچێتە پڕۆژەکە.

سەناریا، ئاماژەی بەوەکرد؛ وەزارەتی کار وەکو پێویست هاوکاریی ئەو توێژەرانەی نەکردووە، کە چاودێری قوتابخانەکانن، بەوپێیەی نەیانبەخشیون لە کارە سەرەکییەکانیان‌و لەگەڵ چاودێرییکردن لە پڕۆژەی هاوسەنگدا هەفتانە (٢) ڕۆژ لە بەڕێوەبەرێتییەکانیان دەوامیان پێ دەکەن، هەروەها وتی: «بەداخەوە تا ئێستا هیچ یەکێک لە بەڕێوەبەری گشتیی، یان وەزیر یان هەر بەرپرسێکی دیکەی وەزارەتەکەمان لێی نەپرسیوینەتەوەو بەشداریی وۆرکشۆپەکانیان نەکردووین».

سەرپەرشتیاری سلێمانی پڕۆژەی هاوسەنگ، سوپاسی کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کرد، کە تا ئێستا نەیانهێشتووە پڕۆژەکە پەکی بکەوێت‌و کارتی مۆبایلی توێژەرەکان‌و تێچوونی وۆرکشۆپەکانیان لە ئەستۆ گرتووەو کارئاسانی تەواویان کردووە بۆ سەرخستنی (هاوسەنگ).

لە ساڵی ڕابردوودا پاش ئەوەی پڕۆژەکە لە دهۆک جێبەجێ کرا، دەرکەوت کە بە دیدی دایکان‌و باوکان (٧٠٪) توندووتیژی لەسەر منداڵەکانیان کەمی کردووە بە هەموو جۆرەکانیانەوە، هەروەها (٨٤٪)ی منداڵان پێیانوابوو توندووتیژییان لەسەر کەمبووەتەوە.

جەعفەر مائی، شارەزا لە وەزارەتی کارو سەرپەرشتیاری پڕۆژەی هاوسەنگ لە کوردستاندا، باسی لەوەکرد؛ تا ئێستا زیاتر لە هەزار نامە لە هەولێرو سلێمانییەوە لە ڕێگەی سندوقی گەشەپێدانەوە نێردراوە بۆمان، کە چەندین گرفتی وردی پەروەردەیی بە دەستی قوتابییان تێدا تۆمارکراوە، ئێمەش ئیشی لەسەر دەکەین‌و پاشان ئەو نامانە دەنێردرێت بۆ هەردوو وەزارەتی پەروەردەو کار.

جەعفەر ڕایگەیاند: تا ئێستا لە هەولێر بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی هەولێر بەشداریی وۆرکشۆپو کارەکانیان نەکردووەو سستن‌و لە نزیکەوە ئاگاداری پڕۆژەکە نین، ئەگەرچی لە سلێمانی بە پێچەوانەوە بەڕێوەبەری پەروەردە زۆر بە جدیی بەشدارە لەگەڵ کۆمەڵەی کۆمەڵناسان، بەڵام بەڕێوەبەرێتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی خۆیان بە دوورەپەرێزیی هێشتووەتەوەو هاوکارییەکانیان بۆ پڕۆژەکە زۆر سستە، بەڵام وتی: «پێدەچێت لە ئایندەیەکی نزیکدا زیاتر لە پڕۆژەکە تێبگەن‌و هاوکارییەکانیان ئاراستە بکەن بۆ سەرخستنی پڕۆژەکە».

جەعفەر مائی وتیشی: «من هەوڵدەدەم کە ئەو بەڕێوەبەرانەی کە وابەستە نەبن بە پڕۆژەکەوەو کەمتەرخەمبن سزابدرێن‌و لە کار لاببرێن، هەروەها ئەو قوتابخانانەی کاری باشیان کردووە سوپاسنامەو دەستخۆشییان لێ بکرێت».

# فراکسیۆنی گۆڕان بەدوای چارەنووسی

# (١)ملیۆنو (٤٠٠) هەزار دۆلاری هەڵەبجەییەکاندا دەگەڕێت

**ئارام نەجیم**

وابڕیارە ئەمڕۆ (١٢/٨)، فراکسیۆنی گـــۆڕان داوای روونــکــردنـــەوە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بکات لەسەر چارەنووسی (١)ملیۆنو (٤٠٠)هـەزار دۆلار کە لە خانووەکانی کەسوکاری قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە بـڕدراوە بۆ کۆمپانیای دنای ئێرانی، کۆمپانیای ناوبراویش رەتیدەکاتەوە کە ئەو پارەیەی وەرگرتبێت.

دکتۆر ڕێباز فەتاح کۆکۆیی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان بۆ ڕۆژنامەی ئاشکرا کرد «بڕیارە ئەمڕۆ داوای روونکردنەوە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بکەین سەبارەت بە چارەنووسی ئەو بڕە پارەیەی کە لە کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجە بڕاوەو بڕەکەی زیاتر لە (١)ملیۆنو (٤٠٠)هەزار دۆلارە».

بە وتەی دکتۆر ڕێباز کە یەکێکە لە نوێنەرەکانی خەڵکی هەڵەبجە لە پەرلەماندا «پێویستە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە ماوەی (١٠)ڕۆژدا وەڵامی پەرلەمانتاران بداتەوە، سەبارەت بە چارەنووسی ئەو پارەیە».

بــڕیــاربــوو حکومەتی هەرێمی کوردستان (٥٠٠)خانوو بۆ کەسوکاری قوربانییانی هەڵەبجە لە شارەکەی خــۆیــان دروســت بکات کـە بـۆ هەر خانوویەک (٢٢)ملیۆنو (٢٥٠)هــەزار دینار تەرخانکرابوو، بـەڵام لە کۆی گشتیی بودجەی خانووەکان، حکومەت (١)مـلـیـۆنو (٤٠٠)هـــەزار دۆلاری بڕی، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی کۆمپانیای دنای ئێرانی کە خانووەکانی دروست دەکرد، چونکە لە دادگا سکاڵای لە دژی حکومەت تۆمارکردبوو.

بـەخـتـیـار ئـەحـمـەد، وەکـیـلـی لێپرسراوی کۆمپانیای دنـای ئێرانی بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند «کۆمپانیای دنای ئێرانی هیچ پارەیەکی لە پارەی کەسوکاری شەهیدان بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی کۆمپانیاکەیان لە حکومەت وەرنەگرتووە».

بەختیار وتیشی «کۆمپانیاکەمان لەگەڵ لیژنەی تەحکیمی وەزارەتـی ئاوەدانکردنەوە ڕێککەوتوون لەسەر ئـەوەی کـە هـــەردوولا، کۆمپانیای دنـاو حکومەت خەتابارن، بۆیە هیچ قەرەبوویەکمان وەرنەگرتووە، تەنها ئەو ئامێرانەمان کە دەستی بەسەردا گیرابوو، وەرگرتووەتەوە».

# دوو مامۆستا بریندارده‌کرێن

**ئارام نەجیم**

تەنیا لە ڕۆژێکدا لە هەڵەبجەو خورماڵ دوو مامۆستا لەلایەن خوێندکارەکانیانەوە هێرش دەکرێتە سەریانو بریندارده‌کرێنو یەکێکیان چاو لەدەستدەدات.

لە دوو ڕووداوی جیاوازدا لە ڕۆژی (١٢/٥)دا لە هەریەک لە قەزای هەڵەبجەو شارۆچکەی خورماڵ لەلایەن خوێندکارەکانیانەوە پەلاماری دوو مامۆستا درا، کە یەکێک لە مامۆستاکان بە نـاوی ئاکۆ حەمە سعید لە خوێندنگەی بنەڕەتیی خورماڵ بەهۆی پەلاماردانەکەوە چاوی لەدەستدا، ئەمەش دوای ئەوە هات کە ویستوویەتی یەکێک لە قوتابییەکانی لە پۆلەکە بکاتە دەرەوەو ئەویش هێرشی کردووەتە سەر مامۆستاکەو بە چەقۆ برینداری کردووەو ئێستا چاوی لەدەستداوە، هەر لە هەمان ڕۆژدا لە ناوەندی باڵامبۆی قەزای هەڵەبجە مامۆستایەکی دیکە لەلایەن قوتابییەکانیەوە پەلاماردراو بریندارکرا.

موقەدەم ئەنوەر حاجی عومەر، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەڵەبجە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە دوو ڕووداوی جیادا لە خورماڵو هەڵەبجە دوو مامۆستا بریندابوون، کە لە ڕووداوێکیاندا بەداخەوە مامۆستایەکیان چاوی لەدەستداوە، مامۆستای دووەمیش هێرشی کراوەتەسەر لـەلایـەن خـوێـنـدکـارانـەوەو دەمـوچـاوی بریندارکراوە.

وتیشی: «لەئێستادا بە بڕیاری دادوەرو بەپێی مادەی (٢٣٠) لە یاسای سزادان خوێندکارەکان دەستگیرکراونو ئێمە لە ئیجرائاتی خۆمان بەردەوامین».

هاوکات حەسەن شێخ نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی هەڵەبجە، وتی: «لە ڕێگەی یاساوە لێپێچینەوەی تایبەت دەکەین». ئاماژەشی بەوەکرد؛ لیژنەی مامۆستایانی خوێندنگەکە دەتـوانـن بڕیار لە دوورخـسـتـنـەوەی ئەو خوێندکارە بـدەن لە خوێندنو بۆ ماوەی ساڵێک فەسڵی بکەنو دواتریش بیگوازنەوە بۆ خوێندنگەیەکی دیکە.

بەڕێوەبەری پەروەردەی هەڵەبجە وتیشی: «ئەو خوێندکارەی هێرشی کردووەتە سەر مامۆستاکەیو بووەتە هۆی لەدەستدانی چاوی، باوکی خۆی مامۆستایە لە هەمان خوێندنگە».

# کەلوپەلی فەل قەدەغەدەکرێت

**شارا عەبدولڕەحمان**

دەستەی پێوانەسازییو کۆنترۆڵی جۆریی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا بە ڕێگرتن لە هاوردەکردنو بەکارهێنانی کەلوپەلی پاککەرەوەی فەل، کە ڕۆژانە لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانو بازگەکانی نێوان هەرێمو حکومەتی ناوەندەوە دێنە هەرێمەوە.

ماوەیەکە لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا کەلوپەلی پاککەرەوەی لـە جـۆری فـەل بـەدیـدەکـرێـت، کە بـەهـۆی هــەرزانـیـی نرخەکەیەوە هاوڵاتییان بەکاریدەهێنن، کە ئەو کەلوپەلانە کوالێتییان لە ئاستێکی نزمدایەو بەهۆی نەپێچانەوەیەوە وادەی بەسەرچوونەکەی نازانرێت، ئەمە جگەلەوەی کە هەندێک شتی تێکەڵدەکرێت کە بۆ بەکارهێنان لە بواری پاککردنەوەدا نایەت.

د.موئەیەد محەمەد، بەڕێوەبەری دەستەی پێوانەسازییو کۆنترۆڵی جۆریی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو کەلوپەلە فەلانە بە زۆریی لە وڵاتی ئێرانو تورکیاوە دێنە هەرێم، دیارە ئەو کەلوپەلانە کە دێن خۆیان لە بنەڕەتدا خراپ نین، چونکە ئەگەر خراپ بن ئێمە ڕێگەی هاتنەناوەوەیان پێنادەین، بەڵام بەهۆی ئەوەی فەلو نەپێچراوەنو لە کوردستان هەندێک کەرەستەی دیکەی تێدەکرێت، کە بەکەڵکی بەکارهێنان لە بواری پاککردنەوەدا نامێنن.

وڵاتـــە پێشکەوتووەکانی دنیا ئەو ڕێکەوتننامانەیان ئیمزاکردووە کە ڕێگە دەگرێت لە دروستکردنو هەناردەکردنی کەلوپەلی خـراپو زەرەرمـــەنـد، بـــەڵام عێراق بەهۆی ئـــەوەی لە ساڵانی رابـــردوودا ئەو ڕێکەوتننامانەی ئیمزا نەکردووە، نەیتوانیوە ڕێگربێت لە هاوردەکردنی ئەو کەلوپەلانە.

بۆ کۆنترۆڵکردنی حاڵەتەکانیش، بەڕێوەبەری دەستەی پێوانەسازییو کۆنترۆڵی جۆریی بەباشی زانی کە هاوڵاتییان خۆیان لە بەکارهێنانی پـاکـکـەرەوەی فـەل بەدووربگرنو وتــی: «هەرچەندە ئێمە دەتوانین لە سنوورەکانمانەوە کۆنترۆڵی هاتنەناوەوەی کەلوپەلی خراپ بکەینو ئەگەر شتێک بە باش نەزانین ڕێگەی هاتنەناوەوەی پێ نادەین، هاوکات سەرقاڵی چەند ڕێکەوتنێکین لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە کەلوپەلی لێوە دەهێنرێتە هەرێمو هێشتا نەگەیشتوینەتە ئەنجام، بەڵام ئەوەی ئێستا کێشەی بۆ ئێمە دروستکردووە ئەوەیە، کە ناتوانین لە بازاڕەکانی خۆماندا کۆنترۆڵی ئەو هەموو کاسبکارە بکەین کە هەڵدەستن بە تێکەڵکردنی ئەو کەلوپەلانە لەگەڵ کەلوپەلی خراپدا».

ئێستا لە بازاڕەکاندا جۆرێک لە تایتی فەل دەستکەوێت، کە خوێی تێکەڵکراوە یاخود فاست، کە ئاوی تێکراوەو چەندین بابەتی دیکەش کە بەمەبەستی قورسکردنیان لەکاتی کێشاندا، مادەی قورسترو بێکەڵکی تێکەڵدەکرێت.

## دڵشاد عەبدولڕەحمان، وەزیری پێشووی پەروەردە:

# قەرزپێدان بە خوێندکارانی زانکۆ، وڵات دەباتە قۆناغی پێشکەوتووەوە

**شارا عەبدولڕەحمان**



سیستمی خوێندن لەسەر پـارەی حکومەت یەکێکە لە هۆکارە بەهێزەکانی پێشکەوتنی خوێندنو پـەروەردە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، بەجۆرێک دوای دەرچوونی خوێندکارانو دامەزراندنیان بەشێوەی قیستی مانگانە ئەو پارەیە لە مووچەکانیان وەردەگیرێتەوە، بەرپرسانی پـــەروەردەی هەرێمیش بەپێویستی دەزانن هەمان سیستمی پێدانی قەرز بە خوێندکارانی زانکۆ پیادەبکرێت.

فایەق سەعید، مامۆستاو پەروەردەزان لە سوید، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە روونکردەوە، کـە لـە زۆربـــەی وڵاتـانـی ئـەوروپـیو بەتایبەت لە سوید هەموو کەسێک کە لە زانکۆ یان شوێنێکی دیکە بخوێنێت (بەدەر لە قوتابخانەی ئاسایی کە بەخۆڕاییە) دەبێت قەرزبکات، هەرچەندە خوێندن بە پارە نییە، بەڵام ئەو قەرزە بۆ ژیانی تایبەتی خوێندکارەکە دەبـێـت وەک شوێنی نیشتەجێبوون، کتێب کڕینو خەرجی ڕۆژانە. وتیشی: «هەرکاتێک ئەو خوێندکارە خوێندنەکەی تەواوکردو کاری دەستکەوت مانگانە (٤٪)ی مووچەکەی دەداتەوە بەو قەرزە، هاوکات ئەگەر کاری نەبوو پێویست ناکات قەرزەکە بداتەوە».

هەرچەندە لە هەرێمی کوردستان خوێندنی زانکۆ بەخۆڕاییە (جگە لە زانکۆ ئەهلییەکانو کۆلێژەکانی ئێواران) هاوکات مانگانە دەرماڵە دەدرێتە خوێندکاران، بەڵام بەهۆی کەمیی دەرماڵەکەیانەوە خوێندکاران ناتوانن وەک پێویست سوودی لێببینن، ئەمەش بەهۆی گرانیی خەرجی ڕۆژانەی زانکۆو کتێب کڕینو چەندین شتی دیکە، بەوهۆیەشەوە پێویستە لە کوردستانیش سیستمی پێدانی قەرز بە خوێندکاران پیادەبکرێت.

وەزیـــری پـێـشـووی پـــەروەردەی حکومەتی هەرێم بوونی وەها سیستمێکی بۆ کوردستان بەپێویست زانیو پێیوابوو؛ پێدانی قەرز بە خوێندکاران وڵات دەباتە قۆناغێکی دیکەی پێشکەوتنەوەو ڕەنگە بەهۆیەوە ئاستی زانستیی خوێندکاران بەرەو بەرزبوونەوە بڕوات.

د.دڵشاد عەبدولڕەحمان بۆ ڕۆژنامە وتـــی: «لــە کوردستاندا لەگەڵ ئــەوەی کە خوێندن بەخۆڕاییەو دەرمـاڵـەش دەدرێتە خوێندکارانو سیستمی عبوریش پـیـادەدەکـرێـت، هێشتا خوێندکاران نارازینو داوای زیاتر دەکەنو ئاستیان وەک پێویست نییە».

بەوهۆیەشەوە د.دڵـشـاد پێیوابوو؛ پێویستە سیستمی ئیداریيو ئابووریی هەرێمەکە بگۆڕێت بۆئەوەی بتوانرێت لە ڕێگەی سیستمی بانقییەوە قەرزی درێـژخـایـەن بدرێتە خوێندکاران تا بتوانن لە زانکۆ ئەهلییەکان بخوێننو هەم لە زانکۆ حکومییەکانیش لە ڕێگەی بەدەستەوەبوونی خەرجییەکی زیاتر پەرە بە ئاستی زانستییان بدەن.

وەزیری پێشووی پەروەردە وتیشی: «لە وڵاتانی پێشکەوتوودا خوێندکارانی زانکۆ لەگەڵ خوێندنەکەیاندا کاردەکەنو شەونخوونی دەکێشن بۆئەوەی خوێندن تەواوبکەن، هاوکات قەرزیش لە بانقە حکومییەکان دەکـەن بۆئەوەی بتوانن بخوێنن، دواتـریـش کە دامـــەزران لە مـووچـەکـەیـان قـەرزەکـەی حکومەت دەدەنەوە، بەڵام لە کوردستان هەلی کار دوای تەواوکردنی خوێندن ئەوەندە کەمە، کە ڕەنگە نەتوانن ئەو قەرزە بدەنەوە، بەوهۆیەشەوە ئەگەر بویسترێت سیستمی قەرز بە خوێندکار پەیڕەوبکرێت، پێویستە سیستمی کارگێڕییو ئـابـووریـی لە بنەڕەتەوە گۆڕانی بەسەردابێت».

لەلایەکی ترەوە نەک هەر بۆ قۆناغی زانکۆیی بەڵکو لەوڵاتانی پێشکەوتووی وەک ئـەوروپـاو ئەمریکا لەسەرجەم قۆناغەکانی بـنـەڕەتـیو ئامادەییدا مانگانەی منداڵو مێردمنداڵان هەیە بۆ ئەوەی فاکتەرێک بێت بۆ هاندانیان لەسەر خوێندن.

مامۆستا هۆمەر قەرەداغی، پسپۆڕی بـواری پـــەروەردەو خوێندن لەسوید ئـــەوەی بـۆ ڕۆژنـامـە رونـکـردەوە کە لەوڵاتی سوید منداڵو مێرد منداڵ هەر لەقۆناغی بنەڕەتیەوە هەمو مانگێک بڕی (١١٠٠) کرۆن (١٥٥٠ دۆلار)ی پێدەدرێت کەئەمە نـەقـەرزە نەقیستە بەڵکو بۆ مەسرەفی خوێندنەو وەک هاندانێکە بۆ بەردەوامبوون لەسەر خوێندن.

وتیشی «لەقۆناغی زانکۆدا هەرچەندە خوێندن خۆڕاییە، بەڵام هەمو خوێندکارێک بۆی هەیە هەموو مانگێک بڕی (٧٠٠) کــرۆن(١٠٠٠)دۆلار لەحکومەت بەقەرز وەربگرێتو دواتر کە دامەزرا بەشێک لەو پارەیە، نەک هەموشی بەشێوەی قیستی مانگانە بداتەوە بەحکومەت.

ئـەو پسپۆرەی بـواری پـەروەردە بەپێویستیشی زانـی کەلەکوردستاندا هـەمـان سیستم پـەیـڕەو بکرێت بۆ پێشخستنی بواری پەروەردەو خوێندنو بـەرزکـردنـەوەی ئاستی زانستیی خوێندکاران.

# بەشو بەشکاریی پارتیو یەکێتی، هێز لە پەروەردەی کەرکوک دەبڕێت

> «ژمارەیەک بە ناوی مامۆستاوە دامەزراونو مووچە لە پەروەردە وەردەگرن، بەڵام خۆیان لە نێو دەزگا حیزبییەکانو رێکخراو و رۆژنامەکانی هەردوو حیزبی پارتیو یەکێتی کاردەکەنو ژمارەشیان کەم نییە».


کەرکوک: ئەو شارەی لە هەموو روویەکەوە فەرامۆشکراوە

شاڵاو محەمەد

**پارتیو یەکێتی لە کەرکوک وەک چۆن هەموو بوارەکانی ژیانیان بەسەر خۆیاندا دابەشکردووە، بواری پەروەردەش بەهۆی فیفتی بە فیفتییەکانی ئەم دوو حیزبەوە هێز لە جەستەیدا نەماوە، بەم هۆیەشەوە گەندەڵیی لە سێکتەری پەروەردەدا بەردەوام پەرەدەسێنێت.**

سەرەتای پرۆسەی ئازادیی عێراق کاتێک ئەمریکییەکان گەیشتنە کەرکوک بۆ هەر فەرمانگەیەک ئەفسەرێکی خۆیان دانا تا بەشێوەی کاتیی بەڕێوەببرێت، لەو کاتەشدا هەریەک لە یەکێتیو پارتی دوو سەرپەرشتیاری خۆیان بەناوەکانی (م.سەرتیپ)و (م.عەبدولواحید) هێنایە نێو پـەروەردەوە، لە بەرامبەریشدا بەرەی تورکمانیی سەرپەرشتیارێکی خۆی دەستنیشانکرد.

لـە ئـەنـجـامـی سستی هــەردوو سەرپەرشتیارە کوردەکەو چالاکیی ئەو تورکمانە، ئەو بەڕێوەبەرێتییە درا بە بەرەی تورکمانیو دوو سەرپەرشتیارە کوردەکەش رووی مانەوەیان نەما لە کەرکوک، بۆیە گەڕانەوە گەرمیانو هەولێر، لەوێ لەبری لێکۆڵینەوە لە دۆڕانـدنـی پۆستی بەڕێوەبەرێتیی پــەروەردەی کــەرکــوک، یەکێتی بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی گەرمیانی بە سەرپەرشتی م. سەرتیپ دامەزراند.

کاتێک بۆ کردنەوەی بەشی کوردی لە پەروەردەی کەرکوک م.یوسف سەعید دەستنیشانکرا، سەرەتایەکی زۆرباشی هەبوو، بەهێزەوە رووبەڕووی ئەوانە وەستایەوە کە ململانێی خوێندنی کوردییان کرد لە شارەکە، بەڵام دواتر یەکێتیو پارتی دوو پـەروەردەیـان کـردەوە لە قەرەهەنجیرو ئازادییو دەســەڵاتـی (یـوسـف سـەعـیـد)یـان کـەمـکـردەوەو تەنگیان پێهەڵچنیو کەوتنە گـەڕان بـەدوای کەسێکدا کە لەجێگەی ئەو دایبنێن، بەڵام هەوڵەکان بێهوودە بـوون، چونکە هەرلایەک دەیویست خۆی دایبنێت، ئەمە بەردەوام بوو تا وەزارەتـی پـەروەردەی هەرێم هەردوو پەروەردەکەی هەڵوەشاندەوەو لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٨)ەوە یەک پەروەردە بە بەڕێوەبەرێتیی (یوسف سەعید) کەوتە کار.

بەڵام جارێکی دیکە لەو پەروەردەیەدا گرفت دروست بوو، چونکە پەنجا پەنجا بەش کرا، خۆیی سەرەتایی بۆ پارتیو خۆیی ناوەندیی لەگەڵ بەشەکانی تری ژمێریارییو مووچەی هاتوو و رۆیشتوو بۆ یەکێتی.

## بڕوانامەی ساختە

وێڕای ئەوەی چەندجارێک لیژنەی وردبینیی فایلی مامۆستاکان دانراو نزیکەی (٣٠٠) مامۆستا جێگای گومان بـوون، کـە بـە دوو لیست نـاوەکـان لەوەزارەتەوە گەڕانەوە، لیستێک کە گوایە بڕوانامەی ئەو (٣٠٠) مامۆستایە ساختەیەو دەبێت دەربکرێنو ئەویتر پێویستە سەردانی وەزارەت بکەن بۆ چاککردنی فایلەکانیان.

یـوسـف سـەعـیـد، بـەڕێـوەبـەری پـەروەردەی بەشی خوێندنی کوردی لە کەرکوک، لەم بارەیەوە بەرۆژنامەی راگەیاند: «دوو ساڵ پێش ئێستا فایلی (١٣٧)مامۆستا تەخشانو پەخشان کرا کە گوایە گومان هەیە لە بڕوانامەکانیان، دوای ئەوە پەنجا مامۆستا فەسڵکران، چونکە بڕوانامەکانیان تەزویر بوو، بەڵام ئەوەی مایەوە بڕوانامەکانیان هێنا کە ساختەی تیا نەبوو».

هاوکات سەرچاوەیەکی تایبەتی رۆژنـامـە بـە پـێـچـەوانـەی یوسف سەعیدەوە ئـەوە رووندەکاتەوە، کە بڕوانامەی (٣٠٠) مامۆستا ساختەیەو وەکو ئەو دەڵێت «لە هەردوو لیستەکەدا کەس دەرنەکراو هەمووی چاککرایەوەو ئێستا هەندێکیان لە پلەی بەڕێوەبەرو یـاریـدەدەردان، تا حیزب خاوەنی حکومەتو پەروەردەش بێت لە کەرکوک ئەو تەزویرانە هەر دەمێننەوە».

هەمان سەرچاوە وتیشی «ژمارەیەک بە ناوی مامۆستاوە دامەزراونو مووچە لە پەروەردە وەردەگرن، بەڵام خۆیان لە نێو دەزگا حیزبییەکانو رێکخراو و رۆژنامەکانی هەردوو حیزبی پارتیو یەکێتی کاردەکەنو ژمارەشیان کەم نییە».

## ٣ ملیار دینارەکە چی لێهات؟

ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بری ٣ملیار دیناری خستبووە بەردەستی رێکخراوی فریاکەوتنی ئاوارە، چەند کادیرێکی باڵای یەکێتی لە کەرکوک ئەو پارەیەیان تایبەتکرد بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی قوتابخانەکانو چەند بەڵێندەرێک وەک تەندەر وەریانگرت.

کادیرێکی باڵای یەکێتی لە کەرکوک بۆ رۆژنامە وتی «لەبەر نەشارەزایی لیژنەکە، ئەو بەڵێندەرانە کەلوپەلی خـراپـیـان هـێـنـاو سـاغـیـانـکـردەوە بەسەریانداو لە دابەشکردنیشدا رێک نەبوون، هەندێک قوتابخانە زۆرو هەندێک هیچی بەرنەکەوت، چونکە چاودێرییان نەکراو پەروەردە رانەسپێردرا کە بە ئەرکی چاودێریکردنی هەستێت».

بەپێی زانیارییەکانی ئەو کادیرەی یەکێتی، لەکۆی ئەو (٣) ملیار دینارە کە لە ساڵی (٢٠٠٦) نێردراوە، تا ئێستا ٧٥٠ ملیۆن دیناری ماوەو سەرف نەکراوە.

## نووسەرە وەهمییەکان

ژمـارەیـەکـی زۆر نـووسـەر بە بڕوانـامـەی نـاوەنـدیـو سەرەتایی دامــــــەزراونو لـــە قـوتـابـخـانـە سەرەتاییەکاندا دەوام دەکـەن، کە لە بنەڕەتدا سەرەتایی میلاکی نووسەری نییەو هیچ کارێکی نییە تێیدا جێبەجێی بکات، بـەڵام لەبەر پەیوەستبوونیان بەحیزبەکانەوە، ناتوانرێت بگوازرێنەوە بۆ ناوەندییەکان کە ناوەندیی هەیە یەک نووسەری هەیە.

بەپێی ئەو بەڵگانەی لای رۆژنامە پارێزراون «قوتابخانە هەیە سەرەتاییەو (٤-١٠) نووسەری تیایە، ئەمانە ئۆفیان بۆ دانـــراوە، واتـــە هەفتەی رۆژێـک مۆڵەتن تا قەرەباڵغی دروست نەبێت لە ئیدارەکاندا، ئەمە وێڕای ئەوەی کە میلاکی مامۆستاش لەسەرەتاییەکاندا رێک نەخراوە.

ئەگەرچی لە سەرەتای ئەمساڵیشدا لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی میلاکات، بــەڵام بەتەواوی جێبەجێ نەکراو ئەوەی کە راگەیەنرا ئـەوەبـوو، کە قوتابخانە هەبوو لە سـەرووی میلاکی خـۆی، چەندین مامۆستا زیاتری هەبووەو تا ئەمکاتەش نەیەکێتیی مامۆستایانو نە پەروەردەو نە سەرپەرشتیار دەنگیان نەکردووە.

## داماویی خوێندنی کوردی

دوای یـەکـگـرتـنـەوەی هــەردوو پەروەردەکە، مانگانە نزیکەی (٣) ملیون دینار نەسرییە بۆ پـەروەردەی بەشی خوێندنی کوردی دانراو دواتر کرا بە (٥) ملیون دینار، ئەمەش بۆ هێنانی کتێبو نەسرییەی بەڕێوەبەرو یاریدەدەرەکان خەرج دەکرا، بۆ زیاتر خەرجکردنیشی پارتیو یەکێتی کەوتنە ململانێی یەکترو قوتابخانەکانیان پڕکرد لە یاریدەدەر.

بەپێی ئـەو زانیارییانەی دەست رۆژنامە کەوتوون «قوتابخانە هەیە خاوەنی (٣) یـاریـدەدەرە، بۆ نموونە قوتابخانەی ئامادەیی شـۆڕیـجـەی نموونەیی کوڕان، یاریدەدەرەکانیش سەر بە یەکێتیو پارتین، بـەڵام لە ئاستی ئیفلیجکردنی خوێندنی کوردیدا بێدەنگن».

مـامـۆسـتـایـەکـی قـوتـابـخـانـەی ئامادەیی شۆڕیجەی نموونەیی کوڕان بەرۆژنامەی راگەیاند «ئەمساڵ خوێندنی کوردی شڵەژانێکی پێوە دیارە، ئەوەتا لەم قوتابخانەیەدا (ئامادەیی شۆڕیجەی کــوڕان) بەپیلانێکی فـازڵ کاکەیی، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە کە لەسەر لیستی یەکێتییەو مووچە لە بەغدا وەردەگرێت، ئەو مامۆستایانەی سەر بە ئیدارەی سلێمانیو هەولێرن، زۆرینەی لەوێ نەهێشتوونو نەقڵی کردوونو مامۆستا هەڵهاتووەکانی پارێزگاکانی دیکەی هێناوە کە زۆربەیان عەرەبن، بەو هۆیەوە لە کۆی (٢٥٠) خوێنکاری بەشی خوێندنی کوردی، ئەمساڵ رێژەی سەرجەم خوێندکارەکان بووەتە (٥٣) خوێندکار، بەدڵنیاییەوە ساڵێکی دیکە ئەم خوێندنگایە دەبێتە خوێندگایەکی عـەرەبـیو ئـەو کاتە قسەکردن لێی بێسوودە».

## ئابوونەسەندن لە مامۆستایان

لەگەڵ لیستی مووچەدا ماوەیەک بـەر لە ئێستا هـەر مامۆستایەک بـری ٤٥٠ دیـنـاری وەک ئابوونە لێدەسەندرا، بەڵام لەم دواییانەدا کرا بە (٧٥٠)دینارو پاشان دەخرێتە بانقەوەو بە چەک دەدرێتە دەستی یەکێتیی مامۆستایان بۆ نەسرییەی لق.

لەسەرەتادا نەسرییەی ئەندامی لقی یەکێتی مامۆستایان (٤٥) هەزار دینار بوو لە باڵی سلێمانیو باڵی هەولێریش (٧٠)هــەزار دینار بوو، بـەڵام دوای یەکگرتنەوەیان باڵی سلێمانی کرا بە(٣٠) هەزار دینارو هەولێریش کرا بە (٦٠) هەزار دینار، کە لقی مامۆستایانی باڵی سلێمانی (١٢) ئـەنـدامو هەولێریش پێش یەکگرتن (٧)ئـەنـدام بـوون، دواتر زیادی کردو بوو بە (٢٥)ئەندام کە تەنیا (١١)ئەندامیان بە ناوی دەستەی کارگێڕیی لقەوە بوون، کە (٤)کوردی پارتیو (٤)کوردی یەکێتیو عەرەبێکو ئاشوورییەک لەگەڵ دوو تورکمان کە هەموویان سەر بە هەردوو حیزبەکە بوونو دانران.

ئەو دەستە کارگێڕییە سەرپەرشتی مـامـۆسـتـایـانو بـەشـی کـوردی پەروەردەشی دەکرد، کە بە ئیمزای هەردوولا نەبوایەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەڕێوبەری خوێندنی کوردی ناتوانێت بەڕیوبەرو یاریدەدەرێک دابـنـێـتو بۆ هــەرکـارێـک دەبێت پرسی هــەردوولا بکات، تەنانەت لە گواستنەوەی مامۆستایانیشدا.

گرفتێکی دیکە ئەوەیە، کە لە کاتی مووچە وەرگرتندا لە قوتابخانەکاندا، ئەو مامۆستایانەی لەسەر هەولێر دامەزراون دەبێت ئابوونە بدەنە ئەو بەڕێوەبەرە، یان ئەو یاریدەدەرەی کە سەر بە پارتییەو هەر مامۆستاو فەرمانبەرێک کۆبوونەوەیان لەگەڵ نـەکـات سـزای دەدەن.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، مامۆستایەک بەناوی مەدیحە لە قوتابخانەی گوێژەی سەرەتایی، نزیکەی چەند مانگێک رێگەی دەوامـکـردنـی پـێ نـــەدراوە لە قوتابخانەکەیو مووچەکەی بۆ سەرف نەکراوە تا لە قوتابخانەی داستان وەرگیراو بەڵێنی لێوەرگیرا کە ئیلتیزام بکات بە حیزبەکەیەوەو ئینجا مووچەکەی بۆ سەرف کراوە.

# نامەیەکی کراوە بۆ پەرلەمانی کوردستان



ساڵح ژاژڵەیی

**داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەم، هەتا زووە لیژنەیەکی پسپۆڕی شارەزا پێکبهێنن‌و داوایان لێ بکەن دیراسەیەکی مەیدانیی ورد بۆ پڕۆژەکە بکەن‌و هەمە لایەنە بیری لێبکەنەوە، بۆ ڕزگارکردنی ئەو پارەیەی کە دەتوانین ڕزگاری بکەین**

بەڕێزان، سەرۆک‌و ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان

سەرەتا دەمەوێت ئەوەتان وەبیربهێنمەوە کە بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێو دەوڵەتی، عێراق بە پلەی چوارەم دێت لە ڕیزبەندی گەندەڵیدا لە نێو دەوڵەتانی جیهاندا، گومانیشی تێدا نییە کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق‌و پشکی خۆی بەردەکەوێت لە گەندەڵیدا.

گەندەڵی بووەتە دیاردەیەکی ناشیرین‌و لەهەمانکاتیشدا مەترسیی گەورە بۆ سەر دوارۆژی هەرێمی کوردستان‌و لەو ڕێگایەوە بەشێکی زۆری داهات‌و سامانی ئەم هەرێمە بە تالان دەبرێت.

کاتی ئـەوە هـاتـووە کـە پەرلەمانی کوردستان پـەردەی بێدەنگی‌و شەرمنی بدڕێنێت‌و چیتر بێدەنگو بێلایەن نەبێت بەرامبەر بەو هەموو بێدادییەی کە هەیەو هەوڵی بە دواداچوون‌و لێپرسینەوە بدات‌و پەردە لەسەر ڕووی گەندەڵییەکان هەڵماڵێت‌و تاوانباران بداتە دادگا بۆ لێپرسینەوە.

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە کە زۆرترین ڕێژەی گەندەڵی لە ئەنجامدانی پڕۆژەکان‌و ئیمزاکردنی گرێبەستەکاندا کراوە کە ئەمانە هـەمـووی بـە ئـاگـاداری‌و سەرپەرشتی بەرپرسەکان کراون.

ئەگەر پارێزگای سلێمانی بەنمونە بهێنمەوەو بە وردی سەرنج بدەین، ڕاستییەکانمان بـۆ دەردەکـەون. دروستکردنی ڕێگای باخی بەختیاری بۆ تاسڵوجەو لە تاسڵوجەوە بۆ دوکان‌و ڕێگای سلێمانی بۆ عەربەت‌و ڕاکێشانی ئاوی دوکان بۆ سلێمانی‌و دروستکردنی بینای خانەی دادی سلێمانی کە دوای نووسینی ئەم نامەیەش هەر تەواو نەبووە، زیادەڕەوی نییە ئەگەر بڵێم هەریەک لەو پڕۆژانە دووجار پارەی بۆ خەرجکراوەو گەندەڵیی زۆریشیان تێداکراوە.

هـەنـدێـک پـڕۆژەش هـەن کە گرێبەستەکانیشیان ئیمزاکراوەو پێشەکی بڕێکی زۆری پارەش دراوە، بەڵام نە هیچی تێداکراوەو نە پارەکەش گەڕاوەتەوە. لەوانە پڕۆژەی دروستکردنی چەندین هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە زرگوێزو نزیک پردی تابین کە پێشەکی (١٧)ملیۆن دۆلار دراوە بە کومپانیایەکی ئیسپانی‌و تا ئێستا یەک خانوش دروست نەکراوەو ماوەیەک بەرپرسێکی حکومیی لەئاسایشی سلێمانی لە سەر ئەمە گیراو دوایی ئازاد کرا.

ئیمزاکردنی گرێبەستی پـڕۆژەی دروستکردنی وێستگەیەکی کـارەبـا لە شارۆچکەی تەقتەق کە پێشەکی (١٨)ملیۆن دۆلار دراوە بە کۆمپانیاکەو هەتا ئێستا کار لەو پڕۆژەیەدا نەکراوەو پارەکەش دیارنەماوە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دانانی بـەردی بناغەی زۆربـەی پـڕۆژەکـان‌و ئیمزاکردنی گرێبەستەکان تەنها بۆ مەرامی گەندەڵی‌و چاوبەستی کردنە لە هاوڵاتییان. ئەگەر ئەمە ئەرکی پەرلەمانی کوردستان نەبێت کە بپرسێتەوەو بە دواداچوون بکات، ئەی دەبێت ئەرکی پەرلەمان چی بێت؟ ئەگەر بەپێی ئیمزاکردنی ئەو هەموو گرێبەستانە بوایە کە ئیمزاکراون، دەبوایە ئێستا هەرێمی کوردستان وەکو دوبەی لێبهاتەیە.

داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەم هەرچی زووتـرە بـەدواداچـوون بۆ ئەم دۆسییەی گەندەڵییانە بکات‌و سزای تاوانباران بدات‌و هەوڵی گێڕانەوەی ئەو ملیۆنە دۆلارانە بدات.

دوای ئەمانە پـڕۆژەی دامەزراندنی کارگەی بەردی مەڕمەڕی ماوەت، پێویستی بە بەدواداچوون هەیە کە ئەویش دۆسیەیەکی تەمومژاوییەو گومانی گەندەڵی لێدەکرێت.

بەپێی ڕاوبۆچوون‌و لێدوانی پسپۆڕانی بـواری بـەردی مەڕمەڕ، دەبوایە هەر لە بنەڕەتەوە ئەم پڕۆژەیە ئەنجام نەدرایە، لەبەرئەوەی چاوەڕوانی ئەوەی لێ ناکرێت هیچ جەدوایەکی ئابوریی هەبێت‌و پارەکەش بە خۆڕایی دەڕوات.

بیرۆکەی دامەزراندنی کارگەی بەردی مەڕمەڕی ماوەت لە دەرەوەی وەزارەتـی پیشەسازییەوە هـاتـووەو لە سەرتاوە بەرنامەی وەزارەت نەبووە، بۆیە چاوەڕوانی سەرکەوتنی لێ ناکرێت.

ساڵی (٢٠٠٦) وەزارەتـی پیشەسازیی ئیدارەی پێشووی سلێمانی، گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئیتاڵی بە بڕی (١٤)ملیۆن یۆرۆ مۆرکرد بۆ دانانی کارگەیەکی بەردی مەڕمەڕ لە ماوەت.

ئـەوەی شایانی باسە وەزیـرو چەند بەرپرسێکی تر چوونە وڵاتـی تورکیاو گرێبەستەکەیان مۆرکرد بەبێ ئەوەی تەندەری بۆ بکرێت‌و کەسیش ئاگادار بکەن‌و دووریش لە چاوی کامێراوەو هەر لەگەڵ مۆرکردنی گرێبەستەکەشدا، یەک ملیۆن یۆرۆیاندا بە کۆمپانیاکە وەکو پێشەکی.

من لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هەموو لایەک ئاگادار دەکەمەوە کە پێش ئیمزاکردنی گرێبەستەکە هیچ دیراسەیەکی مەیدانی نەکراوەو بەرپرسانی وەزارەتەکەش کەمترین زانیارییان هەیە لەو بارەیەوە.

لە کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیدا باسی دانانی ئەو کارگەیە دەکرێت‌و دواجار لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، بڕیار دەدەن کارگەکە دانەنرێت‌و گرێبەستەکەش هەڵبوەشێنرێتەوە.

کاتێک کە قسە لەگەڵ بەرپرسانی کـومـپـانـیـاکـە دەکـەن سـەبـارەت بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەو گەڕانەوەی ئەو پارەیەی پێشەکی دراوە، ڕازی نابن بۆ گێڕانەوەی پارەکەو نزیکەی (٤٠٠)هەزار یۆرۆ دەخەنە بری سەفەری بەرپرسانی وەزارەتی پیشەسازی‌و دەڵێن بۆ باقی پارەکەش بەردی مەڕمەڕ ببەن‌و پارەمان نییەو لە ڕاستیشدا گرێبەستەکە هەڵنەوەشێنرایەوەو ماوەیەک بێدەنگی لێکراو لە بیرچووەوە. کاتێک بەڕێز عومەر فەتاح بوو بە جێگری حکومەتی بەناو یەکگرتووی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، دوای ماوەیەک بۆ جاری دووەم بڕیار درا پڕۆژەکە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لێرەدا پرسیاری زۆر دێنە پێشەوە کە پێویستیان بە وەڵام دانـەوە هەیە لەلایەن بەرپرسانەوە.

ئایا بڕیاری دانانی کارگەکە لەلایەن ئەم وەزیری پیشەسازییەی ئێستاوەیە کە پێشتر ئاگاداری گرێبەستەکە نەبووە، ئەگەر ئەم ئاگای لێ نییە ئەی کێ بڕیاریداوە؟ ئایا پارەی دامەزراندنی کارگەکە لەسەر بودجەی ئیدارەی پێشووی سلێمانی دەبێت؟ دواجار بۆچی زۆر گرنگەو دەبێت ئەم کارگەیە هەر دامەزرێت؟ ئەگەر دانەمەزرێت چی دەقەومێت؟

دوای ئەم بڕیارە تازەیە، بۆ جاری دووەم سەبارەت بە دانانی کارگەکە لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ژمارە (٢٢٤)ڕۆژی (٢٠٠٨/١٢/٥) ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل بڵاو کرایەوە بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کارگەیەکی بەردی مەڕمەڕ بە بڕی (١٤)ملیۆن یۆرۆ لە شارۆچکەی ماوەت دادەنێت.

ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە چاوپێکەوتنی لەگەڵ شارەزایانی بواری بەردی مەڕمەڕ ئەنجام دابوو کە پێشتر زانیاریی زۆریشیان لـەو بـوارەدا هـەبـووە. دەکـرا وەزارەتـی پیشەسازی سـوودی زۆری لەو کەسانە وەرگرتایەو پرس‌و ڕای پێبکردنایە کاتێک کە بیریان لە دانانی کارگەکە کردووەتەوە، بەڵام پێدەچێت حەزیان نەکردبێت هەر بزانن، چونکە یەکێک لەوانە دەڵێت بۆ دانانی کارگەکە پرسیان بە کەس نەکردووە.

ئەو شارەزایانە بەمجۆرە سەبارەت بە کارگەی بەردی مەڕمەڕی ماوەت قسە دەکەن:-

دانـانـی کارگەیەکی لـەو جـۆرە لە شارۆچکەی ماوەت لەم کاتەدا هیچ جەدوای ئابووریی نابێت‌و تەنها لەدەستدانی پارەکەیە.

پاساوی ئەوانە بۆ قسەکانیان ئەوەیە کە لە ئێستادا زۆربەی کارگەکانی بەردی مەڕمەڕی سنووری سلێمانی لە کارکەوتون، چونکە بەرهەمەکانیان نافرۆشرێن‌و خاوەنەکانیان بوونە بەردفرۆشی وڵاتانی تر.

هەروەها لە درێژەی قسەکانیاندا دەڵێن، بەردی مەڕمەڕی ئیتاڵی‌و ئێرانی‌و تورکی لە بەرهەمی ناوخۆ باشترو هەرزانترن. بەبۆچوونی ئـەوان، لەم کاتەدا بە گشتی خواست لە سەر کڕینی بـەردی مەڕمەڕ کەمبووەتەوە.

دواجار یەکێک لەو شارەزایانە دەڵێت، ئێمە خۆمان خـاوەنـی کـارگـەی بـەردی مـەڕمـەڕبـویـن‌و بـە تـەواوی شـارەزای ناوچەکەین‌و دەڵێت ناوچەی پێنجوێن‌و قەڵادزێ زۆرترین ڕێژەی بەردو باشترین جۆری بەردی هەیە، بە پێچەوانەی ناوچەی ماوەتەوە کە ڕێـژەی بـەردی زۆر کەمەو جۆرەکەشی خراپەو بەردەکانی درز دەبەن‌و ڕەواجیان نییە.

لە دواقسەیاندا کە زۆر گرنگە دەڵێن، دانانی کارگەیەکی لەو جۆرە دوو ملیۆن تا دووملیۆن‌ونیو دۆلاری تێدەچێت، ئەگەر ئەمە بەراورد بکەین بە (١٤)ملیۆن یۆرۆ کە دەکاتە نزیکەی (٢٠)ملیۆن دۆلار جیاوازییەکە ئێجگار زۆرەو بەقەدەر ئاسمان‌و ڕیسمانەو جێی گومانە.

بە ڕاستی ئەم زانیارییانە بەسن بۆ ئەوەی وەزارەتی پیشەسازی تێبگات کە ئێستا نە کاتی دانانی کارگەی بەردی مەڕمەڕەو نە ماوەتیش شوێنێکی گونجاوە بۆ دانانی ئەو کارگەیە.

نازانم بۆچی وەزارەتـی پیشەسازی بێدەنگ بوو، دەبوایە بڵێن بە قسەی ئێوەبێت مانای وایە ئێمە گزیمان لە حکومەت کردووە، ئەگەر ئێوە ڕاسـت دەکـەن فەرمون ئەوە (٥)ملیۆن دۆلارو کارگەیەکی لەو جۆرەمان بەو مەرجانە بۆ دامەزرێنن. ئەو کاتە ئەگەر ئەوانە ڕازی نەبونایە دەیانتوانی بیاندەنە دادگا، چونکە ئەوە مانای تەشهیرو ناو زڕاندنە، بەڵام کە وەزاەتی پیشەسازیی وەڵامیان نەدانەوە، مانای ئەوەیە ئەوان لە سەر هەقن‌و بڕواشیان بە خۆیان هەیە، بۆیە بەو شێوەیە بە ئاشکرا قسەدەکەن‌و هاتوونەتە مەیدانەکەوە.

لە بـری ئـەوە وەزیـری پیشەسازیی لەسەرکارلابراوی پێشووی ئیدارەی سلێمانی لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ژمارە (٢٤٦) ڕۆژی (٢٠٠٨/٦/١٩) ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە وەک وەڵامـی ڕاپۆرتەکەی پێشوو؟، بـەڵام لە ڕاستیدا ئەو ڕاپۆرتە هیچ بنەمایەکی زانستی‌و شتی وای تێدا نەبوو کە بڕوای پێ بکرێت.

لەو ڕاپۆرتەدا تەنها ئەو زانیارییانەی بڵاوکردبووەوە کە ساڵانی پێشوو زەمانی حکومەت چەند شـارەزایـەک لـە سەر ڕێـژەو جـۆری بـەردی مەڕمەڕی ماوەت نووسیبوویان‌و بڵاویان کردبووەوە.

ئێمە قسەمان لە سەر ئەوەیە، ئێستا کاتی دانانی کارگەی بەردی مەڕمەڕ نییە، ماوەت شوێنێکی شیاو نییەو شوێنی باشتر هەیە، بڕی تێچوونی زۆرەو لەگەڵ نرخی ئێستا یەک ناگرنەوە.

جگە لەوانەش ئەم کارگەیە جەدوای ئابووری نابێت‌و بەرهەمەکەی نافرۆشرێت. دواجـار وەزیـری بەڕێز تەنها لە کتێبێکدا خوێندویەتەوە کە ماوەت بەردی مەڕمەڕی باشی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا بە چاوی خۆی نەیدیوە، بـەڵام ئەوانەی قسەیانکردووە، خۆیان کارگەی بەردی مەڕمەڕیان هەیەو بەردەکانیان تاقیکردووەتەوەو دەرکەوتووە جۆرەکەی خراپە.

ئەی کەواتە پاساوی جەنابی وەزیر چییە بۆ دانانی ئەو کارگەیە بەو بڕە پارە زۆرە؟ کەواتە ئەگەر کارگەکە دامەزراو زیانی کردو بەرهەمی نەبوو، بەرپرسیار دەبێت لەو زەرەرو زیانە؟

من پێموایە، جەنابی وەزیر ئەو ڕاپۆرتەی بۆ ئەوە نووسیووە کە خۆی بدزێتەوە لە بەرپرسیارێتی، بەڵام دڵنیا بێت ئەمرۆ بێت یان سبەی، دەبێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت‌و ڕاستییەکان ئاشکرابن.

لەلایەکی ترەوە جەنابی وەزیر ئاگای لەوە هەیە کە ئەو کارگەیە چەند مەترسیی گەورەی لە سەر ژینگەی ئەو ناوچەیە هەیە؟ من ئاگادارم کاتی خۆی هاوڵاتییانی ئەو گوندانە ڕازی نەبوون‌و بەڕێوەبەری قوتابخانەی گوندی بەرسماق کە قوتابخانەکەی تەنها (٧٠٠)مەتر لە شوێنی دانانی کارگەکەوە دوورەو ڕاپۆرتی بۆ پەرلەمانی کوردستان نووسیبوو، بەڵام وەڵامیان نەداوەتەوە.

ئەی جەنابی وەزیر ئاگای لەوە هەیە کە شوێنی کارگەکەو شوێنی بەردەکان چەند لە یەکەوە دورن‌و چەند پارەی دەوێت بۆ ڕێگا دروستکردن؟

ئەی ئاگاداری ئەوە هەیە کە ڕاکێشانی هێڵی کـارەبـای تایبەت لە شارۆچکەی سەیدسادقەوە بۆ مـاوەت چەند پـارەی تێدەچێت؟ ئەمانە هەمووی پرسیارن‌و وەڵامیان دەوێت‌و لەبەرئەوەی ئەمانەی کە باسمکردن وەکو ڕاکێشانی هێڵی کارەباو دروستکردنی ڕێگا بۆ شوێنی هێنانی بەرد لە سەرەتادا لەبەرچاو نەگیراوە کە بیریان لە دانانی پڕۆژەکە کردووەتەوە، ئەم کارگەیە (٣٠)ملیۆن دۆلاری تێدەچێت هەتا تەواو دەبێت‌و دەکەوێتە کار.

لەلایەکی تریشەوە لەو بڕوایەدام کە ئەم کارگەیە بە کەرتی حکومی بەڕێوەناچێت‌و کاری کەرتی تایبەتە.

ئێمە تەجروبەی پیشووترمان هەیەو وەزارەتی پیشەسازی بە هەموو تەکنیککارو تەکنۆکراتەکانەوە نەیانتوانی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە بەڕێوەبەرن‌و دایانە کرێ، نازانم ئێستا چۆن چوونە ژێر ئەم بارە قورسەوە کە هیچ شارەزاییان نییە لەو بوارەدا.

لە ڕاستیدا ئەگەر دانانی ئەم کارگەیە وەک دەستکەوتێک حیساب بکرێت بۆ ناوچەی مـاوەت، ئـەوەش هەڵەیەو ئەگەر لە ئاوەدانکرنەوەی شارۆچکەی ماوەتدا ئەم پارەیە خەرج بکرایە یان کارگەیەکی دروستکردنی شەربەتی ترێی پێدانرایە سوودیان زیاتر دەبوو وەک لەم کارگەیە.

بەپێی هەموو بۆچوونەکان بە تایبەتی شارەزاکانی بواری بەردی مەڕمەڕ، دانانی ئەم کارگەیە جگە لەوەی جەدوایەکی ئابووری نابێت، سەرتاپای پـارەکـەش لە دەست دەچێت، پرسیاری من لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە ئەگەر وا دەرچوو، کێ بەرپرسیار دەبێت لە فەوتان‌و لە دەستدانی ئەو پارەیە؟

لەبەر هەموو ئەو هۆیانەی سـەرەوە، داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەم، هەتا زووە لیژنەیەکی پسپۆڕی شارەزا پێکبهێنن‌و داوایـان لێ بکەن دیراسەیەکی مەیدانیی ورد بۆ پڕۆژەکە بکەن‌و هەمە لایەنە بیری لێبکەنەوە، بۆ ڕزگارکردنی ئەو پارەیەی کە دەتوانین ڕزگاری بکەین.

هەتا ئێستاش ئومێدێک هەیە کە پـارەکـەمـان لـە دەسـت نەچێت، چونکە ئامێرەکان نەگەیشتوونەتە شوێنی کارگەکەو ئەگەر گرێبەستەکە هەڵبوەشێنرێتەوەو دەستبەرداری پێشەکی پارەکەش ببین کە دراوەو ئەوەش حیساب بکەین کە تێیچووەو کاری تێداکراوە کە ناگاتە (٨)ملیۆن دۆلار، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێمە (٢٠)ملیۆن دۆلارمان بۆ دەگەڕێتەوە.

کاتێکیش کە پارەکەمان دەستکەوتەوە، باشتروایە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارۆچکەی ماوەت دانرێت‌و یەکەی نیشتەجێبونی زۆری تێدا دروسـت بکەین، چونکە تازە بووەتە قەزاو سیمای ئاوەدانی پێوە دیارنییە، وا چاکە هەوڵبدرێت کە بکرێتە ناوەندێکی ئاوەدان بۆ ناوچەکانی تر.

ئـەگـەر ئـەوەش نـەکـرا، باشتروایە کارگەیەکی دروستکردنی شەربەتی ترێی پێ دابنرێت هەر لە نزیکی ماوەت کە ڕۆڵی گرنگی دەبێت لە گەشەکردن‌و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەدا.

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئاودێر شێخ عومەر**
٠٧٥٠١٥٨٧٧٧٧ - ٠٥٣٣١٩٢٠٠٣
awder.sh.omer@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان ڕەشید - هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨
serwan_rm@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

# ئیفلیجیی ئیرادەی کورد لە بەغدا



مەجید ساڵح

دوای ڕووخـانـی سـەدام حسێن، کاروبارەکانی کوردستان لە دوو ئاراستەدا بەڕێوەدەچن، ئاراستەیەکیان ناوخۆییە، کە خۆی لە پەرلەمانو دەسەڵاتی جێبەجێکردنو دەزگای دادوەریدا دەبینێتەوە. لە پێنج ساڵی ڕابردوودا ئەم ئاراستەیەیان زیاتر پارتی دیموکراتی کوردستان یان ڕاستتر بڵێین مەسعود بارزانی ڕێبەرایەتی کردووە، ئاراستەکەی دیکەشیان لە بەغدایەو پێکهاتووە لە حزوری کـورد لـە پەرلەمانی عـێراقو دەسەڵاتی تەنفیزیی حکومەتی ناوەندیی (سەرۆک کۆمارو جێگری سەرۆک وەزیرانو چەند وەزیرێک)، جڵەوی ئەم ئاراستەیەش بە دەستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو شەخسی جەلال تاڵەبانی بووە.

ئەم دوو ئاراستەیە تەواوکەری یەکترن، هەرکامیان بەهێزبێت دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئەوی دیکەیان، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە. یەکخستنی هەردوو ئیدارەکە لە سەردەمی کابینەی پێنجەمدا هەرچەندە لە زۆر ڕووەوە ڕواڵەتیی بوو، بەڵام هەنگاوێکی باش بوو بۆ بەهێزکردنی ئاراستەی دووەم، بەڵام کۆمەڵێک هەنگاوی دیکە هەبوو کە دەبوایە لەو پێنج ساڵەی کە تێپەڕی بنرایەت، کەچی کاری لەسەر نەکرا ، وەک یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، دەستێوەرنەدانی حیزبەکان لە کاروباری حکومەت، بێدەسەڵاتیی دەزگـای دادوەریـی، باشکردنی گوزەرانی گوندنشینەکانو بووژانەوەی گوندەکان، دادپەروەریی لە دابەشکردنی داهاتو باشکردنی کەرتی خوێندنو تەندروستیو کارەبا.....هتد. کە هیوامان وایە لە کابینەی شەشەمدا هەنگاوی عەمەلیی بۆ چارەسەرکردنیان بنرێت.

لەسەر ئاستی ئاراستەی دووەم کۆمەڵێک سیاسەتمەدارو ئەکادیمیو... کـورد نوێنەرایەتی کوردستان دەکـەن لە دامودەزگاکانی حکومەتی مەرکەزیو ڕێگەپێدراون لە چوارچێوەی ئەو مافە دەستووریانەی کە دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ کوردی دابینکردووەو ئەو سەڵاحیەتانەی کە پۆستەکانیان بۆیانی دیاریکردوون، بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان بپارێزنو کار بۆ هێنانەدیان بکەن.

ئەگەرچی لەسەرەتای دەستبەکاربوونی ئەو نوێنەرانەی ئێمە لە بەغدا بانگەشەی گواستنەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستانیان دەکرد بۆ عێراقو خۆیان بەو ئەزموونە شەقو شۆڕەی سەردەمی شەڕی ناوخۆو دوو ئیدارەیی هەڵدەکێشا، بەڵام زۆری نەبرد بەهۆی سەقامگیریی حکومەتی مەرکەزیو دەرکەوتنی بێتواناییو بێ ئیرادەیی ئەمان قرتوقپیان لێکردو دەستیان لە دروشمەکەیان هەڵگرت.

نوێنەرانی کورد لە بەغدا بەدەر لەوەی چیتر نەیاندەتوانی لەوێ خۆیان بەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستان هەڵکێشن، بۆ خۆشیان کەوتنە ناو گەمەیەکی سیاسیی ئاڵۆزی واوە کە توانایان نەبوو سەری لەبەر دەرکەن. عەرەبەکان (بە شیعەو سوننەیانەوە) بۆیان دەرکەوت یاریچییە کوردەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسەتی عێراق بێ ئیرادەنو هێشتا بە عەقڵی سۆزو عاتیفەوە سیاسەت دەکەن، بۆیە هەرماوەیەک جارێک ئیتیفاقیەی سێقۆڵیو چوارقۆڵییان لەگەڵدا دەبەستنو کۆمەڵێک وەعدو وعودیان پێدەدانو لە کۆتاییدا بە هیچ یەک لەو خاڵانەی کە لە سەری ڕێکدەکەوتن پابەند نەدەبوون، کەچی نوێنەرە کوردەکان بێئومێد نەدەبوونو هەر لە چاوەڕوانی گۆدۆدا دەمانەوە.

دەکرێت وەک نموونە ئەو ڕێکەوتنەی کە لەنێوان یەکێتیو پارتیو مەجلیسی ئەعلاو حیزبی دەعوە، کە لە (٨/١٦/ ٢٠٠٧) بەسترا بهێنینەوە، کە تێیدا ڕێکەوتن نوری مالیکی ببێت بە سەرۆک وەزیرانی عێراق لەبەرامبەر ئەوەی تا کۆتایی ساڵی (٢٠٠٧) مادەی (١٤٠)ی دەستووری تایبەت بە ناوچە جێناکۆکییەکان جێبەجێبکرێت، ئەوا ساڵی (٢٠٠٩) کۆتاییهاتو مادەکە تەنیا یەک فەقەرەی بە نیوەناچڵ جێبەجێکراوەو نوری مالیکیش خولی سەرۆک وەزیرانی خۆی بەبێ کێشە تەواوکرد.

کۆمەڵێک مـادەی دەستووریی دیکەی وەک بە ڕەسمی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە سەرتاسەری عێراق بەپێی یاساییو دابینکردنی بودجەی هێزی پاسەوانی هەرێمو کێشەی یاسای نەوت... هەموو ئەوانە مافی گەلی کورد بوون، کە نوێنەرانی کورد لە بەغدا نەیانتوانی کار بۆ جێبەجێکردنی بکەن، لە مەسەلەی بە سزاگەیاندنی تاوانبارانی ئەنفالو هەڵەبجەدا دۆش داماونو چاوەڕێن نوری مالیکی ئەو کارەیان بۆ بکات.

ملکەچبوون بۆ ئیرادەی عەرەبی بەلای نوێنەرەکانمانەوە زۆر ئاسانترە تا ملکەچبوون بۆ خواستەکانی گەلی کوردستان، جێبەجێکردنی ئەجێندای ئەمریکاو ئێرانو تورکیا لەپێناوی مانەوەیان لە پۆستەکانیاندا، زۆر گرنگترە لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوان کە خۆیان ئیرادەی ململانێیان تێدا نەماوە، بە هەموو توانایەکیانەوە کار بۆ کوشتنی ئیرادەی گەلی کوردیش دەکەن لەم بەشەی کوردستاندا.

هەڵبژاردنەکانی ئاییندەی پەرلەمانی عێراق هەلێکی زێڕینە بۆ گەلی کوردستان تاوەکو نوێنەرانێک بنێرێتە پەرلەمانەوە کە ئیرادەی بەدەستهێنانی خواستە نەتەوەییەکانی تێدا بێت، نەک نوێنەرانێک بەرژەوەندیی خۆیان بخەنە سـەرووی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەوە.

# گۆڕان، بزووتنەوەیەک بۆ پڕۆژەو نوێبوونەوە

موعتەسەم نەجمەدین

ڕەشەبای گـۆڕانو نوێبوونەوە لـەسـەر ئاستی جیهان بـووە بە مـەرجـی سەرەکیی پێشکەوتنو هێنانەدی خـەونو ئامانەجەکانی خەڵکو دابینکردنی خۆشگوزەرانیو ڕزگـاربـوون لـە قـەیـرانو گرفتی کۆمەڵەکان، خواستی گۆڕان لە بوارە فرەوانەکەیدا ڕەتکردنی تـەواوی پەیامەکانی سەدەی بیستو هەزارەی دووەمـەو هاوکات یەکەم وێستگەی هـەزارەی سێیەمو سەدەی بیستو یەکە، بۆیە ئەرکی هەڵگرانی ئاڵای گۆڕانە کە واقیعی گۆڕان لە هەردوو بواری تیۆریو پراکتیکیدا بگەیەننە خەڵکو تەلبەندەکانی تێگەیشتن لێی، ڕوونبکەنەوە.

چەمکی گـۆڕان بەشێوەیکی گشتیی بـە دوو ئاڕاستە یـان بە دوو شـێـوەدا سیاغە دەبـێـتـەوە، سیاغەبوونەوەو نوێبوونەوەی لایەنی فیکری، سیاغەبوونەوەی لـە ڕووی ڕێکخستنو شـێـوازی ئیدارەو بەڕێوەبردنو تەنزیماتی ڕێکخراوەییەوە، لە وڵاتـی ئێمەدا بزووتنەوەی گۆڕان وەک ئەوەی تەنیا ئاسۆی گۆڕانو نوێبوونەوەیە، لەوێوە تەجاوزی شێوازی کلاسیکی تەنزیماتی حیزبی دەکـات کە حیزبی پـڕۆژە لەجێی حیزبی ڕێکخستنی شێوازی ستالینی دامەزرێنێت، سەردەمی ئـەوە بـەسـەرچـوو حیزبێک یان بزووتنەوەیەک لە هەر شارێک مەڵبەند یان لق بکاتەوەو لە هەر گەڕەکێک کۆمیتەیەک یان ناوچەیەک بکاتەوە، ئەمڕۆ سەردەمی حیزبی پڕۆژەیە، ئیدارەو بەڕێوەبردنی حیزب پێویستیان بە گروپێک یان نوخبەیەکی سیاسیی ڕۆشنبیرو بیرمەندی خۆبەخشو خاوەنهەڵوێست هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کـارو چالاکییەکانی. حیزبی نوێ بەوە گرەوی خۆی دەباتەوەو دەنگی خەڵک بە دەستدەهێنێت کە پڕۆژەو بەرنامەکانی لە بەرژەوەندیی خەڵکدا بێتو خزمەت بە دۆزە ژیارییەکانی بکات، تەنزیماتی بەرفراوانی حیزبی نوێ، جەماوەری بەرفراوانی خەڵکە، بۆیە ئـەم پێویستی بە ڕاکێشانی هەندێک کەسو بەئەندامکردنی نییە، بگرە پێویستی بە ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەری بەرفراوانی خەڵکە بۆ لای خۆی، ئەمەش لە سەر ئەرزی واقیع بە پەیڕەوکردنی سیستمی بەئەندامکردنی کۆمەڵێک خەڵک لەو حیزبە یان لەو بزووتنەوەیە نابێت، بەڵکو بەوە دەبێت کە بەردەوام پڕۆژەی گونجاوو مەزنی بۆ خزمەتکردنی خەڵک هەبێت، واتا تەجاوزی بە حیزبیکردنی کۆمەڵ بکاتو بچێتە بازنەی حیزبی خەڵکو کار بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتیی بکات.

ئەوە حەقیقەتێکی یەقینە کە کۆتایی سەردەمی دووجەمسەریو زیادبوونی خێرای گۆڕانو داهێنان دنیایەکی تەواو جیاوازیان لە ڕابردوو دروستکردووە، ئەم دنیا جیاوازەش بێگومان پێویستی بە بیرکردنەوەی جیاوازو شێوازی کارکردنی جیاواز هەیە، بۆیە لێرەدا ئەوەی بیەوێت جیاوازی دروستبکات دەبێت خۆشی جیاوازبێت، بەو واتایەی تەجاوزی عەقڵیەتی کۆن بکاتو لە خواستو پێویستییەکانی سەردەمی نوێ بگات، لەدووتوێی لاپەڕەکانی ئەم ڕاستییەدا، پرسیارێک خۆی لە زیهنی خوێنەردا قوتدەکاتەوە کە کێن ئەوانەی لای ئێمە دەتوانن گۆڕان یان جیاوازیی دروستکەن؟ من بۆخۆم پێموایە، لێرەدا ئەرکو کارەکان دابەش دەبن بەسەر دوو جیهەتدا، جیهەتی تایبەتو جیهەتی گشتی، لایەنی گشتی خەڵکی عەوامە بە واتا تەواوی کۆمەڵ، ئەم جیهەتە درک بە گۆڕان دەکەن، بەڵام ناتوانن هێڵەکانی لە یەک جیاکەنەوەو بۆ بەرژەوەندیی گشتی قۆرغی بکەن، بۆیە ئەمان ئەرکیان ئەوەیە دەنگبدەن بە گۆڕانو پشتگیریی مەعنەویی لێبکەن، داواکردنی وەرگرتنی هەڵوێست لەم توێژە بەرفراوانەو دروستکردنی گرفت بۆیان هەر لەنانبڕینەوە تا فەوتاندنیان لەم حاڵو بارەدا کارێکی نادروستە، بۆیە لێرەدا ئێمە وەک میللەتی کورد لەم هەرێمەدا پێویستمان بە وشیارییەکی باڵایە تا بتوانین لە قەیرانو گرفتەکان ڕزگارمان بێتو ژیانێکی نمونەییو باڵا شایستە بەم میللەتە ماندووە پێکبێنین.

وەک جیهەتی دووەم ئـەو نوخبەیەیە کە ئەرکو کاری عەمەلییان دەکـەوێـتـە سـەرو دەبـنـە وەجهی حەقیقی گۆڕان، ئەم نوخبەیە بەزۆریی گروپێکی خۆبەخشو چالاکنو زۆر دڵسۆزانە دەبنە پارێزەری پاراستنی بـەرژەوەنـدیو حورمەتی جیهەتی یەکەم.

یەکێک لەو ماریفەتە خراپانەی کە واقیعی حیزبی ئێمەی گرتەوەتەوە ئەوەیە کە حیزب بۆ ڕاکێشانی خەڵک بەلای خۆیدا، ژمارەیەک زور خەڵکو کـادیـری لە لـقو مەڵبەندەکانیاندا خنکاندوەو ئەمانە دابڕاون لە هەموو هەوڵو چالاکییەکی دروست، کراون بە فەرمانبەری دەمامککراو، ئەمانە بەشێوەیەک بێکارو بێبایەخکراون کە خۆشیان ئەو درۆیەیان لێ بووە بە ڕاست کە ئەمان هیچیان لە باردا نییەو کەسانی بێکەڵکنو ئەگەر حیزبو ئەم جۆرە ڕێکخستنە نەمێنێت ئەمانە هیچ کار وکاسبیو ڕۆڵێکیان نامێنێت، لە ڕاستیدا ئەم جۆرە بێبایەخکردنە بە بارێکی تـردا هۆکاری کوشتنی گیانی ئینتمابوونو پەیوەستبوون بە عەقیدەو نیشتمانەوە دەکوژێت، بۆیە خاڵی سەرەتای هەر بزووتنەوەیەک یان حیزبێکی سیاسیی نوێ ئەوەیە کە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ئەم حاڵەتە ڕەتکاتو خۆی لەم قەیرانە کوشتێنەرە ڕزگار بکات. لە هەمانکاتدا ئەرکی حەقیقی ئەم توێژەش ئەوەیە کە لەمەزیاتر بەم پلانە ڕازی نەبنو هەوڵی ڕزگارکردنی خۆیان بدەن، تەنیا ڕێگاش بۆ ڕزگـاربـوون گرتنەبەری ڕێگای گۆڕانو نوێبوونەوەیە.

لەمەڕ سیاغەبوونەوەی ئایدیاییەوە تا ئەمڕۆش لەسەرئاستی فراوانی مرۆڤایەتی، جیهان بە دوو ئاڕاستەدا بەرەو پێش دەچێت، ئەویش بە هەموو قـەیـرانو گرفتەکانییەوە هـەردوو ڕێگای لیبرالیزمو سۆسیالیزمە، بە ڕاستیش پێشکەوتنی بواری فیکریش ئەوەندە پێشکەوتووە کە هەندێکجار وا دەردەکەوێت کە مرۆڤایەتی تەجاوزی ئەم بیرانەی کردبێت، بۆیە زۆرجار بۆ گوزارشتکردن لەم واقیعە تازەیە زارەوەی دوای لیبرالیزم یان دوای سۆسیالیزم بەکاردەهێنرێت، لە کۆی هەموو گۆڕانکارییەکان لە بواری بیرو ئایدیادا تا ئەمڕۆ حەقیقەتێک بە تەواویی جێگیربووە،ئەویش ئەوەیەکەسەردەمی بیرە گشتگیرییەکان بەسەرچووە، بەواتا ئـەو سـەردەمـە بەسەرچوو بیرێک یـان ئایدیایەک بۆ هەموو مرۆڤایەتیی داهێنرێتو بەکەڵک بێت، بەڵکو ئەرکی ڕۆشنبیرو سیاسەتمەدارە هاوچەرخو دڵسۆزەکانە کە ئایدیای گونجاو بە بـەری میللەتەکانیاندا دادوڕن، نەک وەک سەردەمەکانی پێشوو ئایدیایەکی بیانیی بهێننو بە زۆر هەوڵی لەبەرکردنی میللەتی بدەن، لەم حاڵو بارەدا بەوەی بزووتنەوەی گۆڕان تەنیا ڕێکخراوە ئاڵای گۆڕانو نوێبوونەوەی حەقیقی هەڵگرتووەو تەنیا لایەنی سیاسییە کە دەتوانێت لە چەمکی گـۆڕانو نوێبوبوونەوەو خواستەکانی بگات، دەبێتە تەنیا مینبەرو تەنیا ئاسۆی ڕۆشنبیرانو میللەتو تیایدا یەکانگیردەبنو قەیرانو گرفتو کێشەکانیانی لێدا چارەسەر دەکەنو ئایندەیەکی ڕووناکو شایستە بەم میللەتە قوربانیدەرو ماندووە دادەمەزرێنن.

Munaa_2020@yahoo.com

# پێویستمان بە پۆپۆلیزمە*!



بەختیار ئەحمەد

لـــەدوای هـەڵـبـژاردنـەکـانـی (٧/٢٥)وە بۆ یەکەمجار لە کوردستاندا ئۆپۆزسیۆنێکی فیعلیی دروستبوو، کە ئەمەش هەنگاوێکی پۆزەتیڤە لە پرۆسەی بەرەو بە دیموکراسیبووندا، بـەڵام بەتەنها بوونی ئۆپۆزسیۆن بەس نییە بۆ ئـەوەی چاودێربێتو فشار دروست بکات لەسەر حکومەتو سیستمە سیاسییە گەندەڵکارەکەی کوردستان، چونکە وەکو تێبینی دەکرێت لەو چەند دانیشتنەی خولی تازەی پەرلەماندا کە ئۆپۆزسیۆن بوونی هەیە، ئەندام پەرلەمانەکانی لیستی دەسەڵات لەناو هۆڵی پەرلەماندا، هەر وەکو موریدەکانی شێخێک کە لەسەر دەستی شێخەکەیاندا تەریقەت وەردەگـرنو ئیتر لـەدوای وەرگرتنی تەریقەتەوە، خۆیان لەدەست دەدەنو لەجیاتیان بیردەکرێتەوەو بڕیار دەدرێت، هەربۆیە ئەمانیش لەسەر دەستی شێخەکەیاندا وەکـو بڵێیت سوێنددراون کە هەر پـرۆژەیـەک لەلایەن غەیری لیستی دەسەڵاتەوە پێشنیازبکرێت، ئەگەر نەخشەی ڕزگاریی گەلو وڵاتی پێبێت لەقەیرانو کێشەکانی، ئەوا یەکسەرەو بێ بیرکردنەوەو لێکدانەوە سوێندەکەیان بیردێتەوە کە لەلایەن شێخەکەیانەوە دراون، دەڵێن: نەخێر! (نمی خواهین). ئەمەش دیاردەیەکی نامۆ نییە بە پەرلەمانەکەمان، چونکە خولەکانی پێشووی ئـەم پەرلەمانە شوێنی وێنەکێشانوخەوتن بوو! لەبەرئەوەش کە ئەمە حاڵی پەرلەمانەکەمان بێت، نابێت گەل لۆژدابمێنێت یان تەنها چاومان لەئەندام پەرلەمانەکانی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بێتو بەس، بەڵکو دەبێت هەر تاکێک لەلایەن خۆیەوە بڕیار بدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەرجۆرێک لە نـادادپـەروەریو گەندەڵی، چونکە کوردستان هی گەلەکەیەتی نەک چینو توێژێکی دیاریکراو. ئەوەی من مەبەستمە، بریتییە لە دروستبوونی هەستێکی هاوبەش لە ناخی هەرتاکێکی خاوەنویژداندا کە لە ئاست کێشەکانی گەلەکەیدا خاوەنهەڵوێستو ئیرادەبێت، هـەروەهـا کاتێکیش تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان ببنەوە بە خاوەن ئیرادەی خۆیان، کەواتە ئیرادە گەڕاوەتەوە بۆ گەل (واتە کۆی ئیرادەی تاکەکان خۆی مانیفێست دەکات لە ئیرادەی گەلدا)و کاتێکیش گەل خاوەن ئیرا دەبێت، ئەوا هیچ ئیرادەیەکی تر لە وڵاتدا ناتوانێت بەرامبەری لێبگرێتو ئەم یەکگرتنەی گەلیش پێویستە لەسەرو ئایدۆلۆژیاو حیزبو ڕێکخراوەکانەوە بێتو مەبەست لەم یەکگرتنە بریتییە لەدروستکردنی فشار لەسەر دەسەڵاتو حکومەت تا چیدی نەتوانرێت یاری بە کەسێتیی نەتەوایەتیمانو داهـاتو سەروەتو سامانمان بکرێت، هەروەها ئەم دوو وشەیەیان پێ بڵێین کە ماوەیەکە ڕەواجی پەیداکردووە (تا ئێرەو بەس). ئـەم جـۆرەش لە پۆپۆلیزم کاتێک دروستدەبێت کە ئەم پەندە وەلانێین (دەسـت بە کڵاوەکەتەوە بگرە، با با نەیبات)و لەجیاتی ئەوەدا ئەمە دابنێین (با دەست بە وڵاتو نەتەوەکەمانەوە بگرین، تا گەندەڵیو ستەم نەیکوژێت)، واتە ئەفزەلیەت بۆ گەلە، پاشان خۆت. ئەگەر بەم شێوەیە بیربکەینەوەو لەکرداریشماندا ڕەنگبداتەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە هـەم گەندڵیو هەم نادادپەروەریو ستەم لە وڵاتدا جێی نابێتەوە، یان دەبێت خۆی بگۆڕێت بۆ باشتر لەوەی کە هەیە، یان دەبێت وڵات جێبهێڵێتو ڕووبکاتە نادیار. کوردستان پێویستی بە پۆپۆلیزمێکی پۆزەتیڤە کە کاربکات لەپێناو بەرزکردنەوەو پاراستنی بـەرژەوەنـدیـی گشتیو سەرکەوتنی بەسەر بەرژەوەندییە کەسیو بنەماڵەیو حیزبییەکاندا.

ئەمجۆرە لە پۆپۆلیزم کاتێک دروست دەبێت کە خەمی تاکێک کە ستەمو نـادادپـەروەریـی بەرامبەر دەکرێت، یەکسان بکەینەوە بە خەمی گشتی، لەبەرئەوەی گرنگ ئەوە نییە کە ستەم لەکێ کـراوە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە ستەم کـراوە؟ هەروەها بەپێچەوانەشەوە، کاتێک ستەمو نـادادپـەروەریـی بەرامبەر کۆمەڵگا پراکتیزە دەکـرێـت، کەواتە ستەمو نادادپەروەریی بەرامبەر هەرتاکێک کراوە لەکۆمەڵگەدا.

نـادادپـەروەری بەرامبەر تاک بکرێت یان کۆمەڵگە، لەکۆتاییدا ستەم لە مرۆڤ کراوەو منیش مرۆڤم تۆش مرۆڤیت، کەواتە کاتێک ئێمە وەکو گەل بێینە جواب لەسەر هەر زوڵمو ستەمێک، ئـەوا ئێمە لەسەر کێیەتیوچییەتی کەسەکە نەهاتووینەتە جواب، ئەوەندەی لەسەر مرۆڤبوونی کەسەکە هاتووینەتە جوابو بۆ کۆمەڵگەکەشمان بەهەمان شێوەیە.

کاتێک نادادپەروەریی بەرامبەر گەلەکەمان پراکتیزە دەکرێت، ئەوا بەرامبەر هەرتاکێکی ئەم کۆمەڵگای کوردییە ئەنجامدراوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کێ قبوڵییەتیو بێدەنگ دەبێت، کاتێک زوڵمو ستەم بەرامبەری ئەنجام بدرێت، ئەی چۆن قبوڵمان بێت کە ڕۆژانـە نادادپەروەریی بەرامبەر بە گەلەکەمان ئەنجام دەدرێـت؟! مەگەر هەرتاکێک بەشێک نییە لە کۆمەڵگەو کۆمەڵگەش یەکسان نییە بەکۆی تاکەکان. لەمڕۆی کوردستاندا ڕۆژانە لەسەر ڕووپـەری ڕۆژنامەو گۆڤارو سایتو ڕاگەیاندنەکانەوە دەیبینینو دەیبیستین کە فڵانە گەندەڵیو فڵانە نادادپەروەریی بەرامبەر ئەم کۆمەڵگای کوردییە ئەنجامدەدرێت، ئایا هەستمان کـردووە کە بەرامبەر ئێمە کـراوە؟! بەخۆمان وتـووە، دەبێت هەڵوێستم هەبێت؟ ئایە فیعلەن هەڵوێستت هەبووە؟ کەواتە با هەموومان لەپێناوی هەمووماندا یەکبگرینو هەوڵبدەین بۆ ڕووبـەڕووبـوونـەوەی هەرجۆرە گەندەڵیو نادادپەروەرییەک.

*** پۆپۆلیزم** (Populism) **واتە گەلپەروەریی، پۆپۆلیزم لە زاراوەی لاتینیدا**Populus **لە جەماوەری خەڵک وەرگیراوە**

# گۆڕیننامە

# ٧

**جەمال نەبەز**

ڕەوتی گۆڕین لە گۆڕەپانی هزریی رامیاریی کۆمەڵگەی کوردەواریدا وەک ڕێخۆشکردنێک بۆ هێنانەکایەی نەتەوەیەکی یەکسان و نیشتمانێکی ئازاد و ئاوەدان وتارێکی سەمینارییە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٨ لە ٥٦ , ٥٣٣٤٧ Alfter-Bonn Im klostergarten لە شاری بۆن (ئەلمانیا) بە بانگهێشتی «دەستەی پشتگیریی بزووتنەوەی گۆڕان لە بۆن و دەوروبەری» پێشکێشکرا.

*****

بەڕێزان، بەشدارانی سەمینار

سوپاسێکی گەرمی یەکبەیەکی ئێوەی بەڕێز دەکەم بۆ بەشداریتان لە سەمیناری ئەوڕۆدا. هەمووتان، بە تایبەتی ئەو بەڕێزانەی لە دەرەوەی بۆنەوە هاتوون، بەخێر هاتن و سەرچاوم. سوپاسێکی گەرمیش بۆ دەستەی پشتگیریی بزووتنەوەی گۆڕان لە بۆن و دەوروبەری کە ئەم کۆبوونەوەیان ڕێکخست و ئێمەیان بەیەکگەیاند.

بەڕێزان:

ڕەنگە هێندێکتان ئەوە بزانن کە لەگەلێک لایەنەوە ڕوودەنرێ لێم بۆ بەستنی سەمینار و کۆڕی زانستانە و، وتووێژ لەگەڵ دەزگەکانی ڕاگەیاندنی گشتی، بەڵام دڵنیابن تەنێ بە دەنگ ئەو بانگانەوە دەچم کە پێموابێ دەیانەوێ سووتێک بگەیەنن بە ڕەشوڕووت و لێقەومانی کۆمەڵگەی کورد، دور لە بەرژەوەندیی تەسکوتروسکی حیزبایەتی و کەسپەرستی و، لایەنگریی بنەماڵەیی و نێوچەگەرێتی و، دەمارگیریی ئایینی و رامیاری. هیوام وایە ئەم بەیەکگەیشتنەی ئەوڕۆمان لەم ڕووەوە کەلکێکی هەبێ.

ئێستەش جارێ پێشەکییەک بۆ چوونە نێو باسەکە:

بابەتی ئەوڕۆمان پرۆسەی «گۆڕین»ە ـ وەک بیستتان؛گوتم» گۆڕین» نەک «گـۆڕان». چۆنکە «گـۆڕان» لە زمانی کوردیدا کاری تێنەپەڕە intransitive، واتـە؛ بارودۆخێک کە لە ئارادایـە، بە شێوەیەکی خۆرسکی و سروشتی، خۆی لە خۆیەوە ببێتە جۆرەکی دی، واتـە؛ گۆڕانی بەسەردابێ. بەڵام « گۆڕین»، یان «گۆهارتن» کاری تێپەڕە transitive، واتـە؛ بارودۆخەکە بەهۆی کارکردێکەوە بچێتە جۆرەکی دی، مانای ئەوەی؛ خۆی گۆڕانی بەسەردا نەیێ، بەڵکو گۆڕینی بەسەردابهێندرێ. جا لەبەرئەوەی بارودۆخی رامیاریی و کۆمەڵایەتی و ژیاریی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، خۆی لە خۆیەوە ناگۆڕێ، بەڵکو لە ژێر کارکردێکی ناوەکی؛ یان دەرەکی، یان هەردووکیاندا، دێتە گۆڕان، دیارە ئەم کارکردەش لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، ئەگەر بە مەبەستی بەرژەوەندیی کوردبێ، دەبـێ مایەی خەباتی بێوچانی مرۆڤی هۆشیار و ڕۆشنبیربێ، کـە بیانەوێ کۆمەڵگەی چینایەتی و پاشکەوتووی کورد بگۆڕن بە کۆمەڵگەیەکی یەکسان و، کوردستانی بندەست و پارچە پارچەکراو و، لە کاروانی شارستانێتی بەجێماویش بگۆڕن بە نیشتمانێکی ئازاد و ئـاوەدان، ئەوا ئەم پرۆسەیە نێودەنێم «گۆڕین» نەک «گـۆڕان» و ئەم سەمینارەش نێودەنێم سەمیناری «گۆڕیننامە». مەبەستیشم هەر قسەکردن و وتاردان نییە، بەڵکو وتووێژ و بیروڕاگۆڕینەوەیە لەگەڵتان. چۆنکە ئێمە بە تاکە تاکە هیچ نین، بەڵام پێکەوە شتین و هێزین.

بەڕێزینە:

بیرۆکەی «گۆڕین» بیرۆکەیەکی نوێ نییە بۆ من. چۆنکە پەنجا (٥٠) ساڵ لەمەوبەر، لە ١٤ی نیسانی ١٩٥٩دا، کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد (کاژیک) یەکەمین بەرنامەی بۆ هەڵگێڕانەوەی بنچینەییی ڕەوت و ڕەوشـتـی کۆمەڵگە داڕشـت، کاتێک دروشمی «کوردستان بۆ کورد» و «یەکسانی بۆ گەل»ی، وەک دوو تەواوکەری یەک هەڵگرت. واتـە؛ دەیویست کورد لە وڵاتی خۆیاندا خۆیان فەرمانڕەوابن، نەک داگیرکەران، هاونیشتمانانی کوردستانیش کە گەلی کوردستان پێکدەهێنن، لە ڕووی مافی دەسـەڵات و توانستی بەکارهێنانی ئەو دەسـەڵاتـەوە یەکسان بن. واتـە؛ لە کوردستاندا؛ جیاوازیی چینایەتیی جڤاکی و ئاغایەتی و مسکێنێتی نەمێنێ. هەر لەبەر ئەوەش بوو؛ کاژیک، وەک بیرێکی نوێ و ئاڵاهەڵگری ڕەوتـی گۆڕین، نەک هـەر لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان و پشتگرەکانیانەوە، بەڵکو لەلایەن هەموو پاشکەوتووخوازانی کورد و بیانییەوە، بە گەلەکۆمە کوردییەکانیشەوە، کە بەخۆیان دەڵـێـن «حـیـزب»، زۆر بێویژدانانە و دڕنـدانـە پـەلامـاردرا. کـاژیک یەکەمین کۆمەڵی بەرهەڵستکار (ئۆپۆزسیۆن)بوو لە نێو کۆمەڵگەی کورددا، لە سەردەمێک لە سەردەمە تاریکەکانی کوردستاندا، چۆنکە وەک هەموو ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستینە، هەر ڕەخنەی نەدەگرت، بەڵکو جێگرەوەی نوێی لەجیاتی کۆنەکان پێشنیاز دەکرد. لێرەدا، بێ پێچوپەنا دەبێژم کە خۆم لایەنگری ئەم جۆرە گۆڕینەم، کە گۆڕینێکی بنچینەییە و ئـاواتـە نەتەوەییەکان و پێداویستە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە دەبەستێ و، بە تەواوکەری یەکدییان دادەنێ. بەڵام لایەنگریی من بۆ گۆڕینی بارودۆخی بەسەر کوردستاندا سەپاو، واتە؛ گۆڕینی جۆری ژیان و نەرێتی پەروەردە و سیستەمی بەڕێوەبەرێتی، بەو شێوەیەی بە کورتی دەستنیشانمکرد، پێوەندیی نییە بە لایەنگریمەوە بۆ لیستێکی تایبەتی لە هەڵبژاردنێکی پەرلەماندا، یان پشتگیریی کۆمەڵێکی تایبەتی کە بە نێوی «گـۆڕان»ەوە چالاکی دەنوێنێت، یان پشتگیریی کەسێکی ناسراو کە خەڵکی لە دەورە و ڕێنوێنییان دەکا، بەڵکو پێوەندیی بە هزری گۆڕینەوە هەیە، وەک ڕەوتێکی سـەربـەخـۆ، نـەک وەک حیزبێک، یان دەستەیەک، یان کەسێک، با لەگەڵ ئەو حیزبە، یان ئەو دەستەیە، یان ئەو کەسە، هێندەک بیروبۆچوونی وەکیەکیشمان هەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەوت لەلایەک و، حیزب و دەستە و کەس لە لایەکی دی، دوو شتی زۆر جیاوازن لە یەک. چۆنکە ڕەوت، بە پێچەوانەی حیزبەوە، بزووتنەوەیەکی کراوە و فراوان و بێ شوورەیە. بەڵام حیزب وەک سینەما وایە، کە چوویتە ژوورەوە دەبێ بلیتت کڕیبێ، ئەگەرنا، ڕێنادرێ پێیت. حیزب بە گشتی لە وڵاتە دێمۆکراتەکاندا، ماڵی ئەندامەکانێتی و لە کوردستانیشدا ماڵی سەرکردەکانێتی؛ بە خۆیان و بنەماڵەیانەوە. واتە، حیزب لە کوردستاندا ماڵی گەل و ئەندامەکانی نییە، بەڵام حیزب، گەلیش و وڵاتیش بە ملکی خۆی دەزانێ. باوەڕنەمان بە حیزب و هاتنەدەرەوە لە حیزب، وەک خیانەت و دوژمنایەتیکردن بەرامبەر حیزب و نەتەوە تەماشا دەکرێ. ئەو کەسەش کە تا دوێنێ وەک پاڵەوان نێویدەبرا، ئێستە هەموو جـۆرە تاوانێکی دەخرێتە پاڵ. ڕەخنەگرتن و بیروڕا دەربڕینیش ئەگەر ڕێبدرێ پێی، سنوورێکی یەکجار تەنگیان هەیە. بە کورتی: بە نێودێمۆکرات و بە کردەوەش تۆتالیتێر. ئێستەش، هێندەک لە حیزبە کوردییەکان، لەسەر ڕێبازی «دێمۆکراتیی نێوەندیی» و دەسەڵاتی بێ چەندوچۆنی «پۆلیت بیرۆ» (بیرۆی رامـیـاری)ی ستالینانە دەچـن بەڕێوە. بـەڵام، ڕەوت، بە پێچەوانەی حیزبەوە، بزووتنەوەیەکی کراوە و ڕێبازێکی فراوان و یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەی ئەوانەیە کە باوەڕیان پێیەتی. ڕەوت، وەک لانەی هەنگ وایە، هەموو هەنگێک مافی چوونە ژوورەوە و هاتنەدەرەوەی بە ئازادی هەیە. دوو هەنگ دەچنە ژوورەوە و چوار دێنە دەرەوە. لە چ گوڵێکیش شیرانی دەمژن، سەربەستن. لەسەر بەکارهێنانی ئەو ئازادییە، نانبڕاو ناکرێن و لە لانەش دەرناکرێن. هەر لەبەر ئەمە بوو کە لە سەرەتای هاتنەکایەی جموجۆڵی گۆڕانەوە؛ هاواری ئەوەمکرد، نەکەن خۆتان بکەنە حیزب، چۆنکە ئەوە مردنی ڕەوتە کراوەکەیە و دووپاتبوونەوەی هەڵەکانی ڕابردووە.

ڕەوتی «گۆڕان» دەتوانێ ئازادیی خەڵکی کوردستان بکا بە یەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی خۆی، چۆنکە، ئازادی لەسەربەخۆیی گەورەترە

کورت و کرمانجی: ئەز لایەنگری ڕەوتی کـراوە و سەربەخۆم، لێ لایەنگرییەکی زانستانە. پێتان سەیرنەبێ، کە دەبێژم لایەنگرییەکی زانستانە. چۆنکە زانست بێلایەن نییە. زانـسـت لایـەنـگـرە. بە پێچەوانەی ئەوەی زۆر کەس هەن پێیانوایە زانست بێلایەنە، زانست لایەنگرە. زانست بریتییە لە تاقیکردنەوە و بە هەڵەچوون و خۆڕاستکردنەوە و گومانکردن و پشکنین و پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەی سەربەخۆیانە و، ئەوجا هەڵوێست وەرگرتن لەبەر ڕۆناکایی ئەنجامەکاندا. ئەمەش؛ نە لەبەر خاتری کەس و نە لەڕکی کەس. زانست تەرازووە، شەرمی لە کەس نییە. هەر لە بەر ئەمەشە کە لایەنگریی زانستانە جیاوازە لە لایەنگریی رامیاریی و حیزبایەتی و خێڵەکێتی و خزمایەتی و بنەماڵەیی و ئایینی. ئەوجا ئەو لایەنگرییە، لایەنگریی بێ بۆ فەرمانی تاکە سەرکردەیەک، یان لایەنگریی بێ بۆ پیلان و نەخشەی بنەماڵەیەک، یان دەستەیەک، یان خزمێک، یان ئاینێک، یان ولاتداگیرکەرێک، یان مەلایەک، یان قەشەیەک، یان فەقێیەک، ئەمە هەر وەکیەکە. لایەنگریی زانستانە، لایەنگرییەکی کەسانە (شخصي)نییە، واتە؛ پێوەندیی بە کەسێک، یان کەسانێکەوە نییە، بەڵکو لایەنگرییەکی بابەتانەیە، واتە؛ پێوەندیی بە بابەتێکەوە هەیە و، لەو بابەتەوە دەستپێدەکا و هەر لەوێشەوە دەچێتە دەرێ و، لەسەر ئەو بنامەیەش هەڵوێست وەردەگـرێ و بـڕیـاردەدا و لایەندەگرێ، نەک لە بەرژەوەندیی تاکە کەس و دەستە و بنەماڵە و چین و خزم و خێڵ و فەرمانڕەوا و دەوڵـەتـەوە. بۆ وێنە: ئەگەر تۆ لەسەر ژنێکی کەنەفتکراو و چینێکی بەشخوراو و گەلێکی بندەست و پێشێلکراو، بە شێوەیەکی زانستانە هەڵبدەیتێ، ئەوە تۆ لە مافی ژنەکە وەک ژن و، لە مافی چینەکە وەک چین و، لە مافی گەلەکە وەک گەل هەڵدەدەیتێ، نەک ژنەکە وەک تاکەکەس و، چینەکە و گەلەکە وەک کۆمەڵە کەسانێک، واتە؛ تۆ بەرگریی لە بابەتێک دەکەیت، کە لێرەدا بابەتەکە «مافە»، نەک «کەس». خۆ ئەگەر هەر ئەو ژنە منداڵەکەی خۆی بکوژێ، یان هەر ئەو چینە چینێکی دی بڕووتێنێتەوە، یان هەر ئەو گەلە گەلێکی دی دیلبکا، ئەوا تۆ ئەمجارە، نە لە دژی ئەو ژنە وەک «کەس» و، نە لە دژی ئەو چین و گەلە وەک «کەسان» ناوەستیت، بەڵکو لە دژی بابەتێک دەوەستیت، کە بابەتەکە ئەمجارە دەستدرێژی و بنپێخستنی مافی مرۆڤە. ڕەوتی زانستانەی گۆڕینیش، نە لەگەڵ هیچ کەسێکە و نە لە دژی هیچ کەسێکیشە، بەڵکو لەگەڵ بابەتێکە دژ بە بابەتێکی دی. واتە؛ پشتگیرییەکی زانستانەی بارودۆخێک دەکا بۆ ئەوەی بیکا بە جێگرەوەی ئەم بـارودۆخـەی کە ئێستە لە کوردستاندا هەیە.

جا، کە لایەنگریی زانستانە پێوەندیی بە بابەتێکەوە هەبێ، دیارە؛ نە دۆستایەتیی تایبەتی بۆ لایەنێک هەیەو، نە دوژمنایەتیی تایبەتیش دژ بە لایەنێکی دی. بەڵکو هەوڵدانە بۆ گۆڕینی بابەت لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی دی، بەدیارخستنی باری ڕاستی و گونجاو، لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا، چۆنکە هەموو ڕاستییەک و گونجاوێک ڕێژەیین. هەر لەبەر ئەوەشە، ئەگەر هەوڵدانی تۆ بۆ «گۆڕین» ئەوەبێ کە کەسانێک لەسەر کار لاببەیت و، کەسانێکی دی بخەیتە جێیان و، بابەتەکانیش هەروەک خۆیان بمێننەوە، ئەوا ئەو کارەت زانستانە نەبووە و نییە. چۆنکە «گۆڕین»دەبێ لە بابەتدا بێ، نەک هەر لە جێگۆڕکێی شوێنی کەساندا. بۆ وێنە: ئەگەر تۆ شەریفی شەپل و مارفی بەکری گەندەڵ و درزودرۆزنـت لەسەر دەسەڵات لابرد و، لە جێی وان؛ قالە هارە و جەرجیسە کوێرت دانا، کە ئەمانیش هەروەک وان؛ گەندەڵ و دز و درۆزن بن، یان ئاتە بیجەڕێنەی سەرکردەی ژنانی حیزبێکت لەسەر گەندەڵی لە کار لابرد و، فاتە تەماتەی ماستاوکەر و زوڕناژەنی بنەماڵەیەکی دەستڕۆیشتووت لە جێی وێ کردە فەرمانبەر و سەرۆکی کۆمەڵەی بە نێو «ژنان»یان «ئافرەتان» کە هەتا ئێستا، سەرەڕای «یەکگرتنی ستراتیژیی» لەسەر ئەو نێوەش ڕێکنەکەوتوون، ئـەوا تەنێ گۆڕانێکی سەرزاری و رووکێش ڕوویداوە و، هیچ پێوەندییەکی بە نێوەرۆکی پرۆسەکەوە نـەبـووە، چۆنکە پێوەندیی بە گۆڕینی بابەتەکەوە نەبووە. ئەمجا بابزانین:

## گۆڕین لە چیدا و بە پشتی کێ؟

ئەم پێشەکییەم بۆیە خستە بەرچاو، تاکو بیخەمەڕوو کە ئێمە کاتێک باسی گۆڕین دەکەین لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، دەبـێ مەبەستمان لە گـۆڕیـن، گۆڕینی بابەتی باو و وێستاو و سەپێندراوبێ، نەک تەنێ گۆڕینی کەسانی بەرپرسیار لە بابەتەکان،دیارە لێرەدا مەبەستمان گۆڕینی بارودۆخی ژیانی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستانە. ئەوجا کە هاتینە سەر ئەمە، ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە: ئایا ئەم بابەتە، واتە؛ ئەم بارودۆخە نالەبارە، چۆن بگۆڕین و چۆن دەستپێبکەین؟ ئایا ئێمە کە داری هیشک و بێبەر و گژوگیای لاپرەسەنگ لە باخەکەمان دەربهێنین و فڕێیدەین، چیمان هەیە لە جێی وانە بیانڕوێنین؟ ئەمەش پرسیارێکی دیکەی بەجێ ئاڕاستەی مە دەکا، ئایا ئێمە چمان دەوێ؟



# میللەتێک
# باجی ئێوە دەدات!



سیروان رەشید

ئیدی هەموو ئەو هیوایانە رەوینەوە، کە لە شەش سالی رابردوودا هەمانبوون، ئێستا سەربارى کۆمەلێک گرفتی گەورەی ناوخۆیی لە هەرێمدا، پرسیارێکی زۆر لۆژیکیی خۆی قوتکردووەتەوە؛ ئایا ئایندەی کورد لە عێراقی دوای هەڵبژاردنی دادێ چی لێدێت؟ کێرڤی کورد لاواز دەبێت، یان بەهێز؟ ئەگەر لاواز دەبێت، بۆچیو کێ لێی بەرپرسیارە؟.

کورد ئێستا لەبەردەم پرۆسەیەکی گرنگو مەترسیداری وەک هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدایە، هەموو ئاماژەکانیش روو لەوەن، کە سەنگو پێگەی کورد لەچەند سالی رابردوو لاوازبووەو لەدوای هەڵبژاردنی داهاتووش بەشێوەیەکی بەرچاو لاوازتردەبێتو لە ناوەندی بڕیاردان لە بەغدا ئەگەری پەراوێزخستنی دەکرێو مەترسیی لەسەر دەستکەوتە نەتەوەییەکانی دەبێت، بە پاساوی ئەوەی:

* بەهۆی گۆڕانکاری لە ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق، کورد ناتوانێت وەک ئێستا رێژەی (٢١٪) کۆی کورسیەکانی پەرلەمان مسۆگەر بکاتەوە کە پێویستی بەبردنەوەی (٦٩) کورسی هەیە بۆئەوەی ئەو رێژەیەی دانەبەزێت، بەڵام بەپێی یاسا پەسەندکراوەکەی پێرێ (٢٠٠٩/١٢/٦) زەحمەتە کورد (٥٨) کورسییەکەی ئێستاشی مسۆگەر بکاتەوە!

* پاشەکشەی لیستی کوردی لە لیستی دووەمی ناو پەرلەمانەوەو ئەگەری بوون بە لیستی چوارەم یان پێنجەم، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر هێزی کورد دەبێت لەناوپەرلەماندا.

* لاوازبوونی کارکردن لەسەر بنەمای تەوافوقی سیاسییو کارکردن بە ئیستیحقاقی هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی حکومەتو دابەشکردنی پۆستە سیادییەکانی عێراق.

کێ بەرپرسە لەو دۆخەی بەسەر کوردا دێت؟ چەندی پەیوەندیی بە گۆڕانی نەخشەی سیاسیی عێراقەوە هەیە؟ چەندی پەیوەندیی بە کەمتەرخەمیی نوێنەرانی کوردو سەرکردایەتییەکەیەوە هەیەو ئۆبالی مێژوویيان لە ئەستۆ دەبێت؟!

لەدوای رووخانی رژێمی سەدام، نوێنەرانی کورد لەپاش دەیان ساڵ لە خەباتو قوربانیدانی خەلکی کوردستان هەلێکی زێڕینو مێژوویی بۆ رەخسا، کە ئەوکاتو تەنانەت تا دووساڵ بەر لە ئێستاش وەک گەمەکەرێکی بەهێزی مەیدانی سیاسیی عێراق دەیتوانی زۆرێک لە داخوازیو مافە نەتەوەییەکانی کورد بچەسپێنێت، کە گرنگترینیان ئەمانەبوون:

**یەکەم:** دیاریکردنی سنووری کوردستان لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا.

**دووەم:** چەسپاندنی تەوافوقی دەستووریی لە دەستووری عێراقدا، لەبری ئەو تەوافوقە سیاسییەی ئێستا هەیە، چونکە ئەو تەوافوقە سیاسییەی ئێستا، هیچ گەرەنتییەک نییە، کە ئەمجارە بەهۆی پاشەکشەی کوردەوە پۆستە سیادییەکانی پێبدرێتو شەریک بکرێت لە دەسەڵاتداو مەترسیی ئەوەش دەکرێت، کە عێراقی دوای هەڵبژاردن ببێت بە موسلێکی گەورە بۆ کورد.

**سێیەم:** ئەنجومەنێکی زۆر گرنگو خاوەن دەسەڵاتی یاسادانانو بڕیار ئەنجومەنی باڵای فیدرالییە لە عێراق، کە لە مادەی (٤٨)ی دەستووری عێراقی هاتووە: «دەسەڵاتی یاسادانانی فیدرالیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی فیدرالیی پێکدێت»، بەڵام تائێستا ئەم ئەنجومەنە دروستنەکراوە، کە پێویستبوو لە چوارساڵی رابردوودا نوێنەرانمان لە بەغداو سەرکردایەتی کورد کاریان بۆ پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە بکردایە، بەوپێیەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوودا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار نامێنێت، کە پێویستبوو بەر لە تەواوبوونی ئەم خولەی پەرلەمان کورد کاری جدیی لەوبارەیەوە بکردایە، بەشێوەیەک لە بەرژەوەندیی کوردا بوایە، کە ئەو ئەنجومەنە گرنگترین پێکهاتەیە لە دەولەتی فیدرالیداو تەواوکەری دەسەڵاتی یاسادانانەو، لەو ئەنجومەنەدا بەشێوەیەکی یەکسان هەرێمە فیدرالییەکانو پارێزگاکان بەدەر لە قەبارەی جوگرافیو دانیشتووان ئەندامیان دەبێو ئەو ئەنجومەنەش دەبێتە فلتەری دووەم بۆ دەرکردنی یاساو حەقی ڤیتۆشی هەیە لەسەر قانونەکانی پەرلەمانو رەتکردنەوەی لەلایەن هەرێمەکانەوە.

بەڵام ئەفسوس نوێنەرانی ئێمە لەبەر کەمتەرخەمییو بەرژەوەندییە شەخسیو حیزبییەکانیانو بۆ رازیکردنی ئەمریکا، کە هەمیشە سیاسەتی رۆژیان لەبری سیاسەتێکی ستراتیژیی پلان بۆ دارێژراو پەیڕەوکردووە نەیانتوانی هەلەکان بقۆزنەوەو ئایندەی کوردیان بە نادیاری سپاردو ویستە سیاسییو نەتەوەییەکانی ئێمە نەهاتنەدیو دەسکەوتە حیزبیو شەخسییەکانی نوێنەرانیشمان لەبەغدا هاتنەدی.

serwan_rm@yahoo.com










چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

# ـــــه گەلێکی بەرهەمهێنەرەوە کردووە بە گەلێکی مووچەخۆرو مشەخۆر

حیزبەکانی هەموو جیهان، نەک هەر هی کوردستان، حیزبی پیاوانن و، هەر پیاوانیشن کە قانووننامە و نەرێتنامە لە باری سەرنج و بەرژەوەندیی پیاوانەی خۆیانەوە بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنن و ژنانی پێسەرکوتدەکەن. بوونی ژمارەیەک لە ژنان لە سەرکردایەتیی حکوومەت و پەرلەمان و حیزبەکاندا، مانای ئەوە نییە کە ژنان ئازادن. لەبەرئەوە، ئەمجارە، دەبێ ژنان لە باری سەرنجی ژنان و بەرژەوەندیی خۆیانەوە، کە هەزاران ساڵە کراون بە کارەکەر و کەنیزەک و کۆڵکێش و فابریقەی منداڵدروستکەری بێ پاداش، قانووننامە و نەرێتنامە دابنێن بۆ هەموو کۆمەڵگە، کە ئەرک و مافی پیاوان و سنووری پێوەندیی ژنمێری، لە سیستەمێکی یەکسانیدا دەستنیشان بکەن. با ئەم سەربەرزییەش لە کورد و کوردستانەوە دەستپێبکا، وەک ئەزموونێکی یەکسانیخوازانە و، ببێتە چمکێکی زۆر گرنگی ڕەوتی گۆڕین.

دیارە ڕەوتی گۆڕین ئەرکی زۆر گرانی بە سەرەوەیە و، لە پرۆسەی هەوڵدانیدا بۆ بەجێگەیاندنیان، تووشی گەلێک تەگەرە و ڕێپێگرتن دەبێ، بە تایبەتی لەلایەن کاربەدەستانی هەرێمی کوردستانەوە. بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی لەم بارەیەوە ڕوودەدەن، بە بیروڕای من نابێ پەناببرێتە بەر دەوڵەتی عێراق - چۆنکە عێراق هەتا ئەوڕۆ، کە ئەوڕۆیە، داوای لێبووردنی لە نەتەوەی کورد نەکردووە بەرامبەر ئەو گەلکوژی و کولتوورکوژییەی لە کوردی کردووە و، هەتا ئەوڕۆش بەشێکی گەورەی باشووری کوردستانی داگیرکردووە و، دانی بە هیچ مافێکی بنچینەیی نەتەوەی کورددا نەناوە و، هەر خەریکی پیلانگێڕان و ڕێکەوتنە لەگەڵ ڕژێمەکانی ئێران و ترکیا و سووریا لە دژی کورد. پەنابردن بۆ دەوڵەتی عێراق، بێجگە لەوەی کە هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی نابێ و، ڕژێمی عێراق ئەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆی لە دژی کورد بەکاردەهێنێ، هەر لەو کاتەشدا، ئەمە دەبێتە دانان بەوەدا کە دەوڵەتی عێراق دەوڵەتی کوردیشە و کوردستانیش بەشێکە لە عێراق، خۆ ئەگەر ئەوە کرا، ئەو دەمە نابێ هیچ ڕەخنەیەک لە پارتی و یەکێتی بگیرێ، کە کوردیان، بێ هیچ گەرەنتییەکی نێونەتەوەیی، کردەوە بە هاونیشتمانی عێراق و جارەکی دی باشووریان بەستەوە بە عێراقەوە، کە کاتی خۆی، گەلێک هۆشیارنامەم نارد بۆ سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی، بەڵام بە داخەوە بێسووت بوو. بێجگە لەوەش، پەنابردن بۆ ڕژێمی عێراق، پاشڵی ئەوانە پاکدەکاتەوە کە لەشکری عێراق و ئێران و ترکیایان هێنایە «نەوای ئارام»ەوە. بە بیروڕای من، هەموو گلەیی و سکاڵا و دادخوازییەکی ڕەوتی گۆڕین لە کاربەدەستانی کوردستان، دەبێ بهێنرێنە بەردەم دادگەی ویژدانی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان خۆی و بخرێنە بەردەم دادگە و ڕێکخراو و ڕێباز و کەسایەتییە ئازادیخوازە نێونەتەوەییەکان و، ئەوەش بخرێتە بەرچاو، کە ئەوانەی لە ماوەی چەندمانگێکی کەمدا توانیان جەماوەرێکی گەورە و فراوان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و، هێزێکی بەرهەڵستکار و ڕەخنەگر بهێننە سەر شەقامەکان و نێو پەرلەمان، کە بەلای هێندەک مشەخۆر و مێشکرزیوەوە «ڕاوی گردی ڕەش» و «خەونی ساویلکانە»ی نەوشیروان مستەفا و دەستەی «کوردستان پۆست» و چەند کۆنە کاژیکێک و فیتی بێگانە بوو، ئێستەش هەر ئەوانە ئەگەر پشتبەخۆببەستن و، پشتیان ساردنەبێتەوە و، دانبەخۆیاندا بگرن و، پەرە بە تێکۆشانیان بدەن، دڵنیابن دەکارن کاری گەلێک لەوە گەورەتریان لەدەست بێ. هێنانی فراکسیۆنێکی بەرهەڵستکار (ئۆپۆزسیۆن)بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، بەرهەمێکی بەنرخی خەباتی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان بوو. ئەم سەرکەوتنە نابێبەکەم بگیرێ، دەبێ بچەسپێندرێ، چۆنکە ئەمە؛ سەربەرزییەکە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان و تەنانەت بۆ لایەنگرانی لیستی زۆرێتی کە لە دوژمنایەتی درێخییان نەکرد. ئێستەش کە ئەمانە زوو زوو بە سەردان دێنە ئەورووپا، دەتوانن سەربەرزانە بێژن کە لە پەرلەمانەکەیاندا ئۆپۆزسیۆنێک هەیە و ئێدی شەرمیان بەخۆیان نەیێ و، ئەوجا لەگەڵ بەرهەڵستکاران دادپەروەرانە بجووڵێنەوە نەک دوژمنانە. لە سەرێکی دیکەشەوە، ئەم گۆڕینە بوو بەهۆی پەیداکردنەوەی متمانە لەلایەن جەماوەری هیوابڕاوەوە بە خۆی و، سامی خەڵکی سادەشی شکاند بەرامبەر هێندەک لەو شتانەی کە بە پیرۆزمەند و هێڵی سوور دەدرانە قەڵەم. لیستی گۆڕانیش، ئەگەر دڵنیایە لەوەی لە هەڵبژاردندا ساختەکارێتی ڕوویداوە، دەبێ سووربوونی لەسەر مافی خۆی جەخت بکا وەک ڕێزێک بۆ دەنگی لایەنگرەکانی - ئەندامەکانیشی خۆیان لە تووڕەیی و هەڵەشەیی بپارێزن و لە پەرلەماندا جێگرەوە (بدیل)پێشانب دەن - شایەنی باسە، پاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم و پەیدابوونی ژمارەیەک پەرلەمانتاری بەرهەڵستکار، هەستدەکرێ کە هێندەک مرۆڤی هەلپەرست کە ساڵانی ساڵە لەگەڵ فەرمانڕەوایانی کوردستاندا و بگرە لە شەستەکانی سەتەی ڕابردووەوە هاوکارن، ئێستە کەوتوونەتە ڕەخنەی نابووتانە لە هەڵوێستی کاربەدەستانی هەرێم. بۆ وێنە: چەند ساڵێک لەمەوبەر کە دەمگوت کورد نابێ پشت بە دەستووری عێراق ببەستێ، چۆنکە دەستوور بۆ گەلێکە کە ڕێز لە دەستوور بگرێ و، دەمگوت دەبێ پارتی و یەکێتی لە حکوومەتەکەی مالیکی بکشێنەوە و گوشار بخەنە سەری بۆ دانانن بە مافی کورددا و، دەمگوت ئەمریکا برای باوکی کەس نییە و، دەبێ لە دەرفەت سووت وەربگیرێ، جەنابی دوکتۆر مەحمود عوسمان دەیفەرموو «جەمال نەبەز مافی قسەکردنی نییە، چۆنکە لە ئەورووپایە». ئێستە دەفەرموێ «کورد هەڵەی کردووە کە ئەم چوار ساڵە بێدەنگ بووە و گوشاری نەخستووەتە سەر مالیکی»نازانم کورد کێیە لای کاکە خولە. ئەو خۆی پەرلەمانتارێکی عێراقی بوو لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستانیی و تا ئەوڕۆش. ئەی بۆچی ئەم چوار ساڵە جەنابی نقەی لێوە نەهات و ئێستە قسەکانی من دەکاتەوە؟ چاکە بزانین کە ئەم پیاوە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا کەسی دووەمی شۆڕش بوو پاش ڕەحمەتی مەلا مستەفای بارزانی و، هەر ئەویش بوو کە ڕێی نەدا بە من لە ساڵی ١٩٦٩دا بگەڕێمەوە کوردستان بۆ نێو شۆڕش. لە ماوەی ١٤ ساڵ ژیانی شۆڕشدا یەک ڕەخنەی لە مەلا مستەفا نەگرت، بەڵام کە ئاشبەتاڵ ڕوویدا، هاتە ئەورووپا و بە پشتی»یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» هەموو گۆتاوڕۆکەی خستە ملی بنەماڵەی بارزانی و ڕایکردە لەندەن. ئێستەش بەخێری بنەماڵەی بارزانی بووە بە پەرلەمانتار و دەیەوێ نەچێتە ژێرباری ئەوەی کە خۆشی یەکێکە لەو بەرپرسیارە گوناهبارانەی کە کاتی خۆی دژی هەموو ڕەخنەیەک بوون لە کردەوەکانیان - ڕەوتی «گۆڕین» دەبێ خۆی لە هەموو هەلپەرست و کوڕی ڕۆژێک بپارێزێ و خۆی دووربخاتەوە لێیان و، لەسەر بنەمای پەندی پێشینان «نەخت و پوخت، نەک زۆر وبۆر» بروابەڕێوە.

هەر لێرەدا زۆر بە پێویستی دەزانم ئەوە بێژم کە نابێ ڕێبدرێ بە کەسانێکی ڕابردوولەکەدار و هەلپەرست و هەڵمەتەکاسە، لەوانەی نەک لە باوەڕبوونیانەوە بە پێویستبوونی» گۆڕین» لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بەڵکو بۆ ئامانجی شاراوە و پشێوینانەوە، خۆیان بخزێننە نێو ڕەوتی گۆڕینەوە. هەرچەندە ئەم ڕەوتە حیزب نییە و کراوەیە، بەڵام پێویستە خۆی بخاتە قاڵبی دامەزراوێکی مافداریی legal Corporation (Juristische Person) (مؤسسة حقوقية)یەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتی ناساز و خراپکارانە بکا و، بە پێی بەرنامەیەکی سنووردیار، چالاکی بنوێنێ و لە هەموو گوند و گەڕەکێکی شار و شارۆچکەیەک لیژنەیەکی کاتی، بە هەڵبژاردن دەستنیشان بکرێ، تا کار نەگاتە تێکەڵوپێکەڵی.

ئەرکێکی دیکەی سەرشانی ڕەوتی گۆڕین ئەوەیە کە سەربەخۆیی تەواوی خۆی لە نێوان باوەڕدارانـدا بە ئاینەکان ڕابگرێ. ئەو کەسانەش کە باوەڕیان بە ئاینێک هەیە، دەشێ ئەوە بزانن کە هەموو ئەو ئاینانەی هەن، بنچینەی باوەڕەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ خوا و، خواش لە باوەڕی هەموویاندا، دەسەڵاتێکی بێسنووری هەیە، کەواتە خوا هیچ پێویستییەکی بەوە نییە کەس لەسەرییکاتەوە و، بە کەسیشی نەگوتووە بچۆ ئەم بکوژە و ئەو داپاچە، یان لایەنگرانی ئاینێک لە ئاینێکی دیکە هانبدا. بۆ ئەمەش زۆر گرنگە دەستووری کوردستان، بەر لە پشتڕاستکردنی لە پەرلەماندا، زۆر بە هوردی چاوبخشێندرێتەوە پێیدا، تاکو ئەم سەرەتا گرنگە ڕەچاوبگیرێ تێیداو، سەرەتای ئازادی و یەکسانیی مرۆڤ نەڕووشێندرێ. واتە دەستوور لەم ڕووەوە، سەربەخۆیی تەواوی خۆی لە نێوان ئاینەکاندا بپارێزێ. ئەمە بێجگە لەوەی کە لە کوردستاندا گەلێک ئاین و ئاینزا هەن، کە ناکرێ یەکێکیان بگیرێتە بەرچاو و، ئەوانی دیش کەلابخرێن، هەر لەبەر ئەوەی یەکێکیان بە ژمارە پترە لەوانی دی. ماف؛ بە زۆری و کەمی ژمارە نییە. لە کوردستاندا؛ موسلمانی شیعە، موسلمانی سوننی، یارسان (کاکەیی)، ئێزدی، ئالەوی، شەبەک، باجوان، هەققە، تەریقەتی دەروێشەکان و سۆفییەکان، دیان، جوو، زەردەشتی، بەهایی...هەن. هیچ خاوەنباوەڕێکی ئاینیش ڕازینابێ بەوەی خاوەنباوەڕی ئاینێکی دی پێیبێژێ : «ئەز لە لای خودا ڕێزم لە تۆ پترە». لەوەش بترازێ، تێکەڵکردنی ئاین کە بنچینەیەکی میتافیزیکی و میتۆلۆژیایی هەیە، لەگەڵ ڕامیاری و سیستەمی فەرمانڕەوایی حکوومەت و دەوڵەت کە بنچینەیەکی ماکی و جیهانییان هەیە و، کردنی ئاین بە حیزبحیزبێنە، ئەوە شکاندنی ڕێزی ئایینە، چۆنکە حکوومەت و حیزب و ڕامیاری، دەتوانن شێوەی هەموو جۆرە گۆڕین و تەنانەت گزی و فزیش بەخۆیانەوە بگرن، کە ئەمەش پێچەوانەی نەگۆڕیی و پاکڕاگرتنی باوەڕی ئاینیە لای باوەڕدارانی ئاین خۆیان.

لەمەش گرنگتر ئەوەیە دیوارێکی سەخت هەبێ لە نێوان باوەڕی ئاینی و گوێڕایەڵیکردنی ئەو ڕژێمانە کە بوونەتە بازرگانی ئاین و، بەنێوی ئاینەوە بە درۆ، بەنێوی خواوە قسە دەکەن و، گەلێک شێوەی تاوانکاری و خوێنڕێژیی و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بەکاردەبەن، بەتایبەتی فەلاقەکردن و بەردەبارانکردن تا مردن و لەسێدارەدان و دەستبڕین و ئازار و شکەنجە، زۆر بە تایبەتی دژ بە ژنان. ئەو گوێڕایەڵانە دەبێ ئەوە بهێننە بەر چاو، کە حیزبە کۆمۆنیستەکان کاتی خۆی باوەڕی کۆمۆنیستییان کردبوو بە گوێڕایەڵیکردنی ڕژێمی تاوانباری سۆڤێت و ئەوجا ڕژێمی چینی ماوی خەرفاو و ڕژێمی ئەنوەری خواجای ئەلبانیا و کاسترۆی کوبا، خۆیان دەزانن چییانبەسەرهات پاش هەرەسهێنانی ڕژێمی ترەکەڵەکی سۆڤێت - ئەمانیش هەر بەو دەردە دەچن، پاش ڕووخانی ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرانەی کە بە نێوی ئیسلامەوە فاشیزمی عەرەبی و فارسی و ترکی دەبەنبەڕێوە لە دژی کورد و خەڵکانی بەشخوراو. ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە ڕژێمی چینی کۆمۆنیست ئەوڕۆ بووە بە گەورەترین سەرمایەداری جیهان و، دیکتاتۆرێتیی ئەم ڕژێمە گەیشتووەتە ئەوپەڕی پلەی، بە تایبەتی دژی خەڵکی بندەست و لێقەوماوی تبەت. دیارە ئەمەش دەبێ «دیکتاتۆرێتیی پرۆلیتاریای سەرمایەدار»بێ، واتە؛ «کۆمۆنیزمی سەرمایەداری» بێ، بە پێچەوانەی «کۆمۆنیزمی کرێکاری»یەوە.

جا چۆن ڕەوتی گۆڕین دەبێ لە بارەی ئاینەوە ماف بە هەموو لایەک ڕەوابببینێ کە باوەڕی خۆیان بە ئازادی و بێترس دەرببڕن و، بە شێوەی خۆیان خوای خۆیان بپەرستن، بێ دەستدرێژیکردن بۆ باوەڕدارانی دی، یان بێ دژایەتیکردنی ئەوانەی هیچ باوەڕێکی ئاینییان نییە، هەر ئاواش دەبێ، ڕەوتی گۆڕین لیبەڕال بێ بەرامبەر بەو هاونیشتمانانەی کوردستان کە کورد نین. بە تایبەتی کە دەبینین مافی ڕەوای هاونیشتمانە ترکمانەکان، لەلایەن ڕژێمی ترک و داگیرکەرانی دیکەی کوردستانەوە کراوە بە کێشە و، بەوپەڕی بێ ئاوڕووییەوە دەستدەخەنە کاروباری نێوخۆی کەرکووک، کە بە قسەی خۆشیان بەبەشێکی دادەنێن لە دەوڵەتی عێراق، کەچی لووتیان ژەندووەتە کاروباری کەرکووکەوە، وەک ئەوەی بەشێک بێ لە دەوڵەتی ترکان یان ئێران. ڕژێمی ترک کە مافی بیست ملوێن کورد لە باکووری کوردستاندا پێشێلدەکا، خۆی کردووە بە کوێخای ترکمانەکان، بەڵام کە سەدام دەیکوشتن و دەیبڕین، نەک هەر لەسەریان نەدەهاتە گۆ، بەڵکو هەڤاڵبەند و هاوکاری سەدام بوو. ڕەوتی گۆڕان نابێ گوێبداتە هەڵوێستی دوژمنانەی ئەوانەی خۆیان نێوناوە»بەرەی ترکمانی». بە پێچەوانەوە، دەبێ دۆزی ترکمانەکان لەسەر بنچینەی ئازادی و یەکسانی و هاونیشتمانێتی کوردستانی چارەسەر بکا، نەک وەک کەمایەتییەک. مافی مرۆڤ و هاونیشتمانێتی، هیچ پێوەندیی نییە بە زۆریی و کەمیی ژمارەوە. هەموو ئەوانەی خۆیان بە کوردستانی دەزانن، مافی وەکیەکیان هەیە لە سنووری مێژوویی و جۆگرافیایی خاکی کوردستاندا. گەلی ترکمان دەبێ جیابکرێنەوە لە «بەرەی ترکمانی» کە بوونەتە کۆڵۆنی پێنجەمی ڕژێمی ترک و، بەوپەڕی بێئاوڕووییەوە داوای ئەوە دەکەن لەشکری ڕژێمی ترک بێتە کەرکووک و مووسڵەوە. کە ئەمەش خیانەتە لە نیشتمان. ئەمانە ئەوە ناخەنە بەرچاویان، ئەگەر ڕژێمی ترک ئەو گەمژەیەتییە بکا و ببێتە هەڵگیرسێنەری جەنگ، بەر لە هەموو شتێک، ئەمان خۆیان لەنێودەچن، دەبا لە خۆیان بایی نەبن. ڕژێمی ترک کە ئەمە ٨٦ ساڵە لە لایەن ڕژێمی سۆڤێت و کۆلۆنیالیستەکانی ئەورووپای ڕۆژئاواوە، لە سەر خاکی بێگانە کراوە بە دەوڵەت، خەریکی تەفروتوونەکردنی کوردە، لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوەی خۆڕاگری کورد هەر ماوە و دەمێنێ و ڕۆژبەڕۆژ بەهێزتر دەبێ. تێرۆر و دەستوەشاندن و درۆ و دەلەسە هەڵبەستن و خاکی خەڵک داگیرکردن، هەر بە زیانی ئەوانە تەواو دەبێ کە ئەو کارانە دەکەن. دەبا ئەمانە لە بەسەرهاتی هیتلەر و مۆسۆلینی و چاوشێسکۆ و میلۆسۆڤیچ و شای ئێران و سەددامی عێراق پەند وەرگرن. پاشان، ئەگەر هاتو سبەینێ ڕژێمی ترک گیروگرۆی خۆی لەگەڵ پێ کێ کێ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە جۆرێک چارەسەر کرد، ئەو دەمە تۆرانییەکان دەبینن کە ڕۆڵیان تەواوبووە و دەبن بە کوردەکەی لە هەردوو جەژنان بوو. ڕەوتی گۆڕین، لە کاتێکدا کە دان دەنێ بە هەموو مافەکانی ترکمانەکانی کوردستاندا، دەبێ وریابێ کە دژکاریی پارتی و یەکێتی بەرامبەر ڕەوتی گۆڕین، نەبێتە هۆی ئەوەی لە ڕکاندا، جۆرە هاودەنگی و هاوئاهەنگییەک لە نێوان ڕەوتی گۆڕین و دوژمنانی نەتەوەی کورددا، لە تۆرانییەکان و بەعسیەکان و فارسچییەکان، یان هێندەک ئەمریکایی و ئەورووپایی دروست ببێ، کە بە دەم خۆیان بە دۆستی کورد دەدەنە قەڵەم و ڕەخنە لە پارتی و یەکێتی دەگرن و، جاروبارێکیش بۆرە پەسنێکی ڕەوتی گۆڕان دەدەن، بە نیازی هاندان و گێرەشێوێنی، نەک بە نیازی چاکەخوازی و ئامانجی گەندەڵی خستنەبەرچاو، بەڵکو بە نیاز و ئامانجی دووبەرەکینانەوە و پووچکرانەوەی مافی کورد لە خاوەندارێتیی خاکی خۆیدا. هێندەک لە مانە، بەوپەڕی بێشەرمییەوە، دەبێژن»با کورد دەست لە کەرکووک هەڵگرن» یان «با لە کەرکووک هەڵبژاردن نەکرێ». پێویستە لە وەرامی ئەمانەدا بگوترێ: باشە کە ئێوەش دەستان لە بەغدا و تاران و ئەنقەرە و دیمەشق و واشنتەن و لەندەن و مۆسکۆ و پاریس و بەرلین هەڵگرت، ئەوجا بۆ کەرکووکیش «خوا کەریمە». ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە تاوانی سەختبوونی کێشەی کەرکووک و مووسل و دیالە و کووتیش، بەشی هەرە فرەی دەکەوێتە ئەستۆی حیزبحیزبێنەی «پارتی و یەکێتی». لەگەڵ ئەوەشدا و لە کاتی لەیەکچوونی ڕەخنەکانی ئازادیخوازانی کورددا، لە بەڕێوەبەرێتی پارتی و یەکێتی؛ لەگەڵ ڕەخنەکانی ئەوانەی لە سەرەوە باسمکردن، دەبی زۆر وریابن کە ئامانجە گەشە ڕەواکانی ڕەوتی «گۆڕین» لەگەڵ ئامانجی گڵاوی ئەم ناحەز و دوژمنانە تێکەڵیەک نەبن. لە سەر ئەوەش وتارێکم لە ڕۆژنامەی «ڕۆژنامە»دا (ژ٥٠٩. ٢٠٠٩/٧/١٢)و، لە ژێر سەرنێوی : مەترسیی تێکەڵاوبوونی ئامانجە جیاوازەکان، لە کاتی لەیەکچوونی داخوازییەکاندا/ ڕەوتی گۆڕان و دژبەرانی دەستووری هەرێمی کوردستان وەک نموونە».

<<<

ئەز زۆر دژی سزای مەرگ و ئازاردانی لەش‌و نانبڕینم، بە تایبەتی نانبڕینی ماڵ‌و منداڵی تاوانباران. بەڵام ناکرێ کەسێک کە ژیانی لە پێناوی ڕزگاریی کوردستاندا بەختکردووە، منداڵەکانی برسی و ڕەشوڕووت و ئاوارەبن و، کەسێکیش کە ئەنفالی لە کورد کردووە، کاربەدەست بێ و، فەرمان بەسەر منداڵانی شەهیدو پەککەوتەکانی چەکی کیمیاییدا بکا. هەروەها نابێ ڕێ بە کۆلکەمەلایەک بدرێ دوانگەی مزگەوتێک بکاتە شوێنی هاندانی مێشکنەخۆشان دژی ژنانی ئازا و ڕۆشنبیر. ئایا ئەمە بێویژدانی نییە؟

# بەرچاوترین «بەرهەمی» ئەم دەسەڵاتدارێتییە ئەوەیە گەلی هەرێمی: لـــــ

## لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، دوو گەلەکۆمە لە باشوور؛ «پارتی» و «یەکێتی» لە ئەنجامی ڕاپەڕینی مێژوویی بەهاری ١٩٩١و گەلڕەوی پاش ئەوە و، هاوکات لەگەڵ هاتنەپێشەوەی هەلومەرجێکی نوێ لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، بوونە دەسەڵاتدار لە سێ ستانداو، تا ئەورۆ کە ئەورۆیە، نەیانتوانیوە تاکە داخوازییەکی خەڵکی کوردستان جێبەجێبکەن

>>> بە ڕاستی، ئێمە ئەگەر لەگەڵ خۆمان درۆ نەکەین و خۆمان تەفرە نەدەین، ئێستاش نازانین، یان ڕێکنەکەوتووین لەسەر ئەوەی چمان دەوێ و هەر یەکەشمان لە ئاوازێکی دی دەخوێنین. با کەمێک بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کۆمەڵایەتیمان. سەرکردە ڕێساییەکانی کورد لە رابردوودا ستراتیژێکیان هەبوو، ئەوەش سەربەخۆیی کوردستان بوو. ئەم سەرکردانە، یان لە بەرەبابی ئەرستۆکراتەکان بوون، وەک میرەکان و بەگزادەکان، یان لە دەستەی شێخەکان بـوون. دەسـەڵاتـی دەستەی یەکەم بنەماڵەیی و بۆماوەیی (میراتی) بوو، دەسەڵاتی دەستەی دووەمیش، بە پلەی یەکەم ئایینی و ئەوجا بنەماڵەیی بوو. شایەنی باسە، کورد بۆرژوای گەورەی وەک تاکەتاکە هەیە، بەڵام هێشتا وەک چین نییەتی، چۆنکە سەرمایەیەکی پیشەسازیی گەورە، جارێ لە کوردستاندا پەیدا نەبووە. هەر لەبەر ئەوەشە، کە کارکەران و کرێکارانی زەحمەتکێشی کوردستانیش، وەک چینێکی بەهێز و کارلـەدەستـهـاتـوو چـلـوورەی نەبەستووە. بەڵام نێزیکەی سەتساڵێکە، چینێکی هوردە بۆرژوای کورد، بە تایبەتی لە نێو خوێندەوارەکان و بازرگانەکان و مزوەرگرەکان و مووچەخۆرەکاندا، دەستی بە دروستبوون کردووە و، لە سەرەتاوە لە خزمەتی ستراتیژیی سەرکردەیەتیی ڕێسایی دا بـوو، تـا ساڵـانـی سـەرەتـای شۆڕشی ئەیلوول لە شەستەکانی سەتەی رابردوودا، بە تایبەتی لە ١٩٦٤ەوە، هەوڵی سەربەخۆبوونی دا لە سەرکردەیەتیی ڕێسایی، بەڵام؛ نە لەسەر ئاستی جەماوەریی و، نە لە شەڕی چەکداریدا دژ بە سەرکردەیەتیی ڕێسایی، تەنانەت پاش خۆبەستنەوەشی بە داگیرکەرانی کوردستانەوە، سەرکەوتوو نەبوو. پاش هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول لە مارتی ١٩٧٥دا کە بووبە هۆی کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی سەرکردە ڕێساییەکان، گەلێک گەلەکۆمە بەنێوی «حـیـزب»ەوە، لە لایەن هوردە بۆرژوای کوردەوە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، سەربەخۆ لەیەک، دامـەزران، لەمانە: «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» (لە عێراق) و «کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان» (لە ئێران) و «پارتیا کارکەرێن کوردستان (پێ کێ کێ) (لە ترکیا) و ...هتد. ئەمانە، ئەگەرچی هەموویان خۆیان بە مارکسیست دەدایە قەڵەم، کەچی هەموو بە چـەک شەڕی یەکدییان دەکرد، لەسەر ئەوەی پێیاندەگوت «پێشڕەویکردنی پرۆلیتاریای کوردستان» و هەر یەکەشیان پێوەندیی پاشکۆیانەی بە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتە داگیرکەرە دراوسێـکـەی دەوڵـەتـە داگـیـرکـەرەکـەی پارچەکەی خۆیانەوە هـەبـوو. ئامانجە بڵاوکراوەکانیشیان بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد، لە مافی سادەی کولتوورییەوە بگرە تـا دەگـاتـە مافی چـارەنـووس و سەربەخۆیی کوردستانیش درێژدەبووەوە و، هەر ئەو ئامانجە، بەپێی کەشوهەوای رامیاریی دەگۆڕدرا و دەگۆڕدرێ. بە کورتی؛ نەستراتیژێکی یەکتا هەبوو، نەهیچ جۆرە هاوئاهەنگییەک لە نێوانیاندا، کە ئێستەش نییە. لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، دوو گەلەکۆمە لە باشوور؛ «پارتی» و «یەکێتی» لە ئەنجامی ڕاپەڕینی مێژوویی بەهاری ١٩٩١و گەلڕەوی پاش ئـەوە و، هاوکات لەگەڵ هاتنەپێشەوەی هەلومەرجێکی نوێ لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، بوونە دەسەڵاتدار لە سێ ستاندا و، تا ئەورۆ کە ئەورۆیە، نەیانتوانیوە تاکە داخوازییەکی خەڵکی کوردستان جێبەجێبکەن:

نە حکوومەتێکی یەکگرتووی ناحیزبی و، نە لەشکرێکی یەکگرتووی ناحیزبی و، نە چارەسـەری کێشەی نـەوت و گاز و، نە ڕێکخستنی دۆزی پێشمەرگە و، نە گێڕانەوەی نێوچەدابڕاوەکان و، نە ڕێگرتن لە تاوانی ژنکوژی و، نە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و، نە بنبڕکردنی گەندەڵی و دەسـەڵاتـی بنەماڵەیی و خێڵەکێتی و نە چارەسەرکردنی هەڵئاوسانی نرخ و کەمکردنەوەی ڕێـژەی بێکاری و نە ئامادەکردنی ئەلفوبێی شارستانێتی بۆ خەڵک، وەک: ئاو و کارڤا و سووتەمەنی و یانەی لاوان و پێداویستەکانی تەندروستی و، نە خزمەتی زمانی کوردیی بێناز و، نە پاراستنی ئاسەوارە مێژووییەکانی کوردستان.

قەرەبووکردنەوەی خێزانی ئەنفالکراوان و شەهیدانی چەکی کیمیایی و کەمئەندامان و پاداشدانەوەی پێشمەرگە دێرینەکانیش لەلاوە هاوار دەکا، بەرچاوترین «بەرهەمی» ئەم دەسەلاتدارێتییە ئەوەیە گەلی هەرێمی؛ لە گەلێکی بەرهەمهێنەرەوە کـردووە بە گەلێکی مووچەخۆر و مشەخۆر. لە ئەنجامی ئەم بارودۆخە نالەبارەوە، ماوەیەکە ڕەوتێک لە باشووردا دروستبووە بە نێوی «گۆڕان»ەوە، کە لە پێشەوە، لەنێو «یەکێتی»دا پەیدابوو، داوای «چاکسازیی» (ریفۆرم)ی لەنێو «یەکێتی»دا دەکرد. شایەنی باسە، ئەز خۆم زۆر بەگومان بـووم لەو جۆرە «چاکسازیی»یە. ئەوەبوو، لە وتووێژێکدا لەگەڵ گۆڤاری «نێوەند» و هەروەها لە چەند وتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی «ڕۆژنامە»دا بڵاوکرانەوە «قسە هەزارە و یەکێکی بەکارە. کورد پێویستی بە گۆڕینی ژێرخانی پێکهاتە و ڕەوتی دەسەڵاتە» ژ (٣٠٤) ٢٠٠٨/٩/١٤ «هوردە بۆرژوای گەندەڵ و چڵێسی کورد و پەنجا ساڵ فشەکوردایەتی بێئەنجام (١٩٥٨ – ٢٠٠٨) ژ٣٢٣، ٢٠٠٨/١٠/١٤ لەوێدا نووسیبووم: «گۆڕینی پێکهاتەی دەسەلات لە بنەڕەتەوە تەنیا چارەسەری کێشەکانە»، گوتم: چاکسازیی لە سیستەمێکی سەرتاپێ گەندەڵدا ناکرێ و، دەبـێ لە بنچینەوە بگۆڕدرێ و، پاڵتۆکەی ئەکاکی ئەکاکیفیچم

> بەبێ بوونی دادوەری (قضاء)یەکی سەربەخۆو، مافخوازو نەترس، لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا دەزگەی ڕاگەیاندنی گشتیو کاربەدەستانی ناتوانن بە ئازادی کار بکەن و ئەرکی خۆیان بەجێبگەیەنن

لە چیرۆکەکەی نووسەری رووس گۆگۆڵ دا هانییەوە بە نموونە کە بەرگدرووەکە پێیگوتبوو، ئەمجارە پاڵتۆکەت پینە ناکرێ؛ چۆنکە جێی دەرزیلێدانی نەماوە و، دەبێ پاڵتۆیەکی نوێ بە دروونبدەیت. گۆڕینیش دەبێ لە بنچینەوەبێ و، لە بابەتەکەدا بێ، واتە؛ لە تەواوی سیستەمی بەڕێوەبەرێتیدا و، لە پێشەوە؛ بە گۆڕینی جۆری بیرکردنەوە و ڕێبازی هـزر و بۆچوون و هەڵوێست دەستپێبکا، ئەوجا گۆڕینی بابەتەکان لە رەگورپیشەوە. بیروبۆچوونێک کە جیاوازبێت لە بیروبۆچوون و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی حیزبە کوردییەکان و لاسایی و کۆپیی ئەم حیزبانە نەبێ. ڕاستییەکەی، هەر زوو هەستم بەوە کردبوو کە ئەم بێزاریدەربڕینەی گەنجەکان؛ سەرەتای سەرهەڵدانێکی بەپیتە و دەتوانێ ڕۆڵێک ببینێ لە شڵەقاندنی گۆمی مەنگی ڕامیاریی کوردستان و هیوایەک بداتەوە بە ناهومێدکراوەکان و، ئەوەبوو، وتارێکم بڵاوکردەوە لە «ڕۆژنامە»دا لەژێر نێوی: «کێشەی نەوشیروان و یەکێتی» یـان لێدانی تەپڵی نابووتی بۆ ڕژێمی گەندەڵی بنەماڵەیی و ملهوڕیی لە باشووری کوردستاندا ژ٤٤٩، ٢٠٠٩/٤/١٩، سەروبۆرم بۆ وشـەکـان کـرد. پـاش ئەمە، ڕێبازی «چاکسازیی» لە «یەکێتی» جیابووەوە و هێدی هێدی و لەسەرخۆ، خۆی کردە ڕێبازێکی سەربەخۆ. ئەمەش هەنگاوێکی ڕاست بوو.

جا، کە ئەورۆ ستراتیژێکی نەتەوەیی لە «نێو حیزبە کوردییەکاندا نییە»، بە بیروڕای من، ڕەوتـی «گـۆڕان» دەتوانێ ئازادیی خەڵکی کوردستان بکا بە یەکێک لە درۆشمە سەرەکییەکانی خـۆی، چۆنکە، ئـازادی لـە سەربەخۆیی گـەورەتـرە و، ساڵانێکیش لـەمـەوبـەر بـاسـی ئەمەم کردووە (بە تایبەتی لە نامیلکەی: هێندەک لە کێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم (چاپی یەکەم، سوێد ١٩٨٤، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠١) ڕاستییەکەی، کە مـرۆڤ ئـازاد بـوو، دەتـوانـێ بڕیاری سەربەخۆیی خۆی بدا، هەر کاتێک بیەوێ، بەڵام کە گەلێک سەربەخۆ بوو، مانای ئەوە نییە کە ئەو گەلە ئازادە. چۆنکە نەتەوەیەکی سەربەخۆ، مانای وانییە کە نەتەوەیەکی هاوئاهەنگە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بوونی چەند چینێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز لە نێو نەتەوەیەکدا دەبێتە هۆی دروستبوونی نەتەوەیەکی ناهاوئاهەنگ. مەبەستیشم لە «چین» لێرەدا هەر چینی ئابووری نییە، بە پێچەوانەی قسەی مارکسیستەکانەوە کە «چین» هـەر لە جیاوازیی ئابووریدا دەبینن، بەلای منەوە، جیاوازیی ڕۆشنبیریی (خوێندەواری زۆرزان و نەخوێندەواری کەمزان)و، جیاوازیی توخمی (ژنی بندەست و پیاوی کەڵەگا)و، جیاوازیی ڕەگەزیی و ئێتنی (گەلی دەوڵەتدار، گەلی بێدەوڵەت) و، جیاوازیی پلە و پایە (ئەفسەر و پۆلیس و فەرمانبەری حکوومەت و سادە خەڵکەکە) و، جیاوازیی ئایینی (ئاینی زۆرێتی و ئاینی کەمینە) و...هتد. ئەمانە هەموو دەبنە هۆی دروستبوونی چینی جیاواز جیاواز، کە لە ڕووی دەسەڵاتەوە جیاوازن. ناسنامەی چینیش هـەنـدازەی دەسەڵاتەکەیەتی و دەسەڵاتیش هەر یەک جۆر نییە. ئەورۆ لە کوردستاندا، بە تایبەتی لەوبەشەی باشووردا کە بە دەست «پارتی و یەکێتی» یەوە، چینی چاوبرسی و ژندوژمن و نانەتەوەیی و لەخۆبایی و وەک نیسک، بێ باری هوردە بۆرژوای دەسەڵاتدار، چ لە باری ئابووری و چ لە باری نەتەوەییەوە، لە ڕاستە خەڵکە هەژارەکە دووورکەوتووەتەوە، تاوایلێهاتووە، گەڕەکە هوردەبۆرژوانشینەکان، بە گەڕەکی فیرعەونەکان نێودەبرێن و دەسەڵاتدارانیش

بە بنکدار و دەڵاڵی کۆمپانیا ترکەکان و بیانییەکانی دیکە. ئەم بارودۆخە ناخۆشە، وای لە ڕاستە خەڵکەکە کـردووە کە لە کوردایەتی بێزار و ناهومێدببن. ئەمە لە کاتێکدا کە ئـەم حیزبە دەسـەڵاتـدارانـە کوردایەتییان نەکردووە، چۆنکە کوردایەتی مانای خزمەتکردنی کوردە بێ جیاوازیی و بێ خۆبەزلگرتن و؛ خەڵک بە بچووکگرتن و سووکایەتیپێکردن و نزمتێڕوانیان. بەڵام تۆ ناتوانیت داوای نیشتمانپەروەری لە کوردێکی برسی و رووت و بێکار و بێ دوارۆژ بکەیت، ئەگەر خۆت تێر و پۆشتە و مووچەخۆرێکی گـەورەی میریی بیت. هێندەک کەسانی داخلەدڵ و لایەنانی نەزان و سەرلێشێوایش هەن، گوناهی ئەم بێدادییە دەخەنە مل کوردایەتی و، بەوکردەوەیەیان، بیانەوێ و نەیانەوێ و، بزانن و نەزانن، تەنێ ڕووی خۆیان ڕەشدەکەن و خزمەت بە داگیرکەرانی کوردستان دەکـەن. ئەمە لە کاتێکدا کە کوردایەتی هیچ گوناهێکی نییە و، ئەمەی دەسـەڵاتـدارانـی کـورد دەیکەن مافی بە کوردایەتییەوە نییە، وەک چۆن ئەوەی ڕژێمی دیکتاتۆر و سەرمایەداری سۆڤێت، بەنێوی «پرۆلیتاریا» و «سۆسیالیزم»ەوە دەیکرد، هیچ پێوەندییەکی بە پرۆلیتاریا و سۆسیالیزمەوە نەبوو، بەڵام سەرمایەداران و دوژمـنـانـی سـۆسـیـالـیـزم بـیـانـوویـان دەستکەوتبوو، گاڵتەیان بە سۆسیالیزم دەکرد و، سۆسیالیزمیان تاوانبار دەکرد. ئەوجا، وەک چـۆن، بەڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆرێتیی سـۆڤـێـت و دوابـڕانـی فشەسۆسیالیزم، سۆسیالیزمی ڕاستینە کە بریتییە لە ئازادی و یەکسانیی مرۆڤ، وەک بیرێکی بێهاوتا و بەرز، نەڕووخاو ناڕووخێ و، سیستەمی سەرمایەداریی تێرنەخۆرە، کە ئەورۆ لە قەیراندایە، هەر ئاواش کوردایەتیی ڕاستینە و ڕەسەن نەڕووخاوە و ناڕووخێ، نە بە فشەکوردایەتیی دەسەڵاتدارانی کورد و، نە بە بوختان و جنێوی ئەوانەی کە تا دوێنێ بوو، زوڕناژەنی ڕژێمی تاوانباری سۆڤێت و چین بوون. ئێستەش هێندێکیان بوونەتە زوڕناژەنی پارتی و هێندێکیشیان کە ملوێنێری سەردەمی بەعس بوون، بوونە ملیاردێری سەردەمی پارتی و یەکێتی. لەبەر ئـەوە، لەسەر ڕەوتـی «گۆڕین» پێویستە ئـەم فشە کوردایـەتـیـیـەی دەسەڵاتدارانی کورد و، ئەو بڕوبیانووەی نیازخراپان بە نەحلەت و پەند بکا و بیزڕێنێ و، خۆی بکاتە خاوەنی کوردایەتی؛ بە شێوەی ڕاستینەی، بە گرتنەبەری ڕێبازێکی نەتەوەیی و، بە پێداگرتن لەسەر گێڕانەوەی بستەبستی نێوچە دابڕاو و داگیرکراوەکانی باشووری کوردستان، کە بەشێکی گەورەی تاوانی نەگەڕانەوەیان، دەکەوێتە سەر ئەستۆی فشە کوردایەتیی حیزبە بەنێو «کوردستـانـیـیـەکـان». هـەروەهـا بە پشتگیرییکردنی مافی تـەواوی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا. ڕەوتی گۆڕین دەبێ ئـامـادەکـاری بکا بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە شـاری سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٠دا؛ بە بەشداریی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و هەموو حیزب و کۆمەڵە و ڕێباز و کەسایەتییەکان و نوێنەرانی چینەکان و خاوەن پیشەکان و بەشدارییەکی بەرچاوی ژنانی ڕۆشنبیر و بەکرێنەگیراو. شانبەشانی ئەمەش، دەبێ ڕەوتی گۆڕین؛ یەکسانیی کۆمەڵایەتی بکاتە درۆشمێکی دیکەی خۆی، ئەمەش بە مانای هەوڵدان بۆ نەهێشتنی زۆرداریـــی چینایەتی، یـان هیچ نەبێ کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی، بە پشتگیریی چینە بەشخوراوەکان، ئەمەش نەتەنێ بە قسە و نووسینی سەر کاخەز، بەڵکو بـە کـــردەوە، لـە ڕێــی هێنانی

داخوازییەکانی بەشخوراوان و زۆرلێکراوانەوە، لە ڕۆژنامە و پەرتۆکەکان و پەرلەمانەوە بۆ سەرشەقامەکانی کوردستان و دەرەوە و، پەنابردنە بەر هەموو جۆرە دەستاوێژێکی جەماوەریی ڕەوا، وەک خۆپێشاندان و مانگرتن و واژۆکۆکردنەوە و ئاگادارکردنی سازمانە نیونەتەوەییەکان و پەرلەمانی ئـەورووپـا، بـەڵام بە شێوەیەکی ئـارام و ئاشتیخوازانە. تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتداران؛ دەست بۆ بەکارهێنانی زۆر و دەستدرێژیش ببەن، دەبێ خۆڕاگری و ئارامی بپارێزرێ. لەم ڕووەشەوە ڕۆشنکاریی ئازادیخوازانە و دێمۆکراتانە، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ، بە تایبەتی ڕۆشنکاری لە نێو گەنجەکاندا، کچان و کوڕان بێ جیاوازیی. لێرەدا کە دەبێژم کچان و کوڕانی گەنج، لەبەر ئەوەیە کە گەنجان پتر لە هەموو دەستەیەکی دی نێو کۆمەڵگە، بەرژەوەندیی و دەستکەوتیان لە گۆڕینی بارودۆخی گەندەڵی کۆمەڵگەدا هـەیـە، چۆنکە مـاوەیـەکـی درێـژتـریـان لەبەردەمدایە لە پیران و، بەوپێیە، هیوا و ئاوات و خەونەکانیان کوورتر و زۆرترە وەک لەوانی دی. ئەمە بێجگە لەوەی کە ڕەوتی گۆڕین، دەبێ مافی ئازادی و یەکسانیی ژنان بکاتە سەردەستەی داخوازییەکانی خۆی. ئەوەش بەس نییە لەم ڕووەوە سەرۆکی فراکسیۆنەکەی ژنێک بێ و، دەنـگ لە پەرلەماندا بەرز بکاتەوە بۆ دانانی ئەو قانوونانەی کە مافی ژنان لە سەر کاخەز دەپـارێـزن، بەڵکو بـە کـردەوە داوای خستنەکاریان بکا و، داوای سزادانی قورسی ئەو ڕووڕەشانە بکا کە ژندوژمنی و ژنکوژییان کـردووە بە پیشەی گـڵاوی خۆیان، ژن دەکوژن و دەبڕن، بە نێوی پارێزگاری لە نامووس، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خۆیان ناموسیان نییە، بۆیە پارێزگاری ئەوەی ئـەوان نییانە و بە نامووسی دەزانـن، لە لەشی کەسێکی دیکەدا دەیدۆزنەوە. ئەم تاوانبارانە، نابێ وەک بەرزەکی بانان بۆی دەربـچـن. پێویستە کۆمەڵگە سـزای سەختییان بدات، بە قسەنەکردن لەگەڵیان، بـە شـت نەکڕین لێیان، بـە شتومەک پێنەفرۆشتنیان، بـە لێسەندنەوەی منداڵەکانیان، ئەگەر منداڵیان هەبوو. ئەمەش بەس نییە، دەبێ وتووێژێکی ئاشکرا و بابەتانە و بێ سڵەمینەوە لە بارەی ڕۆمەت (شەرەف) و ئاوڕوو و، نامووس و نەرێت و شـەرم و شـکـۆوە بـکـرێ، پێناسەیەکی مرۆڤدۆستانە و، تێگەیەکی زانستانە دەستنیشان بکرێ بۆیان و بکرێتە ماکی پـــەروەردەی مـنـداڵان لـە نـێـو مـاڵ و قوتابخانەکاندا. ئـەوەش لەبیرنەچێ کە ڕۆمەت (شەرەف)و (وشەی « شەرەف» لە « شەرم» ی کوردییەوە وەرگیراوە )و ئاوڕوو و نامووس لە ئازادی جیاناکرێنەوە، واتە؛ مرۆڤی ئـازاد خـاوەنـڕۆمـەت و ئـاوڕوو و ناموسە، نەک مرۆڤی دیل. بێجگە لەمەش، پێویستە پشتگیریی ژنانی ڕۆشنبیری چاونەترسی خەباتکار بکرێ، چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستان بۆ دانانی بەرنامەیەکی پتەو و فرەئالی لەلایەن ژنانی ئازادیخواز خۆیانەوە بۆ هەموو کۆمەڵگە، نەک هەر بۆ ئـەوەی نێویاننناوە «مافی ژنان». ژنان کەمایەتییەکی پیشەیی نین، تاکو مافی تایبەتییان پێبدرێ لە کۆمەڵگەدا. ژنان ئارەبانە لێخوڕ نین، شوێنێکیان بۆ تەرخانبکرێ ئەسپەکانی لێڕابگرن - ژنان کۆمەڵگەکە خۆین و، ئـەو بەرنامەیەی ژنانیش دەبێ هەموو کۆمەڵگە بگرێتەوە، نەک هەر ژنان خۆیان، بەڵام ئەمجارە دەبێ لە باری سەرنجی ژنان و ژنێتییەوە بێ. نەک لە باری بەرژەوەندیی پیاوان و پیاوەتی و باری سەرنجی حیزبەکان و ئەو ژنانەوە کە ماستاوکەرانی حیزبەکانن. شایەنی باسە،

Iraq –Kurdistan
Parliament
Kurdistan - hawler
CHANGE FRAKTION



پەرلەمانی کوردستان – عێراق
کوردستان - هەولێر
فراکسیۆنی گۆڕان

پاشکۆیەکی تایبەتە بە پرۆژەکانی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان
ژمــارە (٥٥٩) سێشەممە ٢٠٠٩/١٢/٨

# گۆڕان (٩) پڕۆژەیاسا لەبەرژەوەندیی هاوڵاتییان ئامادەدەکات

- پڕۆژەی بڕیاری چاککردنی مووچەی هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش‌و هێزەکانی پێشمەرگە

- پڕۆژەیاسای پێشخستن و بووژاندنەوەی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان

- پڕۆژەیاسای گرنگیدان بە گەنجان لە هەرێمی کوردستان

- یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای ژمارە (٩) ساڵی (٢٠٠٧)ی ماف‌و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق

- پڕۆژەی بڕیاری جێبەجێکردنی یاسای ٢٠٠٦/٤ پەرلەمانی عێراق

- پڕۆژەیاسای گرینگیدان بە کەمئەندامان‌و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان

- پڕۆژەی بڕیاری بە خاوەنکردنی خانوە بێ تۆمارەکان

- پڕۆژەیاسای گۆڕانکاریی لە یاسای ژەمارە (٩) ساڵی (٢٠٠٨) یاسای بەکرێدانی خانووبەرە

- پڕۆژە بڕیاری تایبەت بە کوردانی کۆچکردوو بۆ ئەوروپا

# رەوتی گۆڕین، دەبێ مافی ئازادی و یەکسانیی ژنان بکاتە سەردەستەی داخوازییەکانی خۆی

<<< لێرەدا حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە عەرەب و ترک و فارس نەبوون کە کوردستانیان داگیر کرد و دابەشکرد، بەڵکو ئەوروپاییەکان و یەکێتیی سۆڤێت بوون کە کوردستانیان داگیر کرد و بە بەرتیل دایان بە عەرەب و ترک و فارس و دەوڵەتیان دروستکرد بۆیان ـ ئێستەش هەر ئەم ئەوروپاییانە و ئەمریکان کە ئەم بارودۆخەیان راگرتووە. خۆ ئەگەر ئەم دەوڵەتانە بیانەوێ کوردستان سەربەخۆبێ، لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانن ئەوە بکەن. کرواتیا و کۆسۆڤۆ و ئەفخازیا و ئۆسێتی باشوور، لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا کران بە دەوڵەت. دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەلای ئەم دەوڵەتانە نییە، بەڵکو بە پێی بەرژەوەندیی ستراتیژیی و دەستکەوتی ئابووریی خۆیان هەڤاڵبەندێتیی کورتخایەن، یان درێژخایەن دەبەستن. هەر لە سەرەتای سەتەی نۆزدەوە پێیانوابووە کە کورد ناتوانن بەرژەوەندییە بنچینەییەکانیان دابین بکەن. کوردیش لە باتی ئەوەی لەم بارودۆخە بگەن و لە دەرفەتەکان سوودوەربگرن، ویستوویانە ئەم دەوڵەتانە بکەنە دۆستی خۆیان، کە دیارە دۆستایەتی لە رامیاریدا نییە و یەک لایەنەش نابێ، دۆستایەتی، بە گوڵبارانکردن و پەردەپڵاودەرخواردان دروستنابێ، بۆیە هەموو کاتێک کورد بوونەتە قوربانیی ئەم سەردەرنەکردنە لە هەڵسوکەوتدا لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە. هەڵوێستی پارتی و یەکێتی بەرامبەر ئەمریکا، پێش و پاش هەرەسهێنانی عێراق و، لەوەپێشیش بەرامبەر سۆڤێت، کورتبینیی سەرکردەکانی ئەم دوو «حیزبە» بەباشی دەخاتەڕوو. هەر زوو بە سەرکردەکانی ئەم حیزبانەم راگەیاند کە ئەمریکا لەبەر خاتری کورد نییە «نەوای ئارام»ی راگرتووە و، سەرەڕای ئەوەی پارتی لەشکری سەددامی هێناوەتە هەولێرەوە کەچی چاوی لێپۆشیوە و، پێشمرگەیاندن کە ئەمریکا لەبەر خاتری کورد سەددامی نەڕووخاندووە. ئەوساکە دەیانگوت: جارێ بابوەستین ئەگەر سیاسەت گۆڕا «خوا کەریمە» ئێستەش کەوتوونەتە کڕووزانەوە و دەبێژن: «ئەمریکا سیاسەتی بەرامبەر کورد گۆڕیوە». نەخێر قوربان؛ ئەمریکا سیاسەتی بەرامبەر کورد نەگۆڕیوە. ئێوەن لە سیاسەت نەگەیشتوون. کوا پەیماننامەتان بە مۆر و واژۆوە لەگەڵ ئەمریکا؟ بۆچی کە ئەمریکا رۆژی لێکرابوو بە شەو و، مالیکی گەڕەکێکی بەغدای بەدەستەوە نەبوو، ئێوە نەکەوتنە کار و دەرفەتتان لەدەستدا؟ (هەر لە خەمی١٧٪کەدابوون) ئێستەش دەتانەوێ ئەمریکا عێراق بەجێنەهێڵێ، کە مانەوەی ئەمریکا لە عێراق هەر بۆ بەهێزکردنی عێراق و رژێمی ترک و بیهێزکردنی کوردە. خۆ ئەگەر ئەمریکا عێراق بەجێبهێڵێ بە زیانی کورد نابێ، عێراق لەباڵیەک هەڵدەوەشێتەوە. بێجگەلەوەش، ئەوەتا ئەمریکا یەک وشەی لەدەم بەرنابێتەوە لە دژی بۆمبارانکردنی باشووری کوردستان لەلایەن رژێمی ئێران و ترکەوە.

بە بڕوای من بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیش کە کارێکی ناچارییە، پێویستە رەوتی گۆڕین سۆربی لەسەر سیستەمی کراوەی دوودەنگی، واتە دەنگدەر مافی ئەوەی هەبێ دوو دەنگ بدات (دەنگێک بە لیستەکە) و دەنگێکی دی بە کەسێک کە بەدڵێتی، یان هەر یەک دەنگ بدا بە ئارەزوی خۆی، وەک لە ئەڵمانیا پێڕەوی دەکرێ - بەڕاستی، بێ بەشداریکردنی تەواوی ئەو کوردانەی لە دەرەوە دەژین و مافی دەنگدانیان هەیە بۆ هەڵبژاردنی عێراق، ئەو هەڵبژاردنە ناتوانرێ بە هەڵبژاردنێکی تەواو دابنرێ. گەلێک لێکۆڵینەوە ئەوە دەردەخەن کە ئەو کوردانەی سەر بەرەوتی گۆڕینن زۆربەی زۆری دەنگەکان دەبەنەوە. خۆئەگەر کوردی دەرەوە بێبەشکران، ئەوا پێویستە رەوتی گۆڕین خۆپارێزی «تحفظ»خۆی لەو بارەیەوە بدا بە کۆمەڵەی مافی مرۆڤ و کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان.

بەملوێن بێگانەش هێنراونەتە نێوەڕاست و خوارووی عێراق و ناسنامە دروستکراوە بۆیان. بەم ساختەکارییەش ژمارە و دەنگی کورد بەتەواویی دادەبەزێ. پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنیش، پێموایە رەوتی گۆڕین هیچ هەڤاڵبەندێتییەک لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان یان حیزبە عیراقییەکان نەکا باشە. هەر کاتێک رەوتی گۆڕین نوێنەری کارزان و شارەزای خۆی ناردە پەرلەمانی عێراق، ئەو دەمە دەتوانرێ لەگەڵ هەموو لایەک بە هێمنی دانوستاندن بکرێ و، ئەوجا بەپێی نێزیکی هەڵوێستی حیزب و رستە حیزبییەکانی نێو پەرلەمان بەرامبەر کێشە نەتەوەییەکانی کوردستان، دەکرێ هەڤاڵبەندێتییەکی کاتی و هەرجارە بۆ کارێکی تایبەتی پێکبهێنرێ. هەموو هەڤاڵبەندێتییەکی پێشەکی، درێژخایەن، زیانە. لە رامیاریدا دۆستایەتی و دوژمنایەتی نییە، بەڵکو بەرژەوەندی هەیە و بەس و، بەرژەوەندیش هەردەم لە گۆڕاندایە. ئەوەش دەزانرێ کە هەموو حیزب و رستە حیزبییەکانی عێراق، دژ بە مافە بنچینەییەکانی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستانن و، رەوتی گۆڕینیش نابێ دەست لە بستێکی خاکی کوردستان هەڵبگرێ و، دەبێ ئەو دروشمە بێنێتەدی، کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا دەگوترا: «یان کەرکوک و خانەقین، یان تا ماوین دەجەنگین». ئەوە هەیە خاکی کوردستان لە سنوورەکانی مووسڵ و دیالە و کووت وسەلاحەدین و عەمارەش دا نابێ لەبیر بچنەوە، لەگەڵ داخوازیی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی بەغدا (باگاداتا)کە لەباری مێژووییەوە خاکی عەرەب نەبووە، عەرەبەکان داگیریان کردووە.

باسێکی گرنگی دیکەش هەیە کە دەبێ وتووێژبکرێ لەسەری، ئەوەش ئەمەیە کە حیزبەکانی کوردستان، پاش ئەوەی سالانی ساڵ بە چەک لەیەکدی بەربوون و هەزارانیان لە یەکدی کوشت و، ئەو دەرفەتە مەزنەی کە جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران و، پاش ئەوەش، شکانی لەشکری سەددام لە کوێت و، دامەزراندنی نەوای ئارام و،

> ئەرکێکی دیکەی سەرشانی رەوتی گۆڕین ئەوەیە کە سەربەخۆیی تەواوی خۆی لە نێوان باوەڕداراندا بە ئاینەکان رابگرێ

هەرەسهێنانی دەوڵەتی عێراق، هێنایانە پێشەوە بۆ کورد، کەچی بە گەمژەیەتی و دەستەوستانی و چاوچنۆکی و پارەپەرستی و ناشییێتی خۆیان و خۆبەستنەوەیان بە داگیرکەرانەوە، لە دەستی نەتەوەی کوردیان دا و، سەردمێک بوو دەیانگوت ،،ئەوی لە شاخ نەبووبێ، مافی قسەکردنی نییە،،. کەچی ئێستە قسە وباسیان هاتووەتە سەر ئەوەی «باوی چەک نەماوە و، باوی دیالۆگە». هەی لەبەرتانمرم هەزار ویەک جار. دەفەرموون دەی. دەبا ئەو حیزبانەی ئەو قسانە دەکەن، جارێ بچن چەکدارەکانی خۆیان هەڵبوەشێننەوە و، رێبدەن لەشکرێکی کوردستانیی سەربەخۆ و ناحیزبی و، پۆلیس و ئاسایشێکی سەربەخۆ و ناحیزبی دروست ببێ، ئەوجا ئەو قسانە بکەن. پاشان ئەگەر ئەم کوردە کوڵۆڵە؛ چەکی فڕێدا؛ بێ هیچ گەرەنتییەکی نێونەتەوەیی، ئەنجامەکەی چ دەبێ؟ ئەوەتا لەشکرە داگیرکەرەکانی کوردستان، رۆژ لە دوای رۆژ، بە پشتیوانیی دەوڵەتە گەورەکان، بە تایبەتی ئەمریکا و ئەورووپا و رووسیا و چین، چەکی قڕکەریان پتردەبێ و تەنانەت بە دوای دەستخستنی چەکی ئەتۆمیشدا ئاودالن، ئایا ئەمانە ئامادەن دۆزی کوردی بێ چەک و بێ پشتیوان لەڕێی خوادا چارەسەر بکەن؟ دیارە چەکداماڵین بیرێکی زۆر بەرز و پیرۆزە و، پێویستە بە کولودڵەوە هەوڵبدرێ بۆی، بەڵام ئەم چەکداماڵینە دەبێ لە هەموو لایەکەوەبێ، واتە؛ لە لایەن کوردیش و دژبەرەکانیشییەوە و بە تەواویی و لە یەک کاتدا و، دەستبەجێ دەستکردن بە وتوویژ و هەڤپەیڤین لەگەڵ یەک و دادنان بەبوونی یەکدیدا و راگرتنی هەموو جۆرە زەوروزۆنگ و تۆڵە سەندنەوە و توندوتیژی و تۆقاندنێک. بەڵام ئایا ئەمە رووەدا؟ ئەزموونی ئەم جیهانە ئەوەیان ساخکردووەتەوە؛ ئەو لایەنەی هێزی چەکداریی هەیە، لە کاتی وتووێژدا دەنگی دلێرترە لە لایەنەکەی دی. مەگەر ئەوەی هەردوو لایان باوەڕیان بە ئازادیی هەبێ و ئەو دەمە وتووێژ پێویست نییە، وەک جیابوونەوەی چیک و سلۆڤاک لەیەک؛ بێ ئەوەی خوێن لە لووتی یەک کەس بێ.

باسێکی دیکە کە پێویستە وتووێژبکرێ لەسەری ئەوەیە پاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم، ئەوە بوو لیستی گۆڕان نەیتوانی زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمان وەدەستبهێنێ و، بە تەنێ حکومەت پێکبهێنێ، تاکو بتوانێ هەرێم بە تەنێ ببا بەڕێوە. لە بەر ئەوە، خەڵکەکە ناتوانن چاوەڕوانی بەجێهێنانی ئەو بەڵێنانە بکەن لێی، کە پێش هەڵبژاردن دابووی، چۆنکە ئەو بەڵێنانە پێوەند بوون بە بردنەوەی زۆربەی دەنگەکانەوە .بەڵام ئێستە دەتوانرێ بەرنامەیەکی نوێ لەبەر رۆشنایی ئەم باسەی سەرەوەدا بخرێتە سەرپێ. نابێ بگوترێ: هەرهێندەمان لە دەست دێ و لەوە پترمان پێناکرێ - رەوتی گۆڕین نابێ هەر چاوەڕوانی کار و چالاکیی تاکە کەسێک، یان یەک دەستە بێ و بەدوای پەرجۆ «معجزة» یەکدا بگەڕێ کە لەو کەسە، یان لەو دەستەیە دیارییدا و، ئەگەر دەستبەجێ ئاواتەکانی نەهاتنە دی، پشتی ساردبێتەوە و دیشکەم بکا لێی. گۆڕین پرۆسەیەکی دوورودرێژە و، سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەش بەستراوە بە تێکۆشینی گەرموگوڕ و نەپساوی هەموو دڵسۆزێکی کوردستان و پشتگیریی مافخوازانی نێونەتەوەیی و، هەموو هاوڕێ و دۆستێکی نەتەوەی کورد لە جیهاندا. بۆ سەرکەوتنیش، سەندیکایەکی سەربەخۆ و، دەزگەیەکی راگەیاندنی سەربەخۆ پێویستە کە لە رۆژنامەوانانی بەجەرگ و راستگۆ و پیشەزان پێکهاتبێ. دابینکردنی ژیانی رۆژانە بۆ رۆژنامەوانان و پاراستنیشیان لە دەستدرێژیکەران، مەرجە بۆ رەوشی تەندروستیی کارەکەیان. هەتا رۆژنامەوانان نەتوانن لە باری داراییەوە سەربەخۆبن و، چاوەڕوانی دەستی ئەم و ئەو بن، ناتوانن ئەرکی رۆژنامەوانی سەربەرزانە ببەنە سەر، نە لەسەر کاخەز و نە بە دەنگ و نە بە رەنگ. بۆ ئەمەش دامەزراندنی وەقفێکی تایبەت بە خزمەتکردنی رۆژنامەوانیی ئازاد زۆر پێویستە . لێرەدا دەبێ جیاوازیی دابنرێ لە نێوان چاپنامە (رۆژنامە و هەفتەنامە و کاتنامە و گۆڤار)یەک کە دەنگی حیزب و زمانحاڵی ئیدۆلۆژییەکی رامیاری یان ئایینیە و، چاپنامەیەک کە بۆ بازرگانییە و، چاپنامەیەک کە سەربەخۆ و بابەتنووسە. هەرچی چاپنامەی حیزبی و ئیدۆلۆژییە، ئەوە خزمەتی رێبازێکی تایبەتی دەکا و، لەسەر ئەو رێبازە دەکاتەوە، چاپنامەی بازرگانیش، هەر چاوی لە پارەیە و خواخوای دەنگوباسێکە کە ببێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی خوێنەرەوە و، فرەژمارەیی فرۆشی کاڵاکەی، ئەوجا ئەو هەواڵە درۆیە، یان راستە، ئەوە گرنگ نییە بە لایەوە، هەر لەبەر ئەوەشە، زۆرجار دەبینین باسێک سەردێڕەکەی سەرنجڕاکێشە بە هۆی هەواڵێکەوە، کە دەچێتە سەر نێوەرۆکی باسەکە، دەبینی جۆرەکی دییە. یان دەبینین وتارێک، بە دڵی لایەنێک و لە دژی لایەنێکی دی بڵاو دەکاتەوە و دەنوسێ: شارەزایان دەبێژن... هتد، یان: ئاگاداران بڕوایان ئەوەیە، یان کاربەدەستێک کە نەیویست نێویبهێنرێ گوتی...هتد. ئەوجا ئەو شارەزا و ئاگادارانە کێن؟ ئەو کاربەدەستە مستەر X کێیە، بۆ پەیداکردنیان دەبێ لە دەخیلەی سەرنووسەری ئەو چاپنامەیەدا بگەڕێیت بۆیان.

بۆ پشتگیریکردنی رۆژنامەوانی سەربەخۆ و ئازا و بابەتنووس، نەک هەر دابینکردنی ژیانی رۆژانە و پاراستنیان لە دەستدرێژی پێویستە، بەڵکو بوونی دادوەرییەکی سەربەخۆ و مافناس و بوێر کە بتوانێ بڕیارەکانی بخاتە گۆڕەپانی جێبەجێکردنەوە مەرجە، بەڵام تەنێ لە کۆمەڵگەیەکی دیمۆکراتیدا ئەو مەرجە دێتە دی. لەبەر ئەوە دەبێ هەوڵدان بۆ ئەوە بێ کە دەزگەی حکوومەت لە دەسەڵات و فەرمانی حیزب و، تەنانەت ئەو حیزبانەی کە لە حکوومەتیشدا بەشدارن، جیابکرێتەوە. بەبێ بوونی دادوەری (قضاء)یەکی سەربەخۆ و، مافخواز ونەترس، لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا دەزگەی راگەیاندنی گشتی و کاربەدەستانی ناتوانن بە ئازادی کار بکەن و ئەرکی خۆیان بەجێبگەیەنن. بۆ گەییشتن بەم ئامانجە؛ دەبێ رەوتی گۆڕین بە هەموو هەوڵ و توانست و وزەیەکی پەرلەمانتارەکانی وهێزی سەر شەقامەکان، هەوڵبدا بۆ دانوستاندن لەگەڵ پەرلەمانتارەکانی حیزبەکانی دی و دابینیانبکا بۆ خستنەکاری پەرلەمانێکی دیمۆکراتی؛ ئەمەش وەنەبێ هەروا هاسانبێ، چۆنکە تا هێزی چەکدار و سەرمایەی دارایی هەرێم بەدەست کاربەدەستانی دوو حیزبەوە بێ، گوێگرتن لە بڕیارەکانی پەرلەمان زەحمەتە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەسەر پەرلەمانتارانی سەر بە لیستی گۆڕان پێویستە بە پێشنیاز و بەرنامەی تاووتوێکراو، پەرلەمان بخەنە چالاکی و دژبەرەکان بخەنە تەنگاوییەوە.

دیمۆکراتی مانای ئەوە نییە کە تەنێ حیزبی زۆرینە مافی بەرکەوتنی پارە و پۆستی حکوومەتی هەیە. ئەو حیزبانەی کە ژمارەی پەرلەمنتاریان لە پەرلەماندا کەمترە لە حیزبە زۆرینەکان، بە پێی ژمارەی خۆیان مافی وەرگرتنی پارە و پۆستیان هەیە بۆ حیزبەکانیان. لە هەر گوندێکیشدا، یان شارێکدا، یان گەڕەکێکدا کە ئەو حیزبە لە هەڵبژاردندا بردییەوە، دانانی سەرۆکی ستان و سەرۆکی شارەوانی و کاربەدەستان بە دەست ئەو حیزبەیە، هەروەها ئەو داراییانەی کە بۆ پرۆژەکان تەرخاندەکرێن، بە دەست لیژنەی گوند و شارەکانە و پێتەخت دەبێ رازیبێ بەوە.

خاڵێکی زۆر گرنگ ماوە کە لێرەدا شایەنی باسکردن بێ و، بە داخەوە لەلایەن جەماوەری ناحیزبی و لە نێو حیزبە کوردییەکانیشدا خراوەتە پشت گوێ.ئەوەش سەرەتای لێپرسینەوەیە، بە تایبەتی لێپرسینەوە لە دەستدرێژی و تاوان و خۆسەپاندنی ناڕەوا، بۆ وێنە: دەبینین چەند کەسێک لە پڕ کۆمەڵێک دروستدەکەن و بێ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نێوەوە و دەرەوە، خۆیان دەکەن بە دەمڕاستی کورد و، دەستدەدەنە چەک و ماوەیەک دەکەونە بەیەکدادان لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتێکی داگیرکەری کوردستان و، بەنێوی چەند داخوازییەکەوە بۆ کورد و، لەو پێناوەدا گەلێک کەس دەکوژرێن یان دەربەدەربن و گەلێک شوێن وێراندەبن. ئەوجا لەپڕ و بێ هیچ جۆرە دەسکەوتێک، وازدەهێنن، یان دەبنە چەند دەستەیەکی دژ بە یەک و، دەکەونە جنێودان بە یەک و، بە زۆریی، لەلایەن داگیرکەرێکی دیکەی کوردستانەوە بەکاردەهێنرێن. هیچ لایەنێکیش نییە بیانخاتە بەردەم پرسیار و وەرام. یان دەبینیت حیزبێک ساڵانی ساڵ بە چەک لە شەڕدایە لەگەڵ داگیرکەرێکی کوردستان و دروشمێکی گەورەی هەڵگرتووە و هەزاران کەس لەو پێناوەدا گیانیان لەدەستداوە و، زیانێکی زۆر لە کورد کەوتووە، ئەوجا لەپڕ بایداوەتەوە و دەبێژێ ئەو دروشمە «هەڵە»بووە. بەرپرسیاریش لەم هەموو قوربانییە و لەو «هەڵە»یە کێ بووە، دیار نییە. یان دەبینیت، دوو حیزب، یان چەند حیزبێک ساڵانی ساڵ کوردکوژییان کردووە و نێویانناوە» شەڕی براکوژی» و ئەوجا، بە زۆری دەوڵەتێکی زل، ئەوەش بۆ بەرژەوەندیی خۆی، وازیان لە شەڕ هێناوە، کە ئەمەش شتێکی زۆر باشە، بەڵام هیچ لایەکیان بەرپرسیارێتی ئەو هەموو قوربانییەی نەگرتووەتە ئەستۆ. یان دەبینیت دەستەیەک کورد لە کاتی ئەنفالەکەدا هاوکاری رژێمی بەعس بوون لە تەفروتووناکردنی کورد و گەلکوژی لەکورد و پاش ئەوەی «نەوای ئارام» دروستبووە، نەک هەر نەدراون بە دادگە، بەڵکو هێندێکیان پلەو پایەشیان پێدراوە. یان دەبینیت هێندەک لایەن هەن، کەوتوونەتە پاڕانەوە و بەرگریکردن بۆ کەسانێکی وەک «نزار خەزرەجی و وەفیق سامەڕایی و سوڵتان هاشم» کە دەستیان هەبووە لە تاوانکردندا بەرامبەر کورد. یان کەسانێک هۆکاری بەرەڵاکردنی تاوانباران بوون وەک تاریق رەمەزان، یان کەسانێک هەن ساڵانی ساڵ ئەندامی پەرلەمانی عێراقن بە نێوی کوردەوە، کەچی یەک وشەیان لەدەم نەهاتووەتەدەرێ بۆ کورد و پارەی خۆشیان وەرگرتووە و، گەلێک دەرفەتی گونجاویان لەدەست کورد داوە. یان کەسانێک هەن کە لە سەردەمی بەعسدا بازرگانێکی گچکەبوون، ئێستە گاڵتە بە ملوێن دەکەن. یان کوردستان کراوە بە دۆزەخی ژنان. لیستەکە مخابن دوورودرێژە، بەڵام لە نێو کورددا لێپرسینەوە نییە. پێویستە قسە و قسەڵۆکی پاشەملە بکەینە لێپرسینەوەی رووبەڕوو و قانوونی. ئەز کە پشتگیریی بوونی لێپرسینەوەیەکی دادپەروەرانە دەکەم، مەبەستم تۆڵەسەندنەوە نییە. ئەز زۆر دژی سزای مەرگ و ئازاردانی لەش و نانبڕینم، بە تایبەتی نانبڕینی ماڵ و منداڵی تاوانباران. بەڵام ناکرێ کەسێک کە ژیانی لە پێناوی رزگاریی کوردستاندا بەختکردووە، منداڵەکانی برسی و رەشورووت و ئاوارەبن و، کەسێکیش کە ئەنفالی لە کورد کردووە، کاربەدەست بێ و، فەرمان بەسەر منداڵانی شەهید و پەککەوتەکانی چەکی کیمیاییدا بکا. هەروەها نابێ رێ بە کۆلکەمەلایەک بدرێ دوانگەی مزگەوتێک بکاتە شوێنی هاندانی مێشکنەخۆشان دژی ژنانی ئازا و رۆشنبیر. ئایا ئەمە بێویژدانی نییە؟ رەوتی گۆڕین پێویستە بەشێنەیی و ژیرانە، دادخوازینامەیەک بە ژمارە و بەڵگە و گۆڤان (شایەت)ەوە بهێنێتە پەرلەمانی کوردستان و داوای دامەزراندنی دادگەیەکی سەربەخۆ و تایبەت بە کێشەی ئەم بێدادییە بکا و لەبەر رۆناکایی بڕیارەکانی دادگە، قەرەبووی زیانلێکەوتووان بکرێتەوە و؛ تاوانبارانیش، پاش بڕیاری دادگە، داوای لێبوردن لە نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان بکەن، کە بێگومانم نەتەوەی کورد دڵی گەورە و بەسۆزە و دەزانێ بە کوشتنی هەزاران تاوانبار؛ یەک تاوانلێکراو زیندوو نابێتەوە. خۆ ئەگەر ئەو دادگەیەش دروست نەبوو، ئەوا دەکرێ دادگەیەکی سێبەر پێکبهێنرێ لە چەند قانوونناس و پارێزەر و دۆزگری گشتی و کەسانێک، ئامادەبن رۆڵی تۆمەتبارکراو بگێڕن، ئەگەر کەسی تۆمەتبارکراو خۆی نەهاتە بەر ئەو دادگەیە، زیانلێکەوتووانیش، بە خۆیان و بەڵگە و گۆڤانەکانیانەوە، ئامادەبن و، دادگەییکردن بە ئاشکرابێ. گۆڤانەکان دەبێ گۆڤانی راستینە بن. بە دڵنیاییەوە تۆمارکردنی دەربڕینی گۆڤانەکان و سکاڵانامەی لێقەوماوان و زۆرلێکراوان، مێژووی رامیاریی کورد، فرە دەوڵەمەند دەکا و گەلێک نهێنی ئاشکرا دەبن.

لە کۆتایی ئەم قسانەدا سوپاسی گوێگرتنتان دەکەم و داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر سەرتانم ئێشاندبێ، هیوای منیش ئەوەیە هەر کوردێکی ئەورووپا؛ زمانی ئەو وڵاتە بە باشی فێرببێ کە تێیدادەژی و منداڵەکانیشی بە زمانی کوردی و خۆشەویستیی کوردستان پەروەردە بکا و هەوڵبدا پیشەیەک فێرببێ و خۆی لە کۆمەڵگەی ئەورووپایی دوورنەخاتەوە، بەڵکو کار بکاتە سەری بە بەشداریکردن تێیدا بەنیازی خێرخوازیی. دڵنیابن ئەگەر کۆڵ نەدەن رۆژێک دێ خەڵکی کوردستان بە ئازادی و یەکسانی لە ژێر ئاڵای رەنگینی کوردستاندا بژین. دیارە ئەز ئەو رۆژە بە چاوی خۆم نابینم، بەڵام دڵم خۆشە، چۆنکە دەزانم گەلێک لە ئێوە ئەو رۆژە خۆشە دەبینن کە دروشمی دێرینی «یان کوردستان، یان نەمان» دەبێتە «هەم کوردستان، هەم ژیان».

هەر بژین بە سەربەرزیی و هەر بژی کوردستان، پاشماوەی خاکی ماد و ساسان.




# پرۆژەی بڕیاری چاككردنی مۆچەی هێزەكانی پۆلیس و ئاسایش و هێزەكانی پێشمەرگە

١–لەپێناو چاككردنی بژێویی ژیانی پۆلیس و ئاسایش و هێزی پێشمەرگە، بڕیاردرا بە هاوتاكردنی مووچـەی هێزكانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە هەروەك ئەو مووچەیەی كە بەرامبەرە كانیان هەیانە لە هێزەكانی پۆلیس و ئاسایش و سەربازی عێراقی بەبێ هیچ كەموكوڕییەك.

٢–هـەرجـۆرە پـارەیـەكـی دەرماڵەی: خطورة، بروانامە یان هەر جۆرێكی تر كە شمولی هێزە عێراقیەكان دەكات دەبێت بە هەمان شێوە بدرێت بە هێزەكانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگەش لە ئێستاو داهاتوودا.

٣–لـەرۆژی دەرچـوونی ئەم بڕیارە لەرۆژنامەی رەسمیدا پێویستە حكـومـەت جێبەجێی بكات.

# پرۆژە یاسای گرنگیدان بە كەمئەندامانو خاوەن پێداویستییە تایبەتییەكان



م /١ ئـەم زاراوانـــە ئـەم مانایانە دەگەیەنێت بۆ مەبەستەكانی ئەم یاسایە :–

١ـ كەمئەندام : هەركەسێك دەگرێتەوە كە دانیشتووی هەرێمی كوردستانن یاخود مافی پەنابەریی هەبێت لە هەرێمدا كە رێژەی كەم هێنانی هەستان بەكاری (عجز)و ١٥٪ یاخود زیاتر بێت

٢ـ خـاوەن پێداویستی تایبەتی: هەركەسێك دەگرێتەوە كە دانیشتوی هەرێمی كوردستان بێت یاخود مافی پەنابەریەتی هەبێت لە هەرێمدا كە لە رووی دەرونـی و عەقڵییەوە كەسێكی ئاسایی نەبێت یاخود نەخۆشی تالاسیمای هەبێت و بەراپۆرتی لیژنەی پزیشكی تایبەتمەند سەلمێندرابێت.

٣ـ لیژنەی پزیشكی: لیژنەی پزیشكی هەمیشەییە كە لە هەموو پارێزگایەكدا هەیە.

٤ـ وەزارەت: وەزارەتـی كاروباری كۆمەڵایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستانی عێراق.

٥ـ كەسی داواكار: كەمئەندام یاخود خاوەن پێداویستی تایبەتی یاخود (قیم) لەسەری یاخود بەڕێوە بەرایەتی ئاكامەكان (قاصر بن) دەگریتەوە.

م/٢ هەر كەمئەندامێك یاخود خاوەن پێداویستی تایبەتی:

١ـ ئەوانەی مووچەیان هەیە ٢٠٠٪ مووچەكەیان زیاد دەكرێت.

٢ـ نابێت مووچەیان لە (٢٥٠٠٠٠) هەزار دینار كەمتربێت.

٣ـ ئەوانەی كارمەندی دەوڵەتن لە پاڵ مووچەی دەوڵەتدا ٥٠٪ مووچەی كـەمـئـەنـدامـیـش وەردەگـــــرن دوای ئەژماركردنی زیاد كردنەكە.

٤ـ كاركردنی كەمئەندام یاخود خاوەن پێداویستی تایبەتی لە كەرتی تایبەتدا پێویستی بە رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی ناكامەكانە (رعاية القاصرين).

٥ـ هەركەسێك بەزۆر كار بە كەمئەندام یاخود خاوەن پێداویستی تایبەتی بكات یاخود پرسی بەڕێوەبەرایەتی ناكامەكان لەوبارەیەوە وەرنەگرێت حوكم دەدرێت بە زیندانیكردن كە لە(١) ساڵ كەمتر نەبێت و لە (٣) ساڵ زیاتر نەبێت بۆ ئەم مەبەستەش (وەستانی جێبەجێكردنی حوكم– وقف التنفيذ كەسی تاوانبار ناگرێتەوە) كە لەسەر وەها تاوانێك سزابدرێت.

٦ـ ئـەوانـەی كـەتـوانـای عەقلی بەسەرخۆی یاخود مامەڵەكانیدا نەبێت پێویستە سەر پەرشتیار (قیم)ێكی بۆ دابنرێت ئەگەر نەبوو ئەوە بەڕێوە بەرایەتی (قاصرين) دەبێتە (قیم) لە سەری.

م/٣ – لە هەر پارێزگایەكدا لیژنەی پزیشكی هەڵدەستێت بە پێشكەشكردنی راپـۆرت بـە وەزارەت بـە مەبەستی سەلماندنی كەمئەندامی یاخود سەلماندنی ئەوەی كە خاوەن پێداویستی تایبەتییە كەسی داواكار بە سەلماندنی.

م /٤ أ–ئـەو خـاوەن پێداویستییە تایبەتیانەی یـاخـود كەمئەندامانەی كەناتوانن خۆیان خزمەتی خۆیان بكەن حكومەت خزمەتكارێكی بۆ دادەمەزرێنێت بە مووچەی مانگانە بەبڕی (٢٥٠) هەزار دینار بە مەبەستی خزمەتكردنی.

ب ـ بە شێوەیەكی دەوری وەزارەت یاخود بـەڕێـوە بەرایەتی (قاصرين) پێویستە لە سەری هەستێت بە پشكنینی پێویست بەشێوەیەكی مانگانە بۆ دڵنیابوون لە خزمەتكردنی كەمئەندام یاخود خاوەن پێداویستی تایبەتی لە لایەن ئەو خزمەتكارەی بۆی دەگیرێت.

م/٥ ـ لە هەموو پارێزگایەكدا حكومەت لـە ژێـر سـەر پەرشتیاری وەزارتـــدا هەڵدەستێت بە دامەزراندنی خانەیەك بۆ ئەو كەمئەندامو خاوەن پێداویستییە تایبەتیانەی كە خزمەتی خۆیان پێ ناكرێت یاخود بێ كەسن یاخود لە لایەن كەس و كاریانەوە گرنگیان پێ نادرێت لەگەڵ دابینكردنی تـەواوی پێداویستییەكانی ژیانیان.

م/٦ـ مامەڵەكانی كڕینو فرۆشتنو بەخشینی كەمئەندامو خاوەن پێداویستی تـایـبـەت پێویستی بـە رەزامـەنـدی بەڕێوەبەرایەتی (قاصرين).

م/٧ـ لە سەر حكومەت پێویستە ساڵانە لە هەر پارێزگایەك (١٠)كورسی لە كۆلێژو (١٠) كورسی لە پەیمانگاكان بۆ ئەو كەم ئەندامانە دابین بكات كەتوانای خوێندنیان هەیە و لە دامەزراندنیش دا ئەولەویەتیان پێبدرێت.

م/٨ـ كەمئەندام یـاخـود خـاوەن پێداویستی تایبەتیو خـانـەوادەكـەی (باوك، دایك، برا، خوشك، كوڕ، كچ)و قیم لەسەری پشكنینو نەشتەر گەری پزیشكی و چارەسەری پێویستی بێ بەرامبەر پێ دەدرێت لە رێگای پەراوێكی تایبەتی كە وەزارەت دەیدات بەو ناو براوانە.

م/٩ـ هەر كەمئەندامێك یاخود خاوەن پێداویستی تایبەتی پارچەیەك زەوی پێ دەدرێت لەگەڵ پێدانی (سلفەی عقار) بە مەبەستی دابینكردنی شوێنی نیشتە جێ بوون بۆی.

م/١٠ـ لەسەر وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەكانە ئەم یاسایە جێبەجێبكەن.

م/١١ـ لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی رەسمیەوە كاری پێ دەكرێت

**هۆیە پێویستییەكانی دەرچوونی ئەم یاسایە**

**لە بەر ئـەوەی پێویستە لا بكرێتەوە لەو كەسانەی كەناتوانن وەك پێویست هەستن بەئەركو فەرمانەكانیان یاخود دابینكردنی بژێویی ژیانیان یاخود خزمەتكردنی خۆیان، پێویستە گرینگی زیاتریان پێبدرێت چونكە ئەركێكی ئەخلاقییەو ئەركی حكومەتە بە تەنگ ئەو كەسانەوە بچێت.**

# پڕۆژە یاسای پێشخستنو بووژاندنەوەی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان

م١/بەمەبەستی گرینگیدان بەگوندەکان بڕیاردرا :-

١. پێویستە حکومەت لە هەموو قەزاو ناحیەکاندا بەڕێوەبەرایەتی لێدانی بیری ئیرتیوازی بکاتەوە.

٢. پێویستە حکومەت ئامێری بیرهەڵکەندنی پێویست لە جۆری درێل بە ژمارەیەکی تەواو بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە دابینبکات.

٣. لە هەر بەڕێوەبەراتییەک لیژنەیەک دروست دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە پێداویستی جوتیاران بۆ ئەو بیرانە

٤. لە هەر گوندێکدا بە ژمارەی پێویست بیری ئیرتیوازی لە جۆری ئامێری درێل لێدەدرێت بە جۆرێک زەویەکان لە کێشەی بێ ئاوی رزگار بکات و ببێتە هاندەرێک بۆ جوتیاران.

٥. لێدانی ئەو بیرانە بۆ جوتیاران بێ بەرامبەر دەبێت لە هەر جۆرە نرخێک.

٦. لیژنەی خاڵی (٣) بە هاوکاری ئەنجومەنی گوندەکان ئەم کارە دەکات.

٧. پێویستە لە ماوەی ١ ساڵدا لە دەرچونی ئەم بریارەوە پێویستی گوندەکان بۆ بیری ئیرتیوازی بۆ کاروباری کشتوکاڵی تەواو کرابێت.

م/٢ بەمەبەستی گرینگیدان بە کشتوکاڵ لە گوندەکاندا بڕیار درا:-

١. پێویستە لە سەر حکومەتی هەرێم لەقەزاو ناحیەکاندا کارگەیەکی فراوان دروست بکات بۆ دروستکردنی خانووی شوشەیی و پلاستیکی کشتوکاڵی کە لە مانگێکدا بەرهەمەکەی لە (١٠٠) خانووی شوشەیی کەمترنەبێت.

٢. ئەم خانووە شوشەییانە بەسەر ئەو جوتیارانەدا دابەش بکات کەداواکاری ئەمجۆرە خانووەن.

٣. حکومەت نیوەی مەسرەفی تێچون لە ئەستۆ دەگرێت نیوەکەی تریشی بەقەرز لە جوتیار وەردەگیرێتەوە بە پێی ڕێنمایەکانی وەزارەتی کشتوکاڵو دارایی.

م/٣ پێویستە لە ماوەی (١٨) مانگدا تەواوی داواکاری جوتیاران بۆ ئەمجۆرە خانووە جێبەجێ بکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە.

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە:-**

**هەرێمی کوردستان زەوییەکی بە پیتی کشتوکاڵی هەیە کە تاک و ئێستا وەک پێویست بەکار نەهێنراوە بۆیە پێویستە بە هەموو شێوەیەک هاوکاری جوتیارە گوندنشینەکان بکرێت بۆ پێشخستنی ئەم کەرتە گرنگەی هەرێم کەببێتە سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان بە ئاراستەی پشتبەخۆبەستن.**

# پڕۆژە یاسای گرنگیدان بە گەنجان لە هەرێمی کوردستان



م/١-گەنج هەر کەسێکی هاوڵاتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە کە تەمەنی ١٨ ساڵ بۆ ٤٠ ساڵ بێت. خێزانی پێکهێنا بێت یاخود بە پێچەوانەوە پێکی نەهێنابێت.

م/٢-لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا پێویستە:-

أ-ساڵانە ٣٠٠ خوێندکاری دەرچووی ئامادەیی بنێردرێتە دەرەوەی وڵات بۆ خوێندنی باڵالە تایبەتمەندی جۆربەجۆرەکان بەپێی نمرەکانیان.

ب-هەر پارێزگایەکو بەپێی ڕێژەی دانیشتوانەکەی ڕێژەی بەردەکەوێت لەو ٣٠٠ خوێندکارە.

م/٣-لەسەر وەزارەتی پەروەردە پێویستە :-

أ-ساڵانە ٥٠ خوێندکاری دەرچووی ئامادەیی پیشەسازیو کشتوکاڵیو بازرگانی بنێردرێتە دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن لە بوارەکانی خۆیاندا بەپێی نمرەکانیان.

ب-هەر پارێزگایەکو بەپێی ڕێژەی دانیشتوانەکەی ڕێژەی بەردەکەوێت لەو ٥٠ خوێندکارە.

ج-گرنگی بدات بە ئامادەیی پیشەسازیو کشتوکاڵی بازرگانیەکان بەشێوەیەک مەنهەجی بگۆڕێت کە گەنجو ئابووری وڵات سودمەند بێت لێی.

د-کردنەوەی بەرێوەبەرایەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری گەنجان و سیستەمی کۆمپیوتەر.

م/٤-تەواوی تێچوونەکانو ئاسانکارییەکانی بۆ مادەی ٢و٣ لەسەر هەردوو وەزارەتی دیاریکراوە.

م٥-لەسەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی پێویستە بە هاوکاری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

١-بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی دابنێت بەمەبەستی دانانی پلان بۆ بەکارخستنی گەنجانو ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە هەموو شارو قەزاو ناحیەکان بەڕێوەبەرایەتی هەبێت.

٢-قەدەغەی بکات کرێکاری بێگانە بێتە هەرێمی کوردستانەوە تەنها ئەوانە نەبێت کە بەبەڵگە بسەلمێندرێت کە تواناکانیان پێویستە بۆ هەرێمەکە .

٣-کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەبەرێوبەرایەتیو بەشی هەبێت لەگشت شارو قەزاو ناحیەکان کەکاری ئەم بەرێوبەرایەتیە گشتیە بە هاوکاری وەزارەتو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە پێویستە هاوکاریان بکەن لە دۆزینەوەی فرسەتی کار لە دەرەوەی وڵات بۆ گەنجان و ڕیگەدان بە گەنجان بۆ کارکردن بچنە دەرەوەی وڵات کە هەمووئاسانکارییەکی بێ بەرامبەر بۆ ئەو کەسانە بکات کە دەچنە دەرەوەی وڵات بۆ کار.

٤-هەر گەنجێکی بێکار مانگی ٧٥ هەزار دیناری بدرێتی تا دەچێتە سەر کار.

م/٦-هەر گەنجێک دەیەوێت خۆی بەکاری کشتیاری یاخود باخداری یاخود ئاژەڵداری بکات پێویستە لەسەر حکومەت و وەزارتە پەیوەندیدارەکان بەدەر لە هەر یاسایەکی تر .

١-بری ٥ دۆنم زەوی بۆ گرێبەست بکەن ئەگەر ماوەی٢٥ ساڵ بەردەوام بوو لەسەر کارەکەی بۆ خۆی یاخود زەویەکەی تەملیک بکرێت.

٢-سلفەی عقاری بەبێ گوێدانە ئەوەی ژیانی خێزانی پێکهێناوە و ئەو خانووەی تیایدا دەکات بە ناوی خۆیەوە تۆمار بکرێت ئەگەر بۆی تۆمار نەکرا تەواوی ئەو پارەیەی لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بۆی دەگیردرێتەوە بەنرخی ڕۆژ.

٣-سلفەی بیری ئیرتیوازی بدرێتێ بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ.

٤-بری ٣٠ ملیون دینار وەک سلفە بۆ مەشروعەکەی بدرێتی ئەگەر ئاژەڵداری یاخود باخداری یان خانوی شووشەیی بێت کە دواترلە (١٠) ملێون ببەخشرێت باقیەکەی بە (٢٠) ساڵ بداتەوە.

